## کورد حەزی لە ئینگلیزی نییە



**رووداو–هەولێر**

ژیلیا کەمال کچە گۆرانیبێژێکی تازەپێگەیشتووەو لە دانیمارک نیشتەجێیە، لە دیدارێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە سەرەتا بە گۆرانی ئینگلیزی دەستیپێکردووە و12 گۆرانی ئینگلیزی هەیە بەڵام بەنیازە لەداهاتوودا ئەلبوومێکی کوردی دەربکات چونکە وەک خۆی دەڵێ" کورد حەزی لە گۆرانی ئینگلیزی نییە".

ل17

## سەگڤان بۆ هاتە کوشتن؟



**رووداو–دهۆک**

ل نێزیک ناحیا مانگێشکێ سەر ب پارێزگەها دهوکێ تەرمێ گەنجەکێ تەمەن 32 سالی بناڤێ سەگڤان عەبدولعەزیز بەرنیاس ب ناڤێ وەحید ردێنی هاتە دیتن کو ل روژا 2008/7/22 بەرزەبوو، هەڤالەکێ نێزیکی وی بۆ (رووداو)دیارکر کو پشتی تەرمێ وی هاتیە دیتن دیاربو کو گەلەک هاتبو ئەشکەنجەدان و دەست و پێ یێن وی هاتبوونە شکاندن.

ل 14

## بە پارەی خۆمان JK مان دروستکردووە



**رووداو– هەولێر**

لە دیدارێکدا لەگەڵ (رووداو) ژیان میرانی باس لە سەنتەری JK دەکات کە خۆی وکەژاڵ دزەیی دروستیان کردووەو کورتکراوەی ناوەکانیانە،سەنتەرەکە تایبەتە بەژنان بەپێی سیستەمێکی ئەوروپایی دیزاینکراوەو 5 ملیۆن دۆلاری تێچووە. ژیان نکوڵی لەوە دەکات سەنتەرەکە بە پارەی حکومەت دروست کرابێت ودەڵێ " بە پارەی خۆمان دروستمانکردووەو زەویەکە هی من وکەژاڵە".

ل12


# رووداو Rûdaw

ژمارە (17)
دووشەممە 2008/7/28
6ی خەرمانان 2708
(750) دینار

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net


### کورد پێشنیازەکە رەت دەکاتەوە

# UN داوا دەکات پۆستە گرنگەکانی کەرکووک لە کورد بسەنرێتەوە

**رووداو– هەولێر**

لەو پێشنیازەدا کە ستێفان دیمستۆرا نێردراوی تایبەتیی ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق لەبارەی کێشەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە پێشکەشی لایەنە سیاسییەکانی کردووە، داوای دواخستنی هەڵبژاردن لە کەرکووک و دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەگرینگەکانی وەک پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا دەکات، کوردیش ئەو پێشنیازە بەتوندی رەت دەکاتەوە.

پاش ئەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەوشێوەیەی کە پەرلەمانی عێراق بڕیاری لەسەردابوو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی کۆمارەوە رەتکرایەوە، لیژنەیەک لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو رەتکردنەوەیە پێکهات و وا چاوەڕوان دەکرا لیژنەکە لە کۆبوونەوەی دوێنێ یەکشەممە بەفۆرمێکی هاوبەش بگات، بەڵام کۆبوونەوەکە بەهیچ ئەنجامێک نەگەیشت و ئەگەر لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆدا کێشەکە یەکلایی نەکرێتەوە ئەوە چاوەڕوان دەکرێت یاساکە بەهەمان ناوەڕۆکی پێشوو بخرێتەوە دەنگدان.

د.سەعدی بەرزنجی ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە دووری زانی لیژنەکە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا بە ئەنجامێک بگات و گوتی "مەگەر رێککەوتنێکی سیاسی لەئاستێکی باڵادا ئەوە یەکلابکاتەوە، چونکە بیروبۆچوونەکان زۆر لێک دوورن".

سەعدی بەرزنجی دەربارەی ئەو پێشنیازەش کە دیمستۆرا بۆ چارەسەری قەیرانەکە پێشکەشی کردووە، گوتی "دیمستۆرا شتێکی نوێی پێشکەش نەکردووە، هەندێ خاڵی پێشنیاز کردووە کە ئێمە بەهیچ شێوەیەک پێی رازی نین" لەبارەی ئەو خاڵانەشەوە گوتی "دیمستۆرا دەڵێت با پۆستەکانی پارێزگای کەرکووک دابەش بکرێن، لەوانەش پۆستی پارێزگارو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا کە ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئەوە قبووڵ ناکەین، چونکە کورد بەهەڵبژاردن ئەو پۆستانەی بەدەستهێناوە".

پێشنیازەکەی دیمستۆرا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەقی ئەو یاسایە نییە کە سێشەممەی رابردوو لە پەرلەمانەوە بەڕێکراو هاوپەیمانیی کوردستان شێوازی دەنگدانەکەی بە "کودەتایەک لەسەر دەستوور" وەسف کرد.

بەگوێرەی یاساکە، هەڵبژاردن لە کەرکووک بۆ ماوەیەک کە لەکۆتایی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ تێنەپەڕێت، دوادەخرێ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لەو ماوەیەدا بە تەوافوقی نێوان کوردو عەرەب و تورکمان دەبێت و دەسەڵاتەکان بەرێژەی 32% بۆ هەریەک لەوان و 4% بۆ مەسیحییەکان دابەش دەکرێت.

**لەبارەی کێشەی ئێستای نێوان کورد و بەغدا لەلاپەڕە (4) دیدارێک لەگەڵ وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بخوێنەوە.**

### دوو ئافرەتی چینی لەسەنتەرێکی پاراستنی ژنان لە هەولێر گیریان خواردووە...... لاپەڕە 13



مای یوفین و تیامین کە بۆ کارکردن هاتوونەتە کوردستان لە ترسی هەڕەشەی گەنجێکی کورد پەنا بۆ سەنتەری نەوا دەبەن (فۆتۆ: لەنجە عەبدوڵڵا)

# ئیحسانی مەلا عەلی هاوکاریی ئەنساری کردووە



**رووداو– سلێمانی**

بەپێی دەقی دانپێدانانەکانی عومەر بازیانی ئەندامی پێشووی شورای ئەنسارولئیسلام و یەکێک لە سەرکردەکانی رێکخراوی تەوحیدو جیهاد، ئیحسانی مەلا عەلی کوڕی رابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی وئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە یەکێک بووە لەوانەی هاوکاریی ئەنساری کردووە.

عومەر بازیانی کە پاش لێدانی بارەگاکانی ئەنسار لەناوچەی هەورامان لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە چووەتە ئێران و دواتر لە رێگەی کەلارەوە خۆی گەیاندووەتە بەغدا، بەهۆی ناکۆکییەکانی پێشتری لەگەڵ وریا هەولێری ناسراو بە ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی ئەمیری ئێستای رێکخراوی سوپای ئەنساری سوننە، یەکەمین بەرپرسی گەورەی ئەنسار بووە کە لەو رێکخراوە جیابووەتەوەو لەگەڵ ئەبو موسعەبی زەرقاویدا لە فەلوجە رێکخراوی تەوحیدو جیهادیان پێکهێناوە.

عومەربازیانی تا کاتی دەستگیرکردنی، ئەمیری شاری بەغدای تەوحیدو جیهاد بووەو لە دانپێدانانەکانی خۆیدا گەلێک زانیاری دەربارەی سەرەتاکانی دروستبوونی ئەنسارو لئیسلام، ناکۆکییەکانی ناو ئەو رێکخراوەو پاشان جیابوونەوەیان و چۆنێتی پێکهێنانی تەوحیدو جیهاد ئاشکرا دەکات.

لەبەشێکی ئەو دانپێدانانەدا ئاماژە بەوەدەکات کە ئەوکاتەی هێزەکانی ئەنسار لە هەورامان بوون و لەشەڕێکی خوێناویدا بوون لەگەڵ یەکێتی، ئیحسانی کوڕی مەلا عەلی عەبدولعەزیزی رابەری کۆچکردووی بزووتنەوەی ئیسلامی یەکێک بووە لەوانەی هاوکاریی ئەنساری کردووە. بازیانی لەبەشێکی ئەو دانپێدانانەدا لەبارەی ئیحسانەوە دەڵێت "کابرایەک بتوانێ بریندارێ ئەنسار بۆ عیلاج ببات بۆ ئێران، لەئێران خانووی سەربەخۆ بگرێت و مۆڵەتی شۆفێریی ئێرانی هەبێت و یارمەتی وەربگرێت، ئەوە مانای وایە سەر بەوانە".

**دانپێدانانەکانی عومەر بازیانی لە لاپەڕە (15)دا بخوێنەوە.**

# رەوتی سەدر لە کوردستان زەوییان پێدەدرێ

**تایبەت بەرووداو**

محەمەدی حاجی مەحمود رەخنەی لەسەرکردایەتی سیاسی کورد گرت و لەبەرامبەر ئەو ئیمتیازاتانەی بەبەرپرسە عەرەبەکانیان داوە لەکوردستان و گوتی "کورد وابیر دەکاتەوە ئەگەر دوو خانوو بداتە مەحمود مەشهەدانی لەهەولێرو خانوویەک بداتە تاریق هاشمی لەدوکان، بۆچوونیان بەرامبەر کورد دەگۆڕێ".

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالیسی دیموکراتی کوردستان لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد "لەکوردستان دەیان شوێن بۆ رەوتی سەدر دیاریکراوەو ئێستاش دەیان پارچە زەویان لەسلێمانی و هەولێرو چەمچەماڵ و کۆیە بە موڵکی پێدراوە".

هەروەها گوتیشی "بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لەکوردستاندا پێشوازیان لێکراوەو شتیان بۆ کراوە، زۆرجار کە بەفڕۆکە دەڕۆین بۆ بەغدا، ئەو بەرپرسە عەرەبانەی لەگەڵمانن لەفڕۆکە دەڵێن ماڵمان لەهەولێرو سلێمانییە، لەئێمە زیاتر شارەزای کوردستانن". سکرتێری حیزبی سۆسیالیست گوتی"ئەو ئیمتیازات پێدانە بەبەرپرسە عەرەبەکان،کار لەهەڵوێستیان ناکات بەرامبەر کورد".

**لەمبارەیەوە راپۆرتێک لە لاپەڕە (3) بخوێنەوە**

# تریلیۆنێک و 808 ملیار دیناری بودجەی ساڵی 2007 خەرجنەکراوە

**رووداو– هەولێر**

بەپێی راپۆرتێکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، لەبودجەی بەکارخستنی ساڵی 2007ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تریلیۆنێک و 808 ملیار دینار خەرج نەکراوە، بەڵام بریکاری وەزارەتی دارایی ئەو زانیارییە رەتدەکاتەوە.

محەممەد کەریم سەرۆکی مونتەدای ئابووریی کوردستان، دەربارەی ئەو ژمارەیە بە (رووداو)ی راگەیاند کە بە وەرگرتنی تێکڕای ئەدای کاری وەزارەتەکان لە خەرجکردنی نەفەقە ئەو ژمارەیەیان وەرگرتووەو گوتیشی "بودجەی تەشغیلی بۆ ساڵی 2007 کە پەسەند کراوە 5 تریلیۆن و 562 ملیارو 104 ملیۆن دینار بووە، بەڵام تەنیا 3 تریلیۆن و 753 ملیارو 284 ملیۆن دینار لەوپارەیە خەرج کراوە، واتە تریلیۆنێک و 808 ملیارو 820 ملیۆن دیناری ئەو پارەیە ماوەتەوە".

رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی زانیارییەکانی ناو ئەو راپۆرتەی رەتکردەوەو گوتی "هەموو ئەو پارەیەی لەبەغدا هاتووە خەرجکراوەو نازانم ئەو راپۆرتە چۆن کراوە".

هەرچەندە بەپێی ماددەی 17 لەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، پێویستە وەزارەتی دارایی هەر 6 مانگ جارێک راپۆرتی دارایی پێشکەشی پەرلەمان بکات، بەڵام لەدوو ساڵی رابردوودا هیچ راپۆرتێکی دارایی نەدراوەتە پەرلەمان. دلێر ئیسماعیل شاوەیس سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری لەپەرلەمانی کوردستان لەوبارەوە رایگەیاند کە تائێستا وەزارەتی دارایی هیچ راپۆرتێکی لەبارەی باری داراییەوە نەداوەتە پەرلەمان.

**لەویارەوە راپۆرتێک لەلاپەڕە (16) بخوێنەوە**

# 360 بەکالۆریۆس و دکتۆراو ماستەر لە تاقیکردنەوەی شەشی ئامادەیی دەرناچن

**رووداو–هەولێر**

لەکۆی ئەو 500 قوتابیە ئیسلامییەی پێشتر بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتریشیان هەبووەو دووبارە تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەمیان پێکرایەوە، تەنیا 140 قوتابی دەرچوون و سەرچاوەیەکیش رایگەیاند "لەو 140 قوتابیەش، 100 یان هاوکاریکراون و دەرچووێندراون".

دوای ئەوەی وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا دان بە بڕوانامەی ئەو قوتابیانەدا نەنێت کە لەقوتابخانە ئاینییەکانی سەر بە حیزبە ئیسلامییەکان دەرچوون، بڕیاردرا تاقیکردنەوەی پۆلی شەشەم بە 500 کەس لەو خاوەن بڕوانامانە بکرێتەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەتاقیکردنەوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "500 قوتابی ئەو قوتابخانانە ناوی خۆیان بۆ تاقیکردنەوە نووسی، بەڵام لەخولی یەکەمی تاقیکردنەوەکە تەنیا 140 قوتابی دەرچوون، کە 100 قوتابییان لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە لەکاتی تەماشاکردنی پەڕاوی تاقیکردنەوەکانیان هاوکاری کراون و دەرچووێندراون".

ئەو سەرچاوەیە لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "تاقیکردنەوەی خولی دووەمی ئەو قوتابیانە لە 2008/10/11 دەستپێدەکات، هەر قوتابیەک دەرنەچێت ئەو بڕوانامەیەی پێشتر بەدەستی هێنابوو ئیلغا دەکرێتەوە".

بەپێی قسەی سەرچاوەکە لەکۆی ئەو 500 قوتابییە، 40 کەسیان هەڵگری بڕوانامەی ماستەرن و 9شیان دکتۆرایان هەیە، سەرجەمیشیان دەرچووی ئەو قوتابخانانەن کە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە دامەزرێندران و بەپشتگیری ئەوان قۆناخەکانی خوێندنی باڵایان لەکۆلیژو زانکۆکانی بەغدا تەواو کردووە.



## هاوسەری کوردستان دەستگیر دەکرێ

ئیبراهیم مستەفا / ڕووداو-ڕانیە

◆ ڕۆژی 2008/7/25 ڕۆژنامەنووس کوردستان ئیبراهیم کارمەندی تەلەڤزیۆنی ڕاپەڕینی یەکێتی لەنێو ماڵەکیدا سووتاو دواتر لەنەخۆشخانەی ئیمرجنسی سلێمانی گیانی لەدەستدا، پۆلیسیش مێردەکەی دەستگیر کرد.سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئەو ژنە 100% جەستەی سووتاوەو بەر لەگیان لەدەستدانیشی بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە کە بەهۆی تەقینی سەماوەر سووتاوە، بەڵام کاتێک لیژنەیەکی پۆلیس سەردانی ماڵەکەیانی کردووە، دەبەیەک نەوت لەدیوەخانی ماڵەکەیان دۆزراوەتەوە کە تەنها 7 لیتر نەوتی تێدا ماوە".سـەرچاوەکەی پۆلیس گوتی" مێردەکەی بەپێی مادە 408 لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە".

### ڕووداو وردەکاری زیادکردنی مووچەی پۆلیس و ئاسایش بڵاودەکاتەوە

# لە 542 هەزار تا 1ملیۆن و 557 هەزار زیاد دەبێت

**ڕووداو- هەولێر**

بریکاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی کوردستان وەک بەغدای لێدێت و مووچەکانیش لەنێوان 542 هەزار دینار بۆ یەک ملیۆن و 557 هەزار دینار زیاد دەبێت".

فایەق تۆفیق، بریکاری وەزیری هەرێم بۆکاروباری ناوخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە بۆ زیادکردنی مووچەی پۆلیس و داومانە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئومێدیشمان زۆرە کە ڕەزامەندی لەسەر بدرێت".

لەبارەی وردەکاری زیادکردنەکەشەوە بریکاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ ڕایگەیاند" زیادکردنەکە لەسەر بنەمای هاوتاکردنی مووچەی پۆلیسی کوردستان و بەغدایە، پۆلیسی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق مووچەیان لە 750 هەزار دینار زیاترە، هۆکارەکەشی ئەوەیە جگە لەمووچە دەرماڵەی مەترسیش وەردەگرن کە 342 هەزارەو تائێستا لەکوردستاندا نەدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا پارەی خواردنیان هەیە، بۆیە لێرەش جگە لەپارەی خواردن دەرماڵەی مەترسی خەرج دەکرێت".

ناوبراو وردەکاری زیاتری لەبارەی بڕی زیادکردنەکە دایە (ڕووداو) و گوتی "یەکەم دامەزراندنی پۆلیس و ئاسایش مووچەی بنەڕەتی 200 هەزار دینار دەبێت و 342 هەزار دیناریش دەرماڵەی مەترسی، زیادبوونەکەش بە پلەیە، بۆ نموونە لیوا 713 هەزار دینار مووچەی بنەڕەتی و 544 هەزار دینار دەرماڵەی مەترسی وەردەگرێت، عەمید 700 هەزار دینار مووچەی بنەڕەتی و 531 هەزار دینار دەرماڵەی مەترسی وەردەگرێت".




# ژمارەی ئۆتۆمبێل بە پارە دەدرێ

**فەیسەل شێخانی**
**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەمەودوا جگە لە مراندنی ئۆتۆمبێلی کۆن، ژمارەی نوێی ئۆتومبێل بە پارەش دەدرێت.

بەپێی بڕیاری ژمارە 8093ی ڕۆژی 2008/7/23 کە واژۆی عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی بەسەرەوەیە، لەمەودوا هەردوو شێوازی هەڵوەشاندنەوەی ئۆتۆمبێل یان وەرگرتنی رسوم بۆ تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل دەگیرێتەبەر.

بڕیارەکە جۆری رسوماتەکەی دیاری کردووە بۆ پێدانی ژمارە کە بەم شێوەیەیە:

ئۆتۆمبێلی تایبەت ساڵۆن، 4 پستۆن 800 هەزار دینار.

6 پستۆن 1 ملیۆن و 500 هەزار دینار.

8 پستۆن بەسەرەوە 2 ملیۆن دینار.

ئۆتۆمبێلی تایبەت ستەیشن بەرز وەک لاندگروزەر و هاوشێوەکانی:

4 پستۆن 1 ملیۆن و 500 هەزار دینار.

6 پستۆن 2 ملیۆن و 500 هەزار دینار.

8 پستۆن بەرەو سەرەوە 3 ملیۆن دینار.

هەروەها ئۆتۆمبێلی پاس لەجۆری کرێ 14 نەفەر بەرەو خوار 1 ملیۆن دینار، لە 14 نەفەر بەرەو سەرەوە 1 ملیۆن و 500 هەزار دینار. هەروەها ئۆتۆمبێلی بارهەڵگریش پیکابی تاک کابینە 2 ملیۆن و 500 هەزار دینار، پیکابی دەبڵ کابینە 3 ملیۆن دینار، ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری جگە لەپیکابی یەک کابینەو دەبڵ کابینە 1 ملیۆن و 500 هەزار دینار. بەپێی نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو بڕیارە ئۆتۆمبێلی (تاکسی) ناگرێتەوە.

# دوو بەڕێوەبەری گشتی دەوام ناکەن و مووچەش وەردەگرن

**ڕووداو-هەولێر**

دوو بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی پیشەسازی بەبێ هیچ بڕیارێکی فەرمی ماوەی دووساڵە دەوام ناکەن و بەبێ دوامکردن مووچە وەردەگرن و بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتیش دەڵێ "تا ئێستا هیچ بڕیارێک نییە بۆ دەستبەکاربوونیان".

زرار مەولود بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پیشەسازی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئازاد توتنچی، بەڕێوەبەری گشتی پیشەسازی بووە لەپێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی پێشووی هەولێرو سلێمانی، دوای یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و پێکهێنانی کابینەی نوێ بەڕێوەبەری گشتی پیسەسازی بۆ یەکێتی بوو و شێخ ئاراس دانرا، هەروەها عەبدوڵلا ڕەسولێش، بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان بوو، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە درایە پارتی و لەشوێنی ئەو کاک عەبدولڕەزاق دانرا".

لەبارەی دەستبەکاربوونی ئەو دوو بەڕێوەبەرە، بەڕێوەبەری گشتی دیوان ڕایگەیاند"هەتا ئێستا هیچ ڕێنماییەک نییە بۆ دەستبەرکاربوونیان و زیادن لەمیلاک و پەیوەست نین بەدەوامەوەو مووچەی بەڕێوەبەری گشتیش وەردەگرن، چونکە نە فەسڵ کراون و نە خانەنشینیش، ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەڵێ لێیانگەڕێن تاوەکو بڕیارێکیان بۆ دەردەچێت".

### لە سلێمانی

# گۆڕستانێک بەسیستەمی کۆمپیوتەر ڕێکدەخرێ

**ڕووداو-سلێمانی**

شارەوانی سلێمانی لەسەر ڕێگای عەربەت -سلێمانی گۆڕستانێکی نوێ دروست دەکات، کە کارەکانی ئەم گۆڕستانە بەسیستەمی کۆمپیوتەر بەڕێوە دەچێت و پاش تەواوبوونی گۆڕستانەکەش تەواوی گۆڕستانەکانی سلێمانی دادەخرێن.

شێخ عومەر مەحوی، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گۆڕستانە تازەیە لەسەر ڕووبەری 200 دۆنم دروست دەکرێ و چەندین تایبەتمەندی لەخۆگرتووە، لەوانەش دروستکردنی شەقام و پارک و مزگەوتێکی گەورە و شوێنی شۆردن و کفنکردنی مردووەکان و دروستکردنی فەرمانگەیەکی تایبەت بۆ گۆڕستان و شوێنی فرۆشتنی گوڵ، کاروباری گۆڕستانەکەش هەمووی بەسیستەمی کۆمپیوتەر ڕێکدەخرێت".

سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "لەو گۆڕستانەدا هەموو مردوویەک یەک جۆر گۆڕی بۆ هەڵدەکەندرێ، دوای تەواوبوونی گۆڕستانە نوێیەکە هەموو گۆڕستانەکانی شاری سلێمانی دادەخرێن و ڕێگە نادرێت کەس مردوو لە گۆڕستانە کۆنەکان بنێژێ".

ئاماژەی بەوەشدا کە پرۆژەکە بڕی 15 ملیار دیناری لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییەوە بۆ تەرخانکراوە.

**لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە لاپەڕە 14 بخوێنەوە.**

لەمبارەیەوە ڕاپۆرتێک لە لاپەڕە 14 بخوێنەوە.

# ڕێگە بە 30 تووشبووی ئایدز نادرێت بێنە ناو کوردستان

**ڕووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری نیشنگەی هەولێر ڕایگەیاند لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوودا ڕێگەیان بە 30 کەس نەداوە بێنە ناوخاکی کوردستان چونکە هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز بوونە.

عەقید یادگار ئەنوەر، بەڕێوەبەری نشینگەی هەولێر لەلێدوانێکیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ساڵی 2006 تاوەکو کۆتایی مانگی 7ی 2008، 30 کەسی بیانی کە هاتوونەتە کوردستان و زانراوە هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن ڕەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کراونەتەوە".

سەبارەت بەرەگەزنامەی ئەو کەسانەی هەڵگری ڤایرۆسەکە بوونەو سەردانی کوردستانیان کردووە، عەقید یادگار گوتی "ناسنامەی ئەوکەسانە هەمە جۆرە، بەریتانی تێدایەو هەیانە عەرەبن تەنانەت کوردیشیان تێدابووەو لەهەردوو ڕەگەزی نێرو".

# سەرۆکی پارتی چەپی کورد دەستگیر دەکرێ

**تایبەت بەڕووداو**

پارتی چەپی کورد لەسوریا بۆ ئازادکردنی سەرۆکەکەی کە ماوەیەکە دەستگیرکراوەو بەرەوڕووی دادگایەکی سەربازی کراوەتەوە، داوا لەحکومەتی کوردستان دەکات فشار بخاتە سەر حکومەتی سوریا.

شەلال حەسەن گەدۆ، نوێنەری پارتی چەپی کورد لەباشووری کوردستان بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند"بۆ ئازادکردنی محەممەد موسا داوا لەحکومەتی کوردستان و سەرجەم پارتە سیاسییەکانی کوردستان دەکەین گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی سوریا".

شەلال حەسەن هۆکاری دەستگیرکردنی سەرۆکی پارتەکەی بۆ چالاکبوونی ئەو پارتە لەپاش کۆنگرەی 12 و لێدوانی سەرۆکی پارتی چەپ بۆ کەناڵە دەرەکییەکان گەڕاندەوەو گوتی" لەکۆنگرەدا هەندێک پارت هاتنە ڕیزەکانی ئێمەوەو هەروەها ئێمەش داوای یەکگرتنی لایەنە چەپە کوردیەکانی سوریامان کرد. بەم دواییەش نوێنەرایەتیمان لەئەوروپاو باشووری کوردستان کردەوە بۆیە سوریا ترسی لەدڵ نیشت".

بەپێی هەندێک سەرچاوە هۆکاری دەستگیرکردنی محەممەد موسا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لێدوانی بۆ کەناڵی ANNی ڕەفعەت ئەلئەسەدی مامی بەشار ئەسەد داوە کە لە لەندەنەوە پەخش دەکرێت.

ڕەفعەت ئەلئەسەد برای حافز ئەلئەسەدی سەرۆکی پێشووی سوریا بە یەکێک لە نەیارەکانی ڕژێمی دەسەڵاتداری سوریا دادەنرێ.

# لەسەر چوونە سەر جێی ژنێک گەنجێک لا قە دەکرێ

**ڕووداو-قەڵادزێ**

بەهۆی ئەوەی چووەتە سەر جێی ژنێک، گەنجێکی تەمەن 25 ساڵ لەلایەن سێ کەسەوە لاقە دەکرێت و ژنەکەش دەبرێتە یەکێک لەسەنتەرەکانی پاراستنی ژنان.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەپشدەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند شەوی 8-2008/7/9 گەنجێکی تەمەن 25 ساڵ بەنێوی (ب.م) چووەتە سەر جێگای ژنێک بەنێوی (ر.خ) تەمەن 23 ساڵ، دواتر مێردی ژنەکە کە پێشمەرگەیە ئاگادار دەکرێتەوەو بەسەر ڕووداوەکەدا دێتەوە، بەڵام ژنەکەی ڕا دەکات و خۆی دەگەیەنێتە دەست ئاسایش و ئەوانیش تەسلیمی پۆلیسی دەکەن، پاشان ژنەکە ڕەوانەی سەنتەرێکی ژنان دەکرێت لەسلێمانی.

# داواکاری گشتی داوای بەدواداچوون بۆ هەواڵێکی (ڕووداو) دەکات

**ڕووداو-هەولێر**

بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەهەواڵی مانشێتی ژمارەی پێشووی (ڕووداو)، داواکاری گشتی داوای زانیاری لەدەستەی سکاڵانامەی موڵکداری دەکات.

بەپێی نووسراوی ژمارە 22ی فەرمانگەی داواکاری گشتی لەڕۆژی 2008/7/21 کە دانەیەکی بۆ (ڕووداو) ڕەوانە کراوە، داواکاری گشتی داوای بەڵگەنامە لەدەستەی سکاڵانامەی موڵکداری دەکات، لەسەر ئەو هەواڵەی کە لەمانشێتی ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو) بڵاوکرابووەوە. لەنووسراوەکەدا هاتووە "داواتان لێدەکەین ئەو بەڵگەنامەو نووسراوانەی پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەیە بۆمان بنێرن، بۆ جوڵاندنی سکاڵا لەو بابەتە".

لەهەواڵەکەی (ڕووداو) دا هاتووە" 27 ملیار و 660 ملیۆن دیناری دەستەی سکاڵانامەی موڵکداری لەنێوان هەولێرو بەغدا ون دەبێت".

# 8/1 لە کوردستان خۆرگیران ڕوودەدات

**ڕووداو-سلێمانی**

سەرەتای مانگی ئابی داهاتوو لەبەشێکی جیهاندا خۆرگیران و مانگ گیران ڕوودەدەن و ئەم دیاردە سروشتییە کوردستانیش دەگرێتەوە.

دارا حەسەن، بەڕێوەبەری کەشناسی سلێمانیبە (ڕووداو)یڕاگەیاند"2008/8/1 لە کوردستاندا خۆر دەگیرێت و ئەم خۆرگیرانەش کیشوەری ئاسیاو ئەوروپاو ئەفریقا دەگرێتەوە، بەڵام تائێستا نازانین ماوەی خۆرگیرانەکە لەکوردستاندا چەند دەخایەنێت".

بەڕێوەبەری کەشناسی سلێمانی ڕاشیگەیاند" لە شەوی 15- 16/ 2008/8دا لەکوردستان مانگ گیرانیش ڕوودەدات".

# لەسەر دزینی بەنزین 5 ساڵ حوکمدران

**ڕووداو-سلێمانی**

دوای تێپەڕبوونی 5 مانگ بەسەر دەستگیرکردنیان، 6 پۆلیسی سلێمانی کە بەتۆمەتی دزینی 42 دەبە بەنزین دەستگیر کرابوون، بەبڕیاری دادگا هەریەکەیان بە 5 ساڵ زیندانیکردن حوکم دران.

شەش پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوت و گازی سلێمانی بەناوەکانی (ە ع،پ خ، س ئ، و ح، چ ع، ئ ح) کە پاسەوانی بەنزینخانەی سەرچنار بوون، ڕۆژی 2008/2/4 بەتۆمەتی دەرکردنی بەنزین لەکۆگاکانی بەنزینخانەی سەرچنار و ئاوکردنە ناو کۆگاکان لەبری بەنزین و دواتر فرۆشتنی بەنزینەکە لەدەرەوە بەشێوەی نایاسایی، لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکران.

سەرچاوەیەک لەدادگای تاوانەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 2008 /7 /16 دادگای تاوانەکانی سلێمانیی بڕیاریدا هەر 6 پۆلیسەکە بە 5 ساڵ و یەک مانگ زیندانیکردن حوکم بدرێن".

هەر لەوبارەوە عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئێستا ئەو شەش کەسە لەزیندانی معەسکەر سەلامن"، لەبارەی زۆری حکومەکەشیانەوە، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی گوتی" کە کەسێک پاسەوانی بەنزینخانە بێت، بەنزینەکە دەربهێنێت و لەبری بەنزینەکە ئاوی تێبکات، بەدڵنیاییەوە دادگا ساڵێکی حوکم نادات، هەر دەبێ 5 ساڵ بێت".



# هەڕەشەی کوشتن لەرۆژنامەنووسێک دەکرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

بەچوار ژمارەی موبایل و ژمارەیەکی نەناسراو شەوی 25لەسەر 26/ 2008/7، 10 جار هەڕەشەی کوشتن لە ڕۆژنامەنووس سۆران عومەری هاوکاری ڕۆژنامەی ڕووداو و سەنووسەری گۆڤاری ڕێگاو سایتی کوردستان نیوز دەکرێت.

لەبارەی ئەو کەسانەی هەڕەشەکانیان کردووە، سۆران عومەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" پێمواییە ئەوانەی ئەم هەڕەشانەیان کردووە کەسانێکی نەیارن بە ڕەوشی کوردستان و تەواوی ئەو ژمارە مۆبایلانەشم داوە بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان".

# بەنیازی کوشتنی براکەی سێ کەسی بریندار کرد

**ڕووداو-سلێمانی**

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجەی تازە ڕایگەیاندکە کەسێکیان بەتۆمەتی بریندارکردنی سێ کەس دەستگیرکردووە، ئەویش دوای ئەوەی بەهەڵە تەقەی لێکردوون.

نەقیب کەمال فەتاح بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجەی تازە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەسە لەگەڵ برایەکیدا لەسەر ئۆتۆمبیل کێشەیان هەبووە، لەکۆڵانێکدا دانیشتووە تا تەقە لەبراکەی بکات، لەوکاتەدا ئۆتۆمبیلێک بەکۆڵانەکەدا تێدەپەڕێت و ئەویش تەقەیان لێدەکات سێ کەس بەهەڵە بریندار دەکات". گوتیشی"لەدوای ڕووداوەکە مەفرەزەیەکی پۆلیس و ئاسایش توانییان کەسەکە دەستگیر بکەن، بریندارەکانیش ڕەوانەی نەخۆشخانە کران".

## ڕیپۆرتاژ



### تەیفوور: هەڕەشەم لە کەس نەکردووە

رووداو- نیوزماتیک

◆ جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق عارف تەیفوور رەتیکردەوە لە کاتی دەنگدانی پەرلەمانی عێراق لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەڕەشەی کوشتنی لە هیچ پەرلەمانتارێک کردبێت. محەمەد تەمیم ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی دیالۆگی نیشتمانی تەیفووری تاوانبارکرد بەوەی لەکاتی دەنگداندا وێنەی گرتووە و هەڕەشەی لێکردووە، بەڵام تەیفوور گوتی" تەنها وێنەی دەنگدانە نهێنییە نایاساییەکەم گرت و هەڕەشەشم لە کەس نەکردووە چونکە سەردەمی هەڕەشەکردن باوی نەماوە".

## لەهەولێر و سلێمانی و کۆیە و چەمچەماڵ

# رەوتی سەدر زەوی وەردەگرن



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**رووداو–هەولێر**

سەرکردایەتی سیاسی کورد پەسەند کردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەبێ رەزامەندی لایەنی کوردی بە"کودەتا" ناو دەبات و، کودەتاچییەکانیش ئەو لایەنە عەرەبییانەن کە یەکێتی و پارتی رێککەوتننامەیان لەگەڵ مۆرکردوون، هاوکات چەندین بەرپرس لەنێو ئەو لایەنە عەرەبییانە لەشارەکانی کوردستان زەوی و خانوویان پێبەخشراوە.

دوای ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق مادەی 24ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە دەنگدانێکی نهێنیدا پەسەند کرد هەردوو فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی و چەند پەرلەمانتارێک هۆڵی پەرلەمانیان جێهێشت و لەهەمانکاتیشدا سەرکرایەتی سیاسی کورد دەنگی نارەزایی هەڵبڕی.

بەپێی ئەو ماددەیە کە لە هەشت برگە پێکهاتووە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک و ئەو قەزاو ناحیانەی سەر بەپارێزگای کەرکووکن دوادەخرێت و دۆسییەی ئەمنی پارێزگاکەش لەو هێزانە دەستێندرێتەوە کەئێستا لەکەرکووکن و دەدرێتە ئەو هێزە عێراقییانەی کە لەناوەڕاست و باشووری عێراقەوە دەهێنرێن.

لەدەقی مادەکەدا ئاماژە بەپێکهێنانی لیژنەیەک دراوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەرسێ پێکهاتەی کوردو عەرەب و تورکماندا بە رێژەی 32% و رێژەی 4%یش بۆ مەسیحییەکان، ئەوەش خراوەتە روو کە لیژنەیەک بۆ دیاریکردنی ئەو پێشێلکاریانە پێکبهێنرێت کە کراونەتە سەر موڵکی گشتی وتایبەتی و شوێنی نیشتەجێبوون لەپارێزگای کەرکووکدا.

ساڵی رابردوو رێکەوتنێکی چوار قۆڵی لەنێوان یەکێتی و پارتی وئەنجومەنی باڵای ئیسلامی وحیزبی دەعوەمۆرکرا، ئەمە وێرای رێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی وحیزبی ئیسلامی، جگە لەم رێککەوتنانەش پێش چوونە ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لیستی هاوپەیمانی کوردستان رێککەوتنێکی دیکەی لەگەڵ ئەو لایەنە عەرەبیانەدا واژۆکرد بۆ دەنگدان لەسەر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام ئەوەی تێبینی کرا هیچکام لەو رێکەوتنانە نەیانتوانی ببنە بنەمای پاراستنی بەشێک لەبەرژەوەندییەکانی کورد.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان دەڵێت" ئەو رێککەوتنە سێ قۆڵی و چوارقۆڵیانەی کە یەکێتی و پارتی لەگەڵ حزب و لایەنە عێراقییەکاندا کردوویانە، رێککەوتنی حزبییەو بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان و بەرژەوەندی حزبی بووە لەبەغدا نەک بەرژەوەندی نەتەوەیی".

ئەگەرچی یەکێتی و پارتی لەماوەی رابردوودا رێکەوتنیان لەگەڵ چەند حزبێکی دیکەی عێراقیدا واژۆ کرد، بەڵام بەهۆی دروستبوونی ململانێ وگرفتی یەکێتی و پارتی لەگەڵ چەند حزبێکی عەرەبیداو گرفتی ناوخۆی ئەو حزبانەش لاوازی کەوتە رێکەوتننامەکانەوە.

محەمەدی حاجی مەحمود، دەڵێت" کۆمەڵێک لایەن لەحزبی ئیئتیلاف جیابوونەوە، لە حزبی دەعوەش سێ لایەن جیابوونەوە، رەوتی سەدرو فەزیلە جیابوونەوەیان تێکەوت، پاش جیابوونەوەی ئەو لایەنانەش کێشەی یەکێتی و پارتی لەبەغدا لەگەڵ بەشێک لەو حزبانەدا دروستبوو، لەوانە رەوتی سەدرو فەزیلە کۆمەڵێک بارەگای یەکێتی و پارتیان لەبەغداو بەسرەو کوت گرت".

دوای رووخانی رژێمی بەعس لەساڵی 2003دا، زۆربەی بەعسییەکان چوونە ناو هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان، یان حیزبی تازەیان دامەزراند. بوونی ئەو بەعسییانەش کاریگەری خۆی دروستکردووە لەسەر سەنتەری یاسادانان، کە بە پلە یەک ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقە.

سەعدی پیرە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی پێیوایە ئەو بەعسیانەی سوننی بوون زۆربەیان چوونە ناو حزبی ئیسلامی عێراقی "ئەگەر سەر ژمێرییەکی ئەو حزبە بکرێت زۆربەیان بەعسییەکانن و ئەو شیعانەش کە چەقۆکێشبوون و لەزینداندابوون ئێستا لەناو رەوتی سەدر دان، سەرمایەدارەکانیش چوونە ناو حزبی فەزیلە".

سەعدی دەڵێت"بۆیە زۆرجار ئەم حیزبانە خەون بە رژێمی بەعسەوە دەبینن، بەڵام بەبەرگێکی ئیسلامییەوە، ئەو دەنگدانەش کارێکی زۆر گێلانە بوو جارێکی دیکە هەمان زەنگی مەترسیداریان لێدایەوە کە بەردەوامیدانە بە سیاسەتی رژێمی بەعس".

حزبی ئیسلامی عێراقی کە بەشێکی زۆری پاشماوەکانی رژێمی بەعسی تێدایە، رێکەوتننامەی لەگەڵ یەکێتی و پارتیدا هەیە، ئەگەر هاتباو ئەو لایەنانەی یەکێتی و پارتی رێکەوتنی لەگەڵدا کردبوون پەیوەستبوونایە بەرێکەوتنەکەیانەوە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بەو رێگەیەی ئێستادا تێنەدەپەڕی.

سەعدی پیرە، دەڵێت"حزبی ئیسلامی عێراقی رۆڵێکی خراپی بینی لەیاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ئەو رێکەوتنانەی یەکێتی و پارتی کردوویانە لەگەڵ ئەو حزب و لایەنە عێراقیانە ئێستاش بەردەوامە، بەڵام پێداچونەوەی کارێکی پێویستەو یەکێک لەبەرنامەی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم و شاندی یاوەری ئەوەیە سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕیاریداوە پێداچوونەوە بەسیاسەتی خۆی و ئەو رێکەوتنامانەدا بکات کە کردوویەتی".

لەماوەی رابردوودا بەشێکی زۆری بەرپرسەکانی عێراق و لەسەرووی هەموویانەوە د.مەحمود مەشهەدانی و تاریق هاشمی لەکوردستاندا پێشوازییەکی گەرمیان لێکراو خانووی تایبەت و زەوی و پاسەوانیان بۆ دابین کرا، بەڵام ئەم بەدەنگەوە هاتنەی کورد بۆ بەرپرسانی عەرەب نەیتوانی کاریگەری بکاتە سەر بیرکردنەوەو هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر بەکورد.

محەمەدی حاجی مەحمود، دەڵێت" کورد نەیتوانیوە بەرامبەری خۆی بخوێنێتەوە، هەرئەوەش وای کردووە هەندێک جار تووشی هەڵەبووە، کورد وابیر دەکاتەوە ئەگەر دوو خانوو بداتە مەحمود مەشهەدانی لەهەولێرو پاسەوانی بۆدابنێت لەبەغدا بۆچوونی دەگۆڕێ،کورد وابیردەکاتەوە لەدوکان خانوویەک بداتە تاریق هاشمی لەبەغدا بۆچوونی دەگۆڕێ، لەکاتی رووخانی سەدامدا زۆر لەو بەرپرسانەی عێراق پێشمەرگە پاسەوانیان بوو، هەتا ئێستاش هەندێکیان هەر پێشمەرگە پاسەوانیانەو بەشێکیشیان ماڵەکانیان لەهەولێروسلێمانییەومنداڵەکانیان لە زانکۆکانی کوردستاندا دەخوێنن، زۆرجار کە بەفرۆکە دەڕۆین بۆ بەغدا کۆمەڵێک لەو بەرپرسە عەرەبانەی لەگەڵماندان کە گفتوگۆ دەکەین دەڵێن ماڵمان لەهەولێرو سلێمانییەو لەئێمە زیاتر شارەزای ئەو شارانەن، بەڵام ئەمانە کاریگەری لەهەڵوێستەکانیان ناکات".

سکرتێری حزبی سۆسیالست ئەوە بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات کە "لەکوردستاندا دەیان شوێن بۆ رەوتی سەدر دیاریکراوەو ئێستاش دەیان پارچە زەوی لەسلێمانی و هەولێرو چەمچەماڵ و کۆیە موڵکی رەوتی سەدرەو پێیاندراوە".

محەمەدی حاجی مەحمود، زیاتر دەدوێت و دەڵێت"بەشێکی زۆری پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لەکوردستاندا پێشوازیان لێکراوەو شتیان بۆ کراوە".

ناوبراو پێیوایە هیچ کام لەو دەستکەوتانەی بەو عەرەبانە دراوە نابێتە هۆی ئەوەی کاریگەریەکیان لەسەر دروستبکات، نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە"ساڵی پار وەزیری دادی عێراق دەستی لەپۆستەکەی هەڵگرت، بۆ ئەوەی واژۆ لەسەر ئەوە نەکات کەرکووک کوردستانە و ئەمەی بەخیانەت زانی لەنەتەوەکەی خۆی، تائێستاش هیچ لایەنێکیان وەزارەتی داد وەرناگرن نەوەک رۆژێک واژۆ بۆ کوردستانیبوونی کەرکووک بکەن".

سەبارەت بەهاوکاریکردنی بەرپرسە عەرەبەکان سەعدی پیرە، کارەکە نابەستێتەوە بەسیاسەتەوە و دەڵێت"هاوکاریکردنی ئەو لایەنە عەرەبیانە لەکوردستان مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە، رەوشی عێراق تێکچووەو هاوکاریکراون، ئەگەر لەئایندەشدا خانەوادەی مەشهدانی پێویستیان بێت ئەو خانووەی کە تێیدام بۆی چۆڵدەکەم، ئێمە شەڕە عەشیرەتمان نییە، بەدەنگی ئێمە ئەو پۆستانەیان وەرگرت، بەڵام بۆچوونم لەسەر ئەوە ناگۆڕێ کە مەشهەدانی پیاوێکی سەقەتەو بەکەڵکی پەرلەمان نایەت و نەیتوانیوە ئیدارەی ململانێیەکی بچووک بکات".

لەبارەی هۆکاری هاوکاریکردنی بەرپرسە عەرەبەکانەوە، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت" هاوکاری کراون چونکە لەدەسەڵاتدا هاوبەشی ئێمەن و رەوشی بەغدا خراپەو ناتوانێ کاری خۆی بکات و نیوەی بیریان لای خێزانەکەیان بووە، پێمانگوتن منداڵەکانتان بهێننە ئێرە و بەخەیاڵێکی ئاسوودە کاربکەن".



**کورد وابیر دەکاتەوە ئەگەر لە هەولێر دوو خانوو بداتە مەشهەدانی وخانوویەک لەدوکان بداتە هاشمی بۆچوونیان بەرامبەر کورد دەگۆڕێ**

محەمەدی حاجی مەحمود
سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان



**ئامادەم خانووەکەم بۆ مەشهەدانی چۆڵ بکەم**

سەعدی ئەحمەد پیرە
ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی

# عەرەبەکان راپۆرت لەدژی فەرمانده کوردەکانی سوپای عێراق دەدەنە بەغدا

**فەوجێکی کوردی سەر بەهێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی (ING) کە ماوەی 8 مانگە لەبەری چەپی شاری موسڵ نیشتەجێن، توانیویانە ئارامی بۆ ئەو بەشەی شاری موسڵ بگەڕێننەوە و فەرماندەی فەوجەکەش دەڵێت "خەڵکی موسڵ بەبوونی ئێمە خۆشحاڵن، بەڵام سیاسییەکان دژایەتیمان دەکەن".**

ساڵح قادر و فەیسەڵ شێخانی
رووداو – موسڵ

فەوجی 3، کە زۆربەی کوردەو سەر بەلیوای 1ی تیپی 5ی سوپای عێراقە، ماوەی 8 مانگە لە 7 گەڕەکی بەری لای چەپی موسڵ جێگیربووە و بەشدارییەکی دیاری لە دوایین ئۆپەراسیۆنی شاری موسڵدا کردووە، کە ناوی ئۆپەراسیۆنی نەڕەی شێری لێنرا.

ئەحمەد کۆیی، فەرماندەی فەوجی 3 لە دیمانەیەکدا لەگەڵ (رووداو) باس لەرەوشی ئەمنیی شاری موسڵ دەکات لەپاش ئۆپەراسیۆنەکەو باس لەو دژایەتیەش دەکات کە سیاسییەکانی موسڵ بەرامبەر بە کوردو ئەو هێزە کوردییەی سوپای عێراق پێشانی دەدەن.

### تێکەڵاوکردنی خەیارو تەماتەقەدەخە بوو

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، شاری موسڵ بووە مۆڵگەی کۆبوونەوەی چەندین رێکخراوو گرووپی توندڕەو، بەهۆی نزیکی و هاوسنووریی عێراق و سووریا دەرگا زیاتر واڵا بوو بۆ هاتنە ناوەوەی دەیان چەکداری توندڕەوی غەیرە عێراقی و چەکدارە توندڕەوەکان لەماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر شاری موسڵدا سەپاند، تەنانەت لە مانگی 11ی 2004دا توانییان دەست بەسەر سەرجەم بنکەکانی پۆلیسدا بگرن.ئێستا هەریەک لەگەڕەکەکانی سۆمەر، دومیز، یارمجە، فەلەستین، سەلام، فەیسەلیە، وەحدە، کە پێشتر زۆرینەی دانیشتووانی کورد بوون، لەژێر کۆنترۆڵ و پاسەوانی فەوجی 3 دان.

ناوچەکە بەجارێک پشێوی تێکەوتبوو، وەک ئەحمەد کۆیی گوتی "ئەو رێگایەی رۆژانە من هاتوچۆی پێدا دەکەم ناوی لێنرابوو رێگای مردن، پێنج گەڕەک بە تەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارە توندڕەوەکاندا بوون، یەک پۆلیس یان سەربازی عێراقی نەیدەوێرا بچێتە ئەو گەڕەکانە، بەڵام ئێستا ئێمە لەسەرجەم ئەو گەڕەکانە بارەگامان کردووەتەوە".

چەکدارە توندڕەوەکان لەگەڵ کۆنترۆڵی سەربازیانەی ئەو گەڕەکانە، چەندین یاسای سەیروسەمەرەشیان دەرکردبوو کە سزای سەرپێچیکارانی زۆربەی جار گوللەبارانی ئاشکرابووە لەسەرشەقام وشوێنە گشتییەکان.

لەو یاسایانە: نابێت لەچێشتخانەکان و بازاڕەکان خەیارو تەماتە تێکەڵاوی یەکتر بکرێن، لەسەرتاشخانەکان داو لێدان وبەفر فرۆشتن و جلی مۆدە بۆ پیاوان و ژنان و کڕین و فرۆشتنی خواردنەوە کهولییەکان قەدەخە کرابوو.

لەدوای ئۆپەراسیۆنی نەڕەی شێر کە پێش ماوەیەک ئەنجامدرا، تاڕادەیەک شارەکە ئارامی بەخۆیەوە بینیوە، ئەحمەد کۆیی لەو بارەیەوە گوتی "لەدوای ئۆپەراسیۆن، ئارامی و ئاسایش بۆ شارەکە گەڕاوەتەوە، بەتایبەتی لەو شوێنەی ئێمە لێی نیشتەجێین، لەدوای ئۆپەراسیۆنەکە گوێبیستی دەنگی گوللەیەکیش نەبووینە".

ناوبراو گوتیشی "خەڵک ئێستا بە ئازادی دەسووڕێنەوە و تاوەکو 12ی شەو لەدەرەوەن، حکومەت لەوێ دەستی بەپرۆژەی خزمەتگوزاری کردووەتەوە، لەو گەڕەکانەی ئێمەی لێین خەڵک ئەوەندە ئازاد بووە تەنانەت دوو دووکانی مەی خواردنەوەش کراونەتەوە".

**کۆیی دەیانگرێت و قازی ئازادیان دەکات**

یەکێک لەو گرفتە گەورانەی رووبەڕووی ئەو فەوجە دەبێتەوە، وەک ئەحمەد کۆیی باسیکرد "گرتنی تیرۆرستان وئازادکردنیانە" ناوبراو باسی لەوەکرد کە ئەوان تائێستا بەدەیان چەکداری توندڕەویان بەبەڵگەوە دەستگیرکردووە، بەڵام دادوەر ئازادی کردوون.

ئەحمەد کۆیی نموونەیەکی لەبارەی ئەو چەکدارە توندڕەوانە هێنایەوەو گوتی "تیرۆرستێکمان بە 1000 کیلۆ TNTیەوە دەستگیرکرد، بەڵام قازی ئازادی کرد، لەلای قازی گوتبووی ئەو تەقەمەنییەم بۆ شکاندنی بەرد هێناوە، لەکاتێکدا کارگەی بەرد لەموسڵ نییە". گوتیشی "چەندین جار وا رێکەوتووە تیرۆرستێکمان بۆ جاری دووەم و سێیەم دەستگیر کردووەتەوە".

بەپێی قسەی ئەحمەد کۆیی چەندین گرووپی توندڕەو لەشاری موسڵدا هەن کە کاری تێکدەرانە ئەنجامدەدەن، وەک دەوڵەتی ئیسلامی، سوپای ئیسلامی، تەوحید و جیهاد، کەتیبەکانی شۆڕشی بیست، کەتیبەکانی سەلاحەدین، گرووپی نەقشبەندی و حیزبی عەودە، جگە لەبوونی چەندین گرووپی دزی و تاڵان و پیاو کوشتن.

لەدوایین ئۆپەراسیۆنی شاری موسڵ، کە فەوجی 3 یەکێک بوو لەبەشدارانی ئۆپەراسیۆنەکە، توانیویانە 16 چەکداری توندڕەوی داواکراو دەستگیربکەن.لەبارەی بوونی چەکداری توندڕەوی کورد لەنێو ئەو گرووپانەدا، ئەحمەد کۆیی گوتی "بیستوومانە کورد لەنێو ئەو گرووپانەدا هەن، تیرۆرستمان دەستگیرکردووە، گوتوویەتی کورد لەنێو ئەو گرووپانەدا هەن"، گوتیشی "تاوەکو ئێستا 2 کوردی دانیشتووی موسڵ خۆیان بەهێزەکانی ئەمریکادا تەقاندووەتەوە".

**هاووڵاتیان وەک سیاسیەکان بیر ناکەنەوە**

سیاسییەکانی عێراق، بەتایبەتیش موسڵاوییەکان، بەردەوام دژی هێزی کوردی ناوشاری موسڵ لێدوان دەدەن، ئەوەش لەکاتێکدایە، ئەو هێزانە سەر بە سوپای عێراقن و لەژێر فەرمانی وەزارەتی بەرگریدان. ئوسامە نجێفی کە ئەندامی پەرلەمانی عێراقە و خەڵکی موسڵە، لەدیمانەیەکدا لەگەڵ (رووداو) باسی لەوەکرد کە پێشمەرگە موسڵی تاڵانکردووەو دەیەوێت دەستی بەسەردا بگرێت و بەدەیان گەنجی لەموسڵ گرتوون و ئەشکەنجەی داون.

ئەحمەد کۆیی ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە ماوەی 8 مانگە لەموسڵین، بڕۆن لەخەڵکی موسڵ بپرسن، بزانن رایان بەرامبەر ئێمە چییە، تەحەدا دەکەم یەک سەربازی کورد هەڵیکوتابێتە سەر ماڵێک یان تەعەدای لەکەسێک کردبێت". گوتیشی " ئەو قسانەی دەکرێن هەمووی پروپاگەندەی سیاسییەکان و دەزگا راگەیاندنەکانی شاری موسڵە، ئەگینا خەڵکی موسڵ زۆر خۆشحاڵن بەبوونی ئێمە، ئەوان وەکو سیاسییەکانیان بیر ناکەنەوە".

ئەو رووداوێکی بەنموونە هێنایەوەو گوتی " لەناوچەی تلکێف سەربازێکی کورد گوللەیەکی لەدەست دەرچوو دوو کەسی بریندار کرد، تەلەڤزیۆنی موسڵ و رادیۆی دارولسەلام شتەکەیان گەورەکردو گوتیان پێشمەرگە بەشێوەیەکی رەمەکی تەقەی لەخەڵک کردووە، زۆرجار تەقینەوەیەک دەکرێ سیاسییەکانی موسڵ یەکسەر دەڵێن خەتای پێشمەرگەیە".

### خەڵکی موسڵ لەپۆلیس بێزارن

پێش دامەزراندنی فەرماندەی عەمەلیاتی موسڵ، زۆربەی شاری موسڵ بەدەست پۆلیسەوە بوو، بەڵام هێزەکانی پۆلیس جگە لەوەی نەیانتوانی شارەکە کۆنترۆڵ بکەن، لەهەمانکاتیشدا کێشەی زۆریان بۆ خەڵک دروستکرد.

ئەحمەد کۆیی گوتی " ئێمە زۆر هەوڵ دەدەین متمانە بۆ پۆلیسی موسڵ بگەڕێنینەوە، بەڵام ئەوەندەیان تاوان بەرامبەر خەڵک کردووە خەڵک متمانەیان پێناکەن، خەڵکەکە هەموو کات پێماندەڵێن، هەر کاتێک ئێوە دێن بەخێربێن سەرچاوان، بەڵام با هێزەکانی پۆلیس نەیەنە ناوچەکە".

کۆیی زیاتر لەبارەی پۆلیسی موسڵ قسەی کردو گوتی "خەڵک بەردەوام باس لەتاوانەکانی پۆلیس دەکات کە چۆن هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵان و دزییان لە خەڵک کردووەو ماڵی خەڵکیان تاڵانکردووە". گوتیشی "خەڵکی وا هەبووە، هەواڵی لەسەر تیرۆرستێک داوەتە پۆلیس، بۆ بەیانی تیرۆرستەکە هاتووە کەسەکەی کوشتووە، بۆیە خەڵک هیچ متمانەی بەپۆلیس نەماوەو هاوکارییان ناکەن".

### موسڵ برسییە

سەبارەت بەژیانی رۆژانەی خەڵک، ئەحمەد کۆیی ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکی موسڵ لەرەوشێکی ئابووری خراپدان "3 مانگە خەڵک ئازووقەی وەرنەگرتووە، کار کەمە، دامەزراندن تەنیا بۆ پۆلیس هەیە، بەڵام خەڵک ناوێرێت ببێت بەپۆلیس، هەیە بڕوانامەی شەشی زانستی هەیە، لەشارەوانی کاری پاککردنەوە دەکات".

فەرماندەی فەوجی 3، ئاماژەی بەوەدا کە خەڵک داوای باشترکردنی رەوشی ئابووری دەکەن" خەڵکەکە زۆرجار پێماندەڵێن، ئێوە رەوشی ئەمنیتان بۆ باش کردین، ئەی کەی ژیانمان باشتر دەکەن"، کۆیی گوتیشی "تا ئێستا چەندین جار داوامان لەهێزەکانی ئەمریکا و حکومەتی عێراق کردووە ئاوڕ لەژیانی خەڵکی موسڵ بدەنەوە، ئێمە زۆر هاوکارییان دەکەین، نەخۆشیان هەبێ بە ئۆتۆمبێلی خۆمان دەیبەین بۆ نەخۆشخانە، بە تەنکەری خۆمان ئاویان بۆ دابین دەکەین".

ئەحمەد کۆیی پێیوابوو ئەو بێکارییەی رووی کردووەتە موسڵ هۆکارێکە بۆ زیادبوونی رێژەی چەکداری توندڕەو، گوتیشی " 90%ی ئەوانەی دەچنە ریزی چەکدارە توندەڕەکان لەبەر بێکارییە، کەسی وا هەبووە لەنێو ئەو گرووپانەدا دەستگیرکراوە، گوتوویەتی بۆ یەک کارتی مۆبایل بۆمبم لەسەر شەقامەکان چاندووە".

### کۆنە ئەفسەرەکان دەگەڕێنەوە

بەپێی قسەی فەرماندەی فەوجی سێ، ئێستا لەشاری موسڵ دژایەتییەکی زۆری کورد دەکرێ، هەموو ئامانجەکەش نەهێشتنی کوردە لەموسڵ، بەپێی قسەی ئەحمەد کۆیی، تا ئێستا بەسەتان ئەفسەری پێشووی سوپای لەناوچووی بەعس هێنراونەتە ناو سوپای تازەی عێراق.ئەحمەد کۆیی گوتی "پێش دەسپێکردنی هەڵمەتی نەڕەی شێر ژمارەیەکی زۆر کەم عەرەب لەناو سوپادا هەبوون، بۆ نموونە لەفەوجەکەی من تەنیا 10 عەرەب هەبوون، بەڵام دوای ئەو ئۆپەراسیۆنە، 200 عەرەبم بۆ رەوانە کراوە".

ناوبراو گلەیی لەوە هەبوو ئەو ئەفسەرانەی پێشتر لەناو سوپای عێراقدا بوون و ئێستا گەڕاونەتەوە ریزی سوپا هەمان ئیمتیازاتی ئەو ئەفسەرانەیان هەیە کە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق شەڕی دژە تیرۆر دەکەن و قوربانییان داوە، ئەحمەد گوتی " ئەو ئەفسەرانە لەترسی تیرۆرکردنیان متمانە بەکوڕەکانیشیان ناکەن و ناوێرن بڵێن گەڕاوینەتەوە ناو سوپا".

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە بەردەوام راپۆرت لەدژی هێزەکانی کورد لەموسڵ بۆ حکومەتی عێراق بەرز دەکرێتەوە و دەڵێن کوردەکانی موسڵ چەک و پێداویستییەکانیان دەدەنە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کۆیی گوتی "تا ئێستا بە دەیان لیژنە لە بەغداوە هاتوون بۆ کەشفی فەوجەکەمان و جەردی کەلوپەل و چەکیان کردووە، چونکە چەندین راپۆرتمان لەسەر بەرز کراوەتەوە گوایە ئێمە چەک و تەقەمەنی و ئۆتۆمبێلەکانمان دەدەینە هێزی پێشمەرگەی کوردستان".



**تیرۆرستێکمان بە 1000 کیلۆ TNTیەوە گرت، کەچی دادوەر ئازادی کرد**

ئەحمەد کۆیی
فەرماندەی فەوجی سێی سوپای عێراق

## کاروباری سیاسی



### عەلەییان داوای لەسەرکارلادانی تاڵەبانی دەکا

رووداو-بەغدا

◆ ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەرلیستی بەرەی تەوافق خەلەف عەلەییان داوای لە پەرلەمانی عێراق کرد کە جەلال تاڵەبانی لە پۆستەکەی لابدات چونکە " بەشێوەیەکی رەگەزپەرستانە ونانیشتمانیانە مامەڵەی لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کرد".لەبەرامبەر ئەو داوایەدا فریاد رواندزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی گوتی " مام جەلال سەرۆکێکی شەرعی وهەڵبژێردراوەو عەلیان ئازادە لەوەی چی دەڵێ".

### فریاد رواندزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق:

# کورد ناتوانێ بەتەنیا حکومەتی مالیکی بڕووخێنێ

■ دەربارەی کێشەی ئێستای نێوان کورد ولایەنە عێراقییەکان دوای دەرچوونی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەپەرلەمانی عێراق، رووداو ئەم هەڤدیتنەی لەگەڵ فریاد رواندزی وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کرد

رووداو-بەغدا

**رووداو: عەرەب و تورکمانەکان دەڵێن دابەشکردنی کورسییەکانی کەرکوک بەرێژەی 32% پێشنیازی مام جەلال خۆی بووە، بۆچی ئێستا کورد لێی پاشگەز بووەتەوە؟**

**رواندزی:** مام جەلال پێشنیازی ئەوەی کردووە وەزیفە ئیدارییەکانی نێو فەرمانگەکان بەگوێرەی ئەو رێژەیە دابەش بکرێت، بەڵام ئێستا عەرەب و تورکمانەکان دەیانەوێ کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاش بەورێژەیە دابەش بکرێت کە ئەمە شتێکی نایاساییەو دوورە لە دیموکراسیەت و لەگەڵ دەستووری عێراق ناکۆکە، چونکە دەستوور دەڵێت هەموو هاووڵاتیەک مافی ئەوەی هەیە دەنگ بداتە نوێنەری خۆی، بەڵام ئەگەر بەوشێوەیە بێت کە ئەوان داوای دەکەن، مانای وایە تۆ ئەو مافە لەخەڵک دەستێنیتەوە، چونکە کوردو عەرەب و تورکمانی کەرکوک یەک رێژە نین و لەوانەیە هەندێکیان بەژمارە لەوانی دیکە زیاتر یان کەمتر بن، کەواتە تۆ ئەم مافە لەسەر حسابی لایەنێک دەدەیتە لایەنێکی دیکە. ئەم جۆرە دابەشکردنەش لەهیچ پارێزگایەکی دیکەی عێراق نەکراوە تا لە کەرکووک بکرێت،

## دیمستۆرا پیاوێکی نێونەتەوەییەو کورد دەبێ حیساب بۆ قسەکانی بکاو رێزی لێبگرێ

ئەوەی کە دەڵێن گوایە مام جەلال ئەو پێشنیازەی کردووەو ئێستا کورد پەشیمان بووەتەوە، بەراستی دەیانەوێ حەقیقەتی پێشنیازەکە بشێوێنن کە ئێمە ئێستاش رازین بەو دابەشکردنەی وەزیفە ئیدارییەکان و پێمانوایە ئەوە لەقازانجی هەموو لایەکدایە. بەڵام رازی نین بەوەی کەرکووک بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن و کورد بۆ کورد دەنگ بدات و عەرەب بۆ عەرەب و تورکمان بۆ تورکمان، ئەوە لێکدابڕینی نەتەوەیی دروست دەکات، لەکاتێکدا پێشتر هەموویان بەتایبەتیش عەرەبی سوننە هاوار هاواریان بوو گوایە کوردو شیعەی ناو حکومەت خەریکی تایەفەگەرین، کەچی ئێستا خۆیان بە تایەفەگەرییەوە رانەوەستاون و دەیانەوێ لێکدابڕینی نەتەوەییش دروست بکەن.

**رووداو: دەڵێن سەرۆکایەتی کۆمار تەنیا دووجار بۆی هەیە یاساکە رەت بکاتەوەو دوایی دەچەسپێ، هەروەها دەڵێن ئەگەر بدرێتە دادگای فیدراڵیش کورد لەوێ کەمینەن و بڕیاریش بەدەنگدان دەبێت، کەواتە بڕیارەکە بەقازانجی کورد نابێت؟**

**رواندزی:** نەخێر شتەکە بەوجۆرە نییە، ئێستا سەرۆکایەتی کۆمار یاساکەی بەو شێوەیەی کە دەرچوو رەتکردەوەو ناردیەوە بۆ پەرلەمان، ئەگەر ئەمجارەش بەهەمان شێوەی جاری پێشوو بچێتەوە بێگومان دیسان رەتیدەکاتەوە، بۆ زانینتان ئەو تێبینیانەی لە لایحەکەی سەرۆک کۆماردا هاتووە هەر بەتەنیا تایبەت نییە بەمادەیەک، بەڵکو پێنج مادەی یاساکە رەتکراوەتەوە کە لەگەڵ دەستوور ناکۆکن. ئینجا ئەگەر هەمان سیناریۆ دووبارە بووەوەو دیسان رەتکرایەوە ئەوە دەگەڕێتەوە پەرلەمان، ئەوکات پێویستە سێ لەسەر پێنجی دەنگەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنێ کە ئەوەش کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵیش نییە، لەبەرئەوە لەحاڵەتی سێیەمدا کە دەنگدان دەبێت پێویستە سێ لەسەر پێنجی دەنگی 275 ئەندامەکەی پەرلەمان بهێنێ، ئەمە وەک گوتم نەختێک زەحمەتەو ئێستا هەندێ لە هاوپەیمانەکانی کوردیش بەهەڵوێستی خۆیاندا چوونەتەوەو دەرکیان بەلایەنی مەترسیداری ئەو مەسەلەیە کردووە. کەواتە لەڕووی یاسایی و دەستوورییەوە جاری یەکەم کە یاساکە لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە گەڕایەوە، ئەوا پەرلەمان بۆی هەیە تێبینییەکانی سەرۆکایەتی کۆماریان وەربگرێ یان رەتیبکاتەوە، ئەگەر رەتیکردەوە دەبێت جارێکی دیکە بیخاتەوە دەنگدان و وەک خۆی بینێرێتەوە، سەرۆکایەتی کۆمار دەتوانێ بەپێی مادەی 138ی دەستوور دیسان رەتیبکاتەوە، ئەمجارە بڕیاردان لەسەر یاساکە پێویستی بە سێ لەسەر پێنجی دەنگەکان دەبێت و ئەگەر ئەو دەنگەی هێنا، سەرۆکایەتی کۆمار مافی ئەوەی نامێنێ رەتیبکاتەوە.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە ئەوە تەنیا کوردە شۆڤینییەکان ئەو قسانە دەکەن، واتە کە دەڵێن دادگای دەستووری زۆرینەی عەرەبەو بەقازانجی کورد بڕیار نادەن ئەمە تەنیا لەمێشکی کوردە شۆڤینییەکاندا هەیە، چونکە دادگای باڵای دەستووری بەپێی دەستوور بڕیاری خۆی دەدات.

**رووداو: بەڵام ئەو دەستوورە عێراقییە تائێستا هەر پێشێلکراوەو گوێی پێنەدراوە؟**

**رواندزی:** نەخێر ئەو قسەیە راست نییە، دەوڵەتی نوێی عێراق و حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای ئەو دەستوورە دروست بوونە، بێگومان دەستوورەکە تائێستاش کێشەی زۆری لەسەرە، بەڵام دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتێکە بەپێی دەستوور بڕیار دەدات، ئەگەر دەستوور پشتگوێ خراوە ئەی ئەو حکومەتە چۆن دروست بووە، تائێستا چەندین کێشەو ململانێ لەنێوان دەسەڵاتەکاندا کە سەریهەڵداوە بەپێی ئەو دەستوورە یەکلایی کراوەتەوە.

**رووداو: پاش دەرچوونی یاساکە کۆشکی سپی رایگەیاند دەبێت هەڵبژاردنی پارێزگاکان تا کۆتایی ئەمساڵ بکرێن،ئایا پێتوانییە ئەمریکاش پشتیوانی لەو یاسایەی پەرلەمانی عێراق دەکات؟**

**رواندزی:** نەخێربەپێچەوانەوە ئەمریکییەکان تووشی شۆک بوون کە پەرلەمانی عێراق بەوشێوەیە یاساکەی تێپەڕاند.

**رووداو: هیچ بەڵگەیەک یا راگەیێندراوێک هەیە نیشانی بدات ئەمریکا بەو یاسایە رازی نەبووەو وەک دەڵێی تووشی شۆک بووە؟**

**رواندزی:** ئەگەر ئەمەریکا راگەیێندراوی هەبێت ئەوە دەبێتە دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی عێراق، ئەمریکا مافی ئەوەی نییە دژایەتی بڕیارێک یان یاسایەک بکات کە پەرلەمانی عێراق دەریدەکات، ئەمریکا ناشتوانێ بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئایا هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆی دەکرێت یان نا، بۆنموونە ئەگەر ئێمە نەگەیشتینە ئەنجامێکی هاوبەش بۆ دارشتنەوەی ئەو مادانەی مشتومڕیان لەسەرە، ئەوا هەڵبژاردن ئەسڵەن لەمانگی 12 ناکرێت و ئەمریکاش هیچی پێناکرێت لەو مەسەلەیەدا.

**رووداو: زۆرجاردەنگی ئەوە لە کوردستان بەرزدەبێتەوەو دەڵێن کاتی ئەوە هاتووە کورد لەحکومەتی مالیکی بکشێتەوە، تەنانەت پەرلەمانتارانی کوردیش لەبەغدا چەند جارێک داوای ئەوەیان کردووە، یەکێک لەوانەش مەحموود عوسمان بوو، بەڕای تۆ کاتی ئەوە نەهاتووە کورد بیر لەکشانەوە بکاتەوە؟**

**رواندزی:** ئەو حکومەتە بەتەنیا بە کورد ناڕووخێ، رەنگە ئەم قسانەی هەندێ جار لەلایەن هەندێ کەسەوە بڵاودەکرێنەوە، وەک ناوەندە سیاسییەکان ئاگایان لە مەسەلەکان نییە، ئەگەرنا کورد توانای ئەوەی نییە بەتەنیا حکومەتی مالیکی بڕووخێنێ.

**رووداو: بەڵام ئەوە داوای مەحموود عوسمانە کە لەناوەندی سیاسی نزیکەو ئەندامی پەرلەمانە؟**

**رواندزی:** مەحموود عوسمان ئەندامێکی سەربەخۆیەو رای ئەو رای فەرمیی هاوپەیمانیی کوردستان نییەو بەهیچ شێوەیەکیش قسەکانی گوزارشت لە رای هاوپەیمانیی کوردستان ناکات.

**رووداو: مەحموود عوسمان پێیوایە دەرچوونی ئەو یاسایەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەی یەکێتی و پارتی بوو ؟**

**رواندزی:** ئەوە رای تایبەتیی خۆیەتی و ناتوانم وەڵامی ئەو قسەیە بدەمەوە، ئەگەر هەڵەیەک لەو سیاسەتەدا هەیە با مەحموود عوسمان پێشانی پارتی و یەکێتی بدات، بەتایبەتی کە ئەو لە سەرکردایەتی هەردوولا زۆر نزیکە. من خۆم لەو بڕوایەدام کە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەگشتی و یەکێتی و پارتی بەتایبەتی بەهەندێک لەو رێککەوتن و پرۆتۆکۆلانەدا بچنەوەو دایبرێژنەوە نەک وازی لێبهێنن و رەتیبکەنەوە، چونکە هەندێ دەنگ هەن کە داوا دەکەن رەتیبکەینەوەو رەشیبکەینەوە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر کورد بیکات، بەڵکو پێویستە ئەو پرۆتۆکۆل و رێککەوتنانە مادەکانیان و هەروەها پرەنسیپ و بنەماکانیان جارێکی دیکە بەشێوەیەک دابرێژرێتەوە کە لە بەرژەوەندی کورددا بێت، چونکە رەنگە هەندێ لەو رێککەوتنانە لەسەر بنەمای پەیوەندی رۆمانسیی سەردەمی ئۆپۆزسیۆن دامەزرابن کە هی چەند ساڵ پێش ئێستایە، ئێستا بەرژەوەندییەکان و بارودۆخی عێراق گۆڕانی بەسەردا هاتووەو هێزو توانای لایەنەکانیش گۆڕاوە، بۆیە پێویستە ئێمە وەک هاوپەیمانیی کوردستان بە ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنانەدا بچینەوە.

**رووداو: لەم چەند رۆژەی رابردوو ئەیاد عەللاوی لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی (شەرق ئەلئەوسەت) باسی ئەوەی کرد کە خەڵک بیانەوێ یان نا ناسنامەی عێراق ناسنامەیەکی عەرەبییەو دەبێت پارێزگاری لە عروبەتی عێراق بکرێت، لەزاری عەلی سیستانیشەوە قسەیەک بڵاوکراوەتەوە کە دەڵێت پێویستە تەئکید لەسەر عروبەتی عێراق بکرێتەوە، کە ئەمە رای عەرەبی عێراق بێت ئایا کورد ئەمڕۆ خەریکی چییە؟**

**رواندزی:** مادەی 3ی دەستووری عێراق بەئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە عێراق وڵاتێکی ئەندامە لە کۆمکاری عەرەبی و پێویستە پابەندی میساقی ئەو کۆمکارە بێت، هەروەها دەڵێت بەشێکە لەجیهانی عەرەبی، دیارە دەزانین نزیکەی 75%ی دانیشتوانی عێراق عەرەبن، ئەگەر کورد بتوانێ ناسنامەی خۆی لەچوارچێوەی عێراقدا بدۆزێتەوە، عێراقیش سەر بەجیهانی عەرەبی بێت، ئەمە کێشەیەک نییە بۆ کورد، بەمەرجێک کورد بتوانێ بەشێوەیەک خۆی بگونجێنێ کە ناسنامەی خۆی و ئەو مافانەی لەدەستووردا جێگیرکراوە بپارێزێ.

**رووداو: بەڵام وەک نموونە تائێستا هیچ عەرەبێکی عێراق ئامادە نەبووە دان بەوەدا بنێت کە کەرکوک بەشێکە لە کوردستان؟**

**رواندزی:** ئەوەش مەسەلەیەکە کە دەبێت بزانین تائێستا کێشە هەیەو ململانێ هەیە، ئێمە شۆڕشمان تێکچووە لەسەر کەرکوک، ئێستاش ئەوە مەسەلەیەک نییە وا بەئاسانی جێبەجێ چارەسەر ببێ، کەرکووکیش شارێکە کوردو عەرەب و تورکمان و مەسیحی تێدایە، ئەگەر کورد وا بیربکاتەوە کە کەرکوک تەنیا شاری کوردانە ئەوە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە. کورد دەبێت رێز لە پێکهاتەکانی کەرکوک بگرێ و سیاسەتی خۆیشی لەکەرکوک بگۆڕێ، چونکە ئەم سیاسەتەی ئێستا دەبێتە هۆی ئەوەی دوژمنایەتی کورد لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان قووڵتر بکاتەوەو مەسەلەی کەرکووکیش بەرەو هەڵدێر ببات.

**رووداو: کاتی دەرچوونی یاساکە تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆمار لەتورکیا بوو، دەگوترێ دەرچوونی یاساکە لەژێر کاریگەری و فشاری تورکیادا بووە کە دژی گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هاشمیش بۆ ئەو مەبەستە چووەتە تورکیا بەتایبەتیش کە حیزبی ئیسلامی پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ تورکیا هەیە ؟**

**رواندزی:** پێموایە ئەو قسانە هیچ ئەسڵ و ئەساسێکیان نییە.

**رووداو: پێشتر ئاماژەتان بەوە کردبوو کە ستیفان دیمستۆرا نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق پێشنیازێکی نوێی هەیە لەبارەی کەرکووک، ئایا ئەو پێشنیازە چییەو پێتوایە دیمستۆرا کە پێشتر پێشنیازێکی باشی بەقازانجی کورد پێشکەش نەکردووە، ئەم پێشنیازە نوێیەی بەقازانجی کورد بێت؟**

**رواندزی:** دیمستۆرا لەقازانجی هەموو گەلانی عێراق پێشنیازی خۆی پێشکەش کردووەو دەبێت کورد یارمەتی ئەو نوێنەرەی نەتەوەیەکگرتووەکان بدات بۆئەوەی لە ئەرکەکەی سەرکەوتوو بێت و هەوڵ بدات وەک پیاوێکی نێونەتەوەیی رێزی لێبگرێ و حساب بۆ قسەکانی بکات، چونکە ئەو پشت ئەستوورە بەبڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەو بڕیارە دەسەڵاتی داوەتێ بۆئەوەی بەپێشنیازەکانی بتوانێ یارمەتیی عێراقییەکان بدات. پێموایە ئەو پێشنیازەی دیمستۆرا کردوویەتی زۆر زۆر لە پێشنیازەکەی کورد نزیکە، بەڵام هەندێ خاڵیشی هەیە کە پێویستی بەوە هەیە تەماشا بکرێتەوەو لەگەڵ دیمستۆراو لایەنەکانی دیکە گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.




## قسەکانی مەحمود عوسمان بەهیچ شێوەیەک گوزارشت لە سیاسەتی هاوپەیمانیی کوردستان ناکەن

# کورد و رێکخراوا لێبوردنا ناڤنەتەوی ژ مالکی باوەڕناکەن

رووداو- ئەڵمانیا

رۆژا سێشەمبی یا دەربازبووی نووری مالکی یێ سەرۆک وەزیرێن ئێراقێ جڤینەک دگەل راوێژکارا ئەڵمانی ئەنگێلا مێرکل سازکر و تێدا داکۆکی ل سەر باشبوونا رەوشا تەناهییا ئێراقێ کر و بانگی کۆمپانی و کارگەهێن ئەڵمانی کر کو بهێن ل ئێراقێ وەبەرهێنانی بکەن، دهەمان دەمدا سەرۆک وەزیری داخواز ژ ئێراقیێن ل ئەڵمانیا دژین کر کو ڤەگەرنەڤە وەلاتی و بەشداریێ د پرۆسەیا ئاڤەدانکرنێ دا بکەن، لێ رێکخراوا لێبۆردنا ناڤنەتەوی ب شێوەیەکێ بەرەڤاژی و ب گومان ل ڤێ مەسەلەیێ دنەریت، هەروەسا رەخنە ل وەزیرێن ناڤخوەیبیا یەکێتیا ئەورۆپی گرت، ژ بەرکو د کۆمبوونا خوە یا رۆژا پێنجشەمبییا دەربازبوویی دا، بریارا وەرگرتنا پەنابەرێن ئێراقی یێن کریستیان بۆ ماوەیێ دوو هەیڤان گیرووکرن.

دیارە پەنابەرێن کوردێن ئێراقی ژی باوەر ژ مالکی ناکەن و ژ ئاخفتنێن وی تۆرەبووینە، تەیب مەحموود گەنجەکێ کوردێ بیست و هەشت سالییەو ئەڤە نێزیکی شەش سالانە ل ئەڵمانیا دژیت و مافێ مانەوێ ژی وەرنەگرتییە، ئەو نەفرەتا ل مالکی و هاتنا وی دکەت;هەڵبەت مالکی ب مالباتڤەدخۆشیادا دژین و هیچ تشتەک ژ وان کێم نینە. دکۆچک و سەرایادا دژین، کارەب و ئاڤ ژێ ناهێن بڕین و گەشت و گۆزار ژی دبەردەوامن، لەوما وی بەحسا ئارامیێ کر لێ دراستیدا هیچ ئارامی ل ئێراقێ نینە، چونکی ئەگەر هەبا مالکی ب خوە پێویستی ب بەتەلیۆنەکا زێرەڤانان نەدبوو بۆ هاتن و چوونێن وی، هەر ژ بەر ڤێ چەندێ ژی ئەز باوەرناکەم دەسهەلاتدارێن ئەڵمان باوەریێ ب سۆز و ئاخفتنێن مالکی بینن و هەولا زڤراندنا پەنابەران بدەن".

هندەک پەنابەر ژی یێن هەین ب چاڤەکێ دی و ب ترس ل هاتنا مالکی دنەرن، ئیدریسێ بیست و پێنج سالی کو چەند سالە بێ ئیقامە ل ئەڵمانیا دژیت، یەکە ژ وان کەسان مخابن هندەک بەرپرسێن ئێراقی دهێن و دبنە ئەگەرێ دلتەنگیێ، ژ وان بەرپرسان را نەخەمە کو ب درەوەکێ کەسەکی یان کۆمەلەکا خەلکی ژ مافێ مانەوە و روونشتنێ بێبار بکەن و نزانن کو مرۆڤێ مانەوە ل ڤان وەلاتان نەبیت، هیچ ئیعتیبار و مافەک ژی نینە و ل گەلەک هەلکەفتان ژی وەک مرۆڤ ناهێتە هەژمارتن، چونکی دچەند کیلۆمیتران دا دهێتە زیندانیکرن، مافێ کارکرنێ نینە، نەشێت تەلەفۆنەکا ب پێنج یورۆیان ژی ل سەر ناڤێ خوە تۆماربکەت، نکاریت ل قوتابخانەیەکێ بەردەوامیێ ب خواندنا خوە بدەت یان هەتا کۆرسەکێ فێربوونا زمانی بچیتێ".

هندەک کەس ژی دوێ باوەریێ دانە کو ئەڤە مەسەلەکا سیاسییە و مالکی دخوازیت گڤاشتنێ بێخیتە سەر حکومەتا هەرێما کوردستانێ، چونکی دەما ئەو داخوازێ ژ حکومەتا ئەڵمانیا فیدرال بکەت کو پەنابەرێن ئێراقی ڤەگەرینیتەڤە، ئەڵمانیا دێ یەکەم جار وان پەنابەران ڤەگەرینیت یێن کو مافێ مانەوێ وەرنەگرتی کو زۆربەیا هەر زۆرا وان ژی کوردن، ئانکو دێ بنە ئاریشە بۆ حکومەتا نێچیرڤان بارزانی نەک حکومەتا مالکی، بەرکێل بەرواری پیاوەکێ سیە و چوار سالییە و پێنج سالن ل ئەڵمانیا دژیت و ب ئومێدە دڤان نێزیکاندا مافێ مانەوێ وەربگریت، ئەو ددەربارەی هاتنا مالکی یا ژ بۆ ئەڵمانیا دبێژیت؛ دڤێت حکومەتا کوردستانێ هشیاری ڤێ یاریێ بیت و خوە تووشی گرفتان نەکەت دگەل پەنابەران، ژ بەر کو ئەو پەنابەرێ کو مالکی دخوازیت بزڤرینیتەڤە هەمی کوردن و دێ بنە بارگرانی بۆ حکومەتا کوردستانێ، چونکی ئەو کەسێن چەند سالان ل ئەورۆپا و ب تایبەت ل وەلاتەکێ وەکی ئەڵمانیا ژیابیت و فێری سیستەم و ژیانا ڤان وەلاتان ببیت، باوەرناکەم بشێت بێ ئاریشە ل کوردستانا نۆکە بژیت".

تێ زانین کو مالکی ب سەرۆکاتییا شاندەکا مەزنا حکومەتا خوە، رۆژێن بیست و دوو و بیست و سێی ڤێ مەهێ سەرەدانا وەلاتێ ئەڵمانیا کربوو و شیا باوەریێ بۆ هندەک کۆمپانییێن مەزنێن ئەڵمانی چێکەت کو رەوشا ئێراقێ ئارام بوویە و رازی کرن کو کارێ وەبەرهێنانێ ل ئێراقێ بکەن.



مالیکی و ئەنجێلا مێرکل لە کاتی سەردانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ئەڵمانیا (فۆتۆ: AFP)



PKK مامەڵەی باشبوو لەگەڵمان

ڕووداو-ئەڵمانیا

◆ لەدیدارێکدا لەگەڵ گۆڤاری (شتێرن )ی ئەڵمانی، شاخەوانی ئەڵمان هێلمۆت هاینزلمییر کە هەفتەی ڕابردوو لەلایەن PKKەوە ئازدکرا باسی لەوەکرد کە PKK مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ کردوون و هەر لە سەرەتاوە دەیانزانی ئازاد دەکرێن و هیچ کارێکی خراپیان بەرامبەر ناکرێت. هاینزلمییر ئاماژەی بەوەشدا کە لەکاتی گواستنەوەیاندا بۆ شوێنێک لەلایەن پەکەکەوە، تووشی شەڕێکی ڕاستەوخۆبوون لەگەڵ سوپای تورکیا.



## ئەحمەد تورک دوای هەڵبژاردنەوەی بەهاوسەرۆکی DTP:

# ئەو دەنگانەی ئەردۆغان لەناوچەکوردییەکان بەدەستی هێنان لێی وەردەگرینەوە

**ڕووداو- DIHA**

هاوسەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک کە لە کۆنگرەی دووهەمدا جارێکیتر بەهاوسەرۆک هەڵبژێردرایەوە ڕایگەیاند کە لەکۆنگرەکەیاندا بڕیاری گرنگ لەبارەی پرسی کورد لە باکووری کوردستان دراون.

تورک ئاماژەی بەو دەنگۆیانە کرد کە دەڵێن لەناو DTP دا پارچەبوونێک هەیە و ڕایگەیاند کە ئەو جۆرە قسانە ڕاست نین ولەنەناسینی DTP وە دەکرێن. تورک راشیگەیاند کە پارتەکەی ئەوان خاوەن پەیامێکی تایبەتییە و گوتی هەموو ئەو کەسانەی ئەندامن لەناو ئەو پارتەدا بۆ پێشخستنی ئەو بیروباوەڕو پەیامە کار دەکەن. تورک هەروەها سەرنجی دایەسەر پێکدادانەکانی ئەم دواییانەی نێوان PKKو سوپای تورکیا وئاماژەی بەوەدا کە بەر لەئێستا ئەوان داوای وەستاندنی ئەو شەڕو پێکدادانەیان کردووە" دەبێ هەردوولا بۆ چارەسەری ئاشتیانە هەوڵبدەن. چونکە یەک لایەنانە چارەسەری پێکنایەت. بۆیە ئێمە جارێکی دی داوای ئاگربەستێکی یەکلایەنە کە هیچ ئەنجامێکی نەبێت ناکەین".

پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک DTP لە2008/7/20 دووەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆی بەست،لەبارەی ئەو دۆزەی بۆ داخستنی پارتەکە کراوەتەوە بڕیارە لە 16ی ئەیلولدا لە دادگای دەستووری تورکیا پارێزنامەی زارەکی خۆی پێشکەش دەکات .

ئەوەی کۆنگرەیەکی گەرموگوڕببەستین" کۆنگرەی ئەمجارەمان لەجاری پێشوو زۆر بەدیسپلینتر بوو. کۆنگرەکەمان یەکدەنگی و یەکرێزییەکی بەهێزی پێوە دیار بوو".

هاوسەرۆکی DTP ئاماژەی بەوەدا کە بەر لە بەستنی کۆنگرە کۆنفرانسێکیان لە ئامەد گرێداوەو ئەندامەکانیان لەو کۆنفرانسەدا داواکارییەکانی خەڵکیان تاوتوو کردووە،" ئەو داخوازیانە هەم لەسەر کۆنگرەی ئێمە کاریگەریان دانا و هەمیش لەمڕۆ بەدواوەلەخەباتماندارەنگدەداتەوە".

کاتێک DTP لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادا بەبەدەستهێنانی21 کورسی چووە نێو پەرلەمانی تورکیا نورەدین دەمیرتاش لە کۆنگرەیەکی نائاساییدا وەک سەرۆکی نوێی ئەو پارتە هەڵبژێردرا و ئەحمەد تورکیش بووە سەرۆکی فراکسیۆنی DTP لە پەرلەمانی تورکیا، بەڵام پاش ماوەیەک دادگای تورکیا بەبیانووی ئەوەی دەمیرتاش سەربازی نەکردووە و ڕاپۆرتی پزیشکی ساختەی دروستکردووە لەکاتی گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دەرەوەدا لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیر کرا و ڕەوانەی سەربازی کرا.

پاشان DTP بڕیاریدا کە ئەمینە ئاینا وەک سەرۆکی کاتی ئەو پارتە هەڵبژرێت و هاوکات بەهۆی بەندێکی پێڕەوی ناوخۆی ئەو پارتەوە بڕیاردرا کە سەرۆکایەتی فراکسیۆنیش لەئەستۆ بگرێت، بۆیە

### جارێکی تر بانگەوازی ئاگربڕی بێ ئەنجام ناکەین

لەکاتێکدا پرسی ئەرگەنەکۆن و قەیرانی سیاسی و داخستنی پارتە سیاسیەکان بوونەتە ڕۆژەڤی سەرەکی تورکیا، DTP کۆنگرەی دووهەمی خۆی بەست، ئەحمەد تورک لەبارەی کۆنگرەی ئەمجارە بە ڕێکخراوتر هەڵدەسەنگێنێ و دەستی پێکرد و وەک تورک گوتی گەرمی گەل وئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ گەرمای ئەم مانگەدا بوونە یەک و بووە هۆی

ئەحمەد تورک وازی لە سەرۆکایەتی فراکسیۆن هێناو ئەینا بووە سەرۆکی کاتی فراکسیۆن و ئەوەش گەلێک هەڵسەنگاندنی جۆراوجۆری لێکەوتووەو گوترا کەDTP پارچە بووەو ئەو پارچەبوونەش لە کۆنگرەکەیدا دەردەکەوێت. تورک لەوبارەیەوە گوتی" هەندێک لایەن لەوبڕوایەدا بوونە کە ئێمە پارچە دەبین و جیا دەبینەوە، بەڵام لەناو DTP دا

### 8 لەیلا زانا لە پەرلەمانی تورکیادان

شانسی پارچەبوونێکی بەوشێوەیە نییە. دەمانەوێت کێشەکانمان بەشێوەیەکی دیموکراتیک چارەسەر بکرێن، ئێمە پارتێکی دیموکراتین و گفتوگۆ دیموکراتیەکانیش شتێکی پێویستە، بەڵام دەوروبەر کە کولتوری دیموکراسییان نییە ئەو گەنگەشانەی ئێمە جیاواز نیشاندەدەن".

هاوسەرۆکی DTP سەبارەت بەدۆزی داخستنی پارتەکەیان لەلایەن دادگای باڵای دەستوری تورکیاوە ئاماژەی بەوەدا کە ئاڵۆزییەکی گەورە هەیە و زەحمەتە بزانرێت لەم هەلومەرجەدا بڕیارێکی چۆن دەدرێت و دووپاتیشکردەوە" DTP هەڵگری بەها دیموکراتیکەکانەو ئۆپۆزیسیۆنێکی دیموکراتەو داوای دەستپێکردنی قۆناخێکی بێچەک و پێکدادان دەکات".

تورک سەبارەت بە چارەسەر نەکردنی پرسی کورد ڕەخنەی لە پەرلەمان و حکوومەتی تورکیا گرت و ڕایگەیاند ئەوانەی کە بەرپرسیارن تا ئێستا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەگرتووەو هیچ پرۆژەیەکیان نەهێناوەتە گۆڕێ" پێویستە پەرلەمان و پارتە سیاسی و کەسایەتیە سیاسی و پەرلەمان ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان لەبەرچاو بگرێت و بۆ چارەسەری کێشەی کورد فورمولێکی سیاسی بدۆزێتەوە، دەبێ ئێتر لەتورکیا ئیرادەیەکی سیاسی قسە بکات. بە ڕادەست کردنی پرسی کورد بە سوپا کێشەکە چارەسەر نابێت".

ئەگەر دادگای باڵای دەستوری تورکیا بڕیاری داخستنیDTP بدات، ژمارەی ئەو پارتە کوردیانەی کە بەشێوەیەکی یاسایی لەتورکیا کاریان کردووەو دواتر بەبیانووی جۆراوجۆر داخراون دەگاتە4. لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورک باس کارو چالاکی یاسایی دەکەن داخستنی پارتە کوردییەکان خزمەت بەچارەسەرنەکردنی پرسی کورد ناکات.

تورک لەوبارەیەوە گوتی کە کورد بە زمانی خۆی قسە دەکات ودەوڵەتیش ئەوە بەتاوان دادەنێت و ئەوەش بڕینی ڕێگا دیموکراتیەکانەوهیچ خزمەتێک بەچارەسەری ناکات "کاتی خۆیDEP داخرا18 پەرلەمانتاریان هەبوو، بەڵام کورد هەر بەردەوام بوو، ئەو کات لەیلا زانایەک هەبوو، ئێستا8 لەیلا زانا هەیە".

هاوسەرۆکیDTP هەروەها باس لەوە دەکات کە ئەگەر ڕاستیەکانی ئەرگەنەکۆن ئاشکرا نەکرێت تورکیا بەرەورووی قەیرانێکی مەزن دەبێتەوە، بۆیە داوا لەحکوومەتی AKP دەکات کە ئەو دەرفەتە باش بەکاربێنێت.

بڕیارە ساڵی2009هەڵبژاردنی شارەوانیەکان لە تورکیا بکرێت ولەباکووری کوردستانیش ململانێیەکی بەهێز لەنێوان AKP و DTPدا هەیە و AKP لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی ڕابردوو توانی 75 کورسی لەناوچە کوردییەکاندا بەدەست بخات و ببێتە پارتی یەکەمی باکووری کوردستان و ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ململانێیەکی گەورە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی خەڵکی هەرێمە هەبێت. هاوسەرۆکی DTP لەوبارەیەوە گوتی" لەهەڵبژاردنی پێشوودا خەڵکی بەباشی AKPیان نەدەناسی بۆیە هەندێک هیوایان پێبوو و دەنگیان پێدا بەڵام ئێتر خەڵکی دەزانن کەAKP خزمەتی ئەوان ناکات". تورک دووپاتیکردەوە کە ئەوان وەک بەدەستهێنانی ناوچە، شار یان شارۆچکەیەک

ناڕوانن هەڵبژاردنەکان " هەڵبژاردنە شارەوانییەکان بۆ ئێمە ریفراندۆمێکەو دەبێ ئەو دەنگانەیAKP لەهەرێمە کوردییەکان بەدەستی هێناوە لێی وەربگرینەوە".

# قەرەیلان حیزبی دیموکرات تووڕە دەکات



### حیزبی دیموکرات 60 ساڵە خەبات دەکەن و ئێستا لەکۆیە دانیشتوون، بۆیە نابێ ڕێگا لەو کەسانە بگرن کە لەچیاکانی شاهۆ خەبات دەکەن

موراد قەرەیلان
ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی PKK



### هەڵوێستەکانی PKK لەبارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی کورد دا نیین

محەمەد نەزیف قادری
ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

**عەبدولڕەحمان عەلی**
**ڕووداو – هەولێر**

موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان لەئێوارەی ڕۆژی27ی پووشپەڕدا لەوتووێژێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی نەورۆز کە نزیک لە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (PJAK)ە بەتوندی ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گرت و ڕایگەیاند کە ئەوان 60 ساڵە خەبات دەکەن و ئێستا لەکۆیە دانیشتوون، بۆیە نابێ ڕێگا لەو کەسانە بگرن کە لەچیاکانی شاهۆ خەبات دەکەن و شەهید دەبن. قەرەیلان هەروەها حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەوە تۆمەتبار کرد کە لە کۆیە دانیشتوون و خەریکی ژیانی ئاساییین. لەبەرامبەردا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بەبڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک وڵامی وتووێژەکەی موراد قەرەیلانی دایەوەو ڕایگەیاند کە پارتی کرێکارانی کوردستانPKK بەهەر دەستێکەوتێکی کورد کە لەدەرەوەی هەژموون و ڕێبەری خۆیدا نەبێت تووڕەو پەشێو دەبێت و PKKی لەوە ئاگادار کردووە کە" دەبێ ئەو حزبە بزانێ کاتی قامک ڕاوەشاندن و چاومۆڕکردنەوە لەم وئەو تێپەڕیوە، بەتایبەت لەحزبی

خۆشەویستی گەلی کورد حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران".

لەدەستپێکی بەیاننامەکەدا هەڵوەستە لەسەر شێوەو کاتی وتووێژەکە کراوەو گوتراوە" ئەو گومانەی لەبنەڕەتدا پێکدێنا کە نەکا"PKK"ش وەک کۆماری ئیسلامی ئێران لەو حەرەکەتە یەکگرتووانەی خەڵک تووڕەو ناڕازی بێت و لەوپەیوەندییەدا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاوتەریب بێت".

هەروەها لەدرێژەی بەیاننامەکەدا ئەوە بەبیر هێنراوەتەوە کەPKK پێشتر لەدژی یەکگرتوویی خەڵکی کوردستانی ئێران لەراپەڕینەکەی3ی ڕەشەمەی1377دا هەڵوێستێکی وەهای نیشاندابوو.

محەمەد نەزیف قادری ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هەرکاتێک خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەڕۆژهەڵاتدا بەگوڕتر بووبێت کۆماری ئیسلامی و دەوروبەرەکانی هەوڵی کەمڕەنگکردنەوەو چەواشەکردنیان داوە، نەزیف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" لەسەر بانگەوازی حزبی ئێمە لەپێناو یادکردنەوەی ڕۆژی22ی پوشپەڕ ساڵوەگەڕی تیرۆرکردنی

دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو هاوڕێیانی لەڤیەننای پایتەختی ئۆستریا لەلایەن دیپلۆمات- تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی کوردستانی ئێران بەگشتی و بەشێوەیەکی بێ وێنە لەسەرانسەری ڕۆژهەڵات و بەتایبەتیش لە

شارەکانی ناوچەی موکریان تەواوی بازاڕ و دوکانەکانیان داخستن و هاوکات لەگەڵ ئەو جووڵانەوەدا کاک موراد قەرەیلان لەتەلەڤزیۆنی نەورۆز دەرکەوت و ئەو قسانەی کرد کە جێگای داخە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی



چەند چەکدارێکی PJAK

(حدکا) سەبارەت بەناوهێنانی پژاک بەلق و پۆپی PKK گوتی" پژاک لەچوارچێوەی هێزەکانیPKKدایەو بەشێکە لەهێزیPKK و ئێمەش لەگەڵ PKK پەیوەندیمان هەیەو PKKوەک پارتێکی کوردستانی دەناسین، بەڵام پژاک بە بەشێک لەڕێکخستنی PKKدەزانین".

لەبەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هیچ کاتێک لەتۆمەت و پاڵدانی هەندێک جووڵانەوەی PKK و لق و پۆپەکانیدا هەنگاوی هەڵنەگرتووەو هەوڵی هەڵوەشانەوەی پیلانی دوژمنانی لەدژی کورد داوە، بەڵام ئەگەر درێژە بەم هەڵسوکەوتانەی خۆی بدات ناچار دەبێت بەپێچەوانەی ویستی خۆی خەڵکی ئاگاداربکاتەوەو وڵامیPKK و لق و پۆپەکانی بداتەوە.

قادری ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان هەمیشە بەرژەوەندی کوردیان لەسەرەوەی هەموو سیاسەتەکانیانەوە داناوە" بەڵام ئەو سیاسەتانەی ڕێبەرانی PKK بەنیسبەت کەمڕەنگردنەوەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆیان لەپێشیانگرتووە ناچارمان دەکات وڵامی

بدەینەوەو بەڕای ئێمە ئەو هەڵوێستە لەخزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا نییە".

سەبارەت بەشێوازی بەرسڤدانەوەی حزبی دیموکراتیش محەمەد نەزیف قادری گوتی" شێوازی وڵامدانەوە بۆ هەڵوێستی داهاتووی PKK دەگەڕێتەوە، ئەگەر PKK و لق و پۆپەکانی سیاسەتی دژایەتیکردن و هەڵوێستی نادۆستانە بەنیسبەت هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران و بەتایبەت حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەگۆڕێت، شتێکی سروشتییە وڵامیان دەدرێتەوە".

قەرەیلان لەبەشێکی قسەکانیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی نەورۆزتیڤی نزیک لە پژاک حزبی دیموکراتی کوردستانی بەوە تۆمەتبارکردبوو کە زانیارییان بەهەندێ لایەنی هەرێمی و هەندێک وڵاتان داوە کە گوایە پژاک کۆماری ئیسلامی ئێران دروستی کردووە، ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە هەڵسوکەوتی خودی لایەنە سیاسییەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵک چۆن لەبارەیانەوە حوکم بدەن گوتی" شتی وەها نییەو ئەو کارە لە سیاسەت و پرەنسیپەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەدوورە".

## تاراوگە



### چاچانییەکان پەلاماری کورد دەدەن

رووداو-نەرویج

◆ پۆلیسی نەرویجی رایگەیاند کە پێنج کەسی چاچانی پەلاماری کامپێکی پەنابەرانی نزیک ئۆسلۆی پایتەختیانداو بووە هۆی بریندارbوونی پترلە 20 پەنابەری کورد وهێندێکیان رەوانەی نەخۆشخانەکان کران بەڵام برینەکانیان سەخت نییە.

مۆرتن لینگ بەرێوەبەری کامپەکە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند پۆلیسی نەرویجی 5 چاچانیان دەستگیرکردووە کەگومان دەکرێت ئەنجامدەری پەلامارەکە بن.هۆکاری شەرەکە بە هۆی کێشەی نێوان کورێکی کوردو ژنێکی چاچانی بووە.

### هاوڕێ باخەوان تاکە کوردی ئەندامی دادگەی نێودەوڵەتی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی یوگسلاڤیای پێشوو:

# جوگرافیاو بەرژەوەندییەکان جیاوازیان خستە نێو جینۆسایدی بۆسنیا و کوردستان

**دادگەی نێودەوڵەتی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی جەنگی یوگسلاڤیای پێشوو، لەمەفتەی رابردوودا بەهۆی گیرانی رادۆڤان کارادیچ، سەرکردەی سربەکانی بۆسنیا، نێوی ئەو دادگەیەی هێنایە نێو هەواڵە پێشینەکانی جیهان. هەفتەیەکە دەزگاکانی راگەیاندن شەو ورۆژ لەبەردەم زیندانی ئەو دادگایە لە دەنهاخ چاوەڕێی هێنانی ئەو تۆمەتبارەن لە سربیاوە بۆ هۆڵەندا.**

**ئەو دادگەیە لەساڵی 1993 بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دامەزراوە. ساڵی 1993-1995 قۆناخی دانانی و ئامادەکردنی دادگاکە بوو، بەڵام بەکردەوە لە 1995 دەستی بەکار کردووە. لەکۆی 1200 کارمەندی ئەو دادگەیە یەک کورد هەیە، کە ئەویش (هاوڕێ باخەوان)ە، (رووداو) لە دەنهاخ ئەو هەڤپەیڤینەی لەگەڵ باخەوان سازکرد:**

**رووداو-هۆڵەندا**



**هاوڕێ قادر رەسول(هاوڕێ باخەوان)**

- ساڵی 1966 لەسلێمانی لەدایکبووە
- دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی موسڵە
- لەساڵی 1985 بووەتە پێشمەرگەی پاسۆک
- لەساڵی 1992 چووەتە هۆڵەندا
- خاوەنی چەندین پەرتووکە لەوانەش (هاوڕێنامە)
- ماوەی 10 ساڵە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان کاردەکات

**رووداو:دادگەکە چەند کارمەندی هەیە؟**

**هاوڕێ باخەوان:**1200 کارمەندی هەیە، لەسەرۆکی دادگاوە تا شوفێرەکانی، کە کارمەندەکانی خەڵکی وڵاتی جیاجیان.

**رووداو:تۆ تاکە کوردی لەو دادگایە ؟**

**هاوڕێ باخەوان:** بەداخەوە هێندەی من بزانم من تاکە کوردم لە نێو ئەو دەزگا نێدودەوڵەتییەدا.

**رووداو:میکانیزمی کارکردنی دادگاکە چۆنە؟**

**هاوڕێ باخەوان:**دادگاکە بەپێی کەیس کاردەکات، هەر کەیسە و تۆمەتباری خۆی تێدایە، رەگەزە پێکهێنەرەکانی هەر دۆسییە کیش بریتییین لە



دادگەی نێودەوڵەتی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی جەنگی یوگسلاڤیای پێشوو لە دەنهاخ/ هۆڵەندا (فۆتۆ: رووداو)

تاوانلێکراو، تۆمەتبار،ئەو بەڵگەنامانەی قوربانییەکان پێشکێشی دەکەن.هەروەها بەرگریکاری تۆمەتبارانیش رەگەزێکی دیکەیە. هەروەها داواکاری گشتی و دادوەرانیش بەشێکی دیکەی دادگاکەن.

**رووداو:بودجەی دادگەکە چەندە؟**

**هاوڕێ باخەوان:**ناتوانم بڵێم بنبڕ ئەوەندەیە، بەڵام لەساڵی 1993 بڕی 200 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرا، ئێستاش بودجەی ساڵانەی لە 200 ملیۆن دۆلار تێناپەڕێت.

**رووداو:ئەو دادگەیە چەند باڵەخانەی هەیە؟**

**هاوڕێ باخەوان:** پێنج باڵەخانەن، کە چواریان لەشاری دەنهاخ (لاهای)ن لە هۆڵەندا، دوو باڵەخانە ژووری دادگاکان، ژووری بەڕێوەبردنی لێیە. باڵەخانەیەکمان هەیە لە شاری لاهای کە وەرگێڕانی لێدەکرێ و قسەی شایەت و بەڵگەنامەکان دەکرێنە ئینگلیزی. باڵەخانەیەکمان بریتییە لە زیندان. باڵەخانەیەکی دیکەشمان هەیە لە سربیا بە نێوی باڵەخانەی زێگرب. کە کارئاسانی لە نێوان ئێمە و یوگسلاڤیای پێشوو دەکات، زۆربەی توێژەرەوەکان لەوێن و کاری رێکخستنی

ئیفادە وەرگرتن و ناردنی شایەتەکان دەکەن.

**رووداو:کاری تۆ چییە لەو دەزگایە؟**

**هاوڕێ باخەوان:** من پرۆگرامەرم، ئەو بەڵگەنامانە دەدۆزمەوە کە لە نێو ئەرشیفەکاندا هەن بۆ دۆسییەی تاوانکارییەکان، چونکە ئێمە چەندان ملیۆن بەڵگەنامەمان هەن بۆیە گەڕان بەدوای بەڵگەنامەکاندا ئاسان نییە.

**رووداو: لەساڵی چەندەوە لەو دادگا نێودەوڵەتییە کاردەکەی؟**

**هاوڕێ باخەوان:** لەساڵی 2003 وە لەوێ کاردەکەم.

**رووداو:ئەی چۆن بوو چووی بۆ کەمبۆدیا، لە کاتێکدا دادگاکەتان پێوەندی بەو وڵاتەوە نییە؟**

**هاوڕێ باخەوان:** ئەوە مێشنێکی رەسمی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو، من بەفەرمی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نێردرامە ئەوێ لەبەر ئەوەی دادگاکەی ئێمە ئەزموونێکی چەندان ساڵەی هەبوو لە ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکاندا، چوونی منیش لەروانگەی هاوکاریکردنی دادگای بەدادگایی گەیاندنی تاوانبارانی کەمبۆدیا بوو، ئەویش بۆ کردنەوەی خولی راهێنان بۆ چەند کەسێک کەمبۆدی بۆ ئەوەی فێری ئەوەیان چۆن باشتر بتوانن کار بەو بەرنامانە بکەن کە بۆ دادگاییکردنەکە پێویستن. خۆشبەختانە چوونەکەشم زۆر سەرکەوتووبوو.

**رووداو:دادگای تۆمەتبارانی یوگسلاڤیا تا ئێستا چەند شاهێدی هێناوە؟**

**هاوڕێ باخەوان:**هەزاران شاهێد تا ئێستا هێندراون.تا دوو ساڵ پێش ئێستا بەپێی دوکۆمێنتێکی لای خۆمان 8000 شایەتمان هێنابوون.وابزانم ئێستا ژمارەیان گەیشتووەتە 9000.

**رووداو:ئەو شایەتانە دەهێندرێنە هۆڵەندا؟**

**هاوڕێ باخەوان:** بەڵێ، نووسینگەی زاگرب کاری هێنانیان رێکدەخات، شایەتەکان هەمەجۆرن هەیە پیرە و پێویستی بە چاودێری تەندروستی و شوێنی تایبەتی هەیە، هەیە نەخۆشە و پێویستی بە نەخۆشخانەیە لێرە، هەیە دەڵێ دەبێ سەگەکەشم بۆ بێنن و بێ سەگەکەم نایێم، ئەو پێویستی و داخوازیانەیان بۆ جێبەجێدەکرێن.جاری واهەیە هێنانی شایەتێک دەیان هەزار یۆرۆی تێدەچێ.

**رووداو:تا ئێستا چەند تۆمەتباری جەنگ و کۆمەڵکوژیی لە دادگاکەی ئێوە داواکراون؟**

**هاوڕێ باخەوان:** لەراستیدا تۆمەتبارەکان بە هەزارانن،بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانرێ هەزاران کەس بهێندرێن و دۆسیەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و دادگایی بکرێن، جگە لەوەی پارە و کاتێکی زۆریشی تێدەچێ. لەبەر ئەوە دادگەکە تەنیا ئەوانەی دیاریکردووە کە بوونەتە هێمای ئەو تاوانانە و ژمارەیان 72 تۆمەتبارە.

**رووداو:تا ئێستا چەندیان گیراون؟**

**هاوڕێ باخەوان:** ئێستا 44 کەیس لای ئێمە تەواوبوون، 17 کەس نەگیراون. خۆشبەختانە لەمرۆژانەدا رادۆڤان کارادیچ گیرا. کە لەگەڵ میلادیچ بە دوو ماسیە گەورەکە ناودەبرێن لای دادگاکەی ئێمە.

**رووداو:ئەوانەی دادگاییکردنیان تەواوبووە بە سێدارەدان حوکمدراون؟**

**هاوڕێ باخەوان:**لای ئێمە سزای لە سێدارەدان نییە، زۆرتر زیندانی هەتاهەتاییە، یان چەند ساڵێک.

**رووداو:کە میلۆسۆڤیچ گیرابوو بینیت؟**

**هاوڕێ باخەوان:** من نەمبینی، بەڵام دەمانتوانی هەموو دانیشتنەکانی دادگا لەنێو سکرینەکانی نێو دادگادا ببینین.چونکە سکرینی تایبەتی هەن، بەڵام تاوانباری دیکەی وەک خەلیلۆڤیچ و ئەوانیدیکەم بینین و ئامادەی هەندێ لە دانیشتنەکانی دادگا بووم .

**رووداو:هیچ جارێک چووی بۆ یۆگسلاڤیا؟**

**هاوڕێ باخەوان: نەخێر، چونکە هیچ کاری رەسمیم بۆ ئەوێ پێ نەسپێردراوە.**

**رووداو:هەندێک کەس دەڵێن سربیا بە ئانقەست ئێستا کارادیچی داوەتە دەست، بۆ ئەوەی رەنگ و رووی خۆی لای ئەوروپا باش بکات؟**

**هاوڕێ باخەوان:** ئەوە رای زۆربەی چاودێرە سیاسییەکانە، بەخۆشم وای بۆ دەچم . کارادیچ لەوماوەیەدا بەئازادی لە بەلگراد ژیاوە هاتووچۆی بە باس کردووەو رۆژانە چووە لە دەرەوە شتی کڕیوە، ژیانێکی زۆر ئاسایی هەبووە لەپشت ئەو قژ و سمێڵەی کە بەریدابوونەوە. کە کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی وەرگرت ئەوە تێشکانێکی گەورە و لووت شکانێکی گەورەبوو بۆ سربیا وەک دەوڵەت و نەتەوەیەکی باڵادەست، بۆیە زۆر دژایەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرد، بەڵام یەکێک لە ئامانجەکانی سربیاش بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپایە، بۆیە پێموایە رادەستکردنی کارادیچ بەشێکە لە هەوڵانەی کە سربیا دەیدا بۆ بوونە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

**رووداو: گیرانی کارادیچ چ کاریگەرییەکی دەبێ بەسەر دادگاکەی ئێوەوە؟**

**هاوڕێ باخەوان:** کاریگەرییەکی گەورەی دەبێ، لەبەرئەوەی لە راستیدا ماوەی ساڵێک دەبێ ئێمە خەریکی بچووککردنەوەی قەبارەی دادگاکەین. کاتی خۆی بڕیاربوو دادگاکە تا 2008 کاربکات، بەڵام بەهۆی گیرانی چەند تۆمەتبارێکی تازە، ناچار ماوەکەی درێژکرایەوە بۆ 2010، ئێستاش بەڕاستی دیار نییە، بەڵام واپێشبینی دەکەم ماوەکەی تا 2010 درێژبکرێتەوە، هەرچەندە ئەوە بەڕەسمی رانەگەیێندراوە.بەمەرجێک ئەگەر میلادیچ تا 2012 نەگیرێ.

**رووداو:ژمارەی قوربانییە خەملێندراوەکانی شەڕی یوگسلاڤیا لای نەتەوەیەکگرتووەکان بە چەند دیاریکراون؟**

**هاوڕێ باخەوان:**لای ئێمە ژمارەی قوربانییان بە 100 تا 150 هەزار خەملێندراون، بەڵام گەلە ستەمدیدەکانی یوگسلاڤیای پێشوو بەتایبەتی کۆسۆڤۆییەکان ژمارەکە بە 300هەزار کەس دەخەملێنن .

**رووداو:ژمارەی قوربانیانی کورد لەوە زیاتر بوو،بەڵام تاوانبارانی ئەنفال و کەلکوژیی کورد نەدرانە دادگەیەکی نێودەوڵەتی، بەڕای تۆ دەکرا کورد هەوڵبدات ئەوە وەدیبێت و ئەوە بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی؟**

**هاوڕێ باخەوان:** بەداخەوە خۆمان کارمان بۆ ئەنفال نەکردووە، ئێمە وەک گەل و وەک سیاسەتکاریش گرنگییمان بەوە نەداوە، دادگاییکردنی سەدام بەوشێوەیە بەڕای من گەمەیەکی نێودەوڵەتی بوو بۆ شاردنەوەی هەموو ئەو گەمانەی لە نێوان سەدام و رۆژئاوادا هەبوون، کە پەیوەندییان بە چەکی کیمیایی و چەکە قەدەخەکراوەکانی دیکەوە هەبوو، بۆ دیارنەبوونی ئەو دەستانەی لە پشت کیمیاباران و ئەنفالەوە هەبوون. بەڵام لەهەمانکاتدا دانانی ئەو دادگایە بۆ تاوانبارانی یوگسلاڤیای پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی یوگسلاڤیا، کە دراوسێی یەکێتی ئەوروپایە، چونکە ئەو جینۆسایدانەی لە یوگسلاڤیا روویاندا لە نێو جەرگەی ئەوروپادابوون. بەرژەوەندی نێودەوڵەتان و پێگەی جوگرافی وایکرد بۆ ئێمە نەکرێ و بۆ یوگسلاڤیا بکرێ. لەوەش خراپتر ئەو سزایانەی لەدادگای باڵای تاوانەکانی بەغداش دراون سەبارەت بە تاوانبارانی ئەنفال دیار نییە کە جێبەجێدەکرێن یان نا .

### ژ بەر گرانییا تکێتا فرۆکەیێ

# کوردێن ئەوروپا ب ترۆمبێلان دزڤرنەڤە کوردستانێ



سلێمانێ ئالیخان
silemani__alixani@yahoo.com

**رووداو– ئەڵمانیا**

سەرەڕای بلندبوونا بوهایێ بازاڕێ و رەوشا گرانیێ کو هەموو جیهان ڤەگرتییە، لێ دیسان ژی هەر سال زوی، پتریا ئەڵمانان بەرهەڤیێن خوە بۆ سەیرانان دکەن و ل داوییا هەیڤا شەش کو دەرگەهێن خواندنگەهان دهێنە گرتن و وەرزێ گەشتوگۆزارێ دەستپێدکەت، ئەو قەستا وەلاتێن جودایێن جیهانێ دکەن، ب گورەی سایتێ دویچە ڤیللە یێ ئەڵمانی، کەس وەکی ئەڵمانان حەز ل گەشتوگۆزارێ ناکەت و ژ بەر هندێ ژی وان پارسال شێست و ئێک ملیار یورۆ ل گەریان و سەیرانێن خوە خەرجکرن ل وەلاتێن باشوورێ ئەورۆپا، باکوورێ ئەفریقیا و باشوورێ رۆژهەلاتێ ئاسیا.

بێگومان گەلەک مالباتێن کوردێن دانیشتیێن ئەڵمانیا ژی دڤی دەمێ سالێدا قەستا وەلاتێن نەمسا، یۆگسلافیا، بولگاریا یان سویسرا، ئیتالیا، یۆنان و تورکی دکەن، لێ نە ژ بۆ دیتنا وان وەلاتان و بوراندنا بهێنڤەدانا هاڤینێ ل وان وەلاتان، بەلکو ژ بۆ چوونا کوردستانێ و سەرەدانا خزم و کەسوکاران، سەفەر باوانی کوردەکێ باشووریێ چل سالییە و خودان پێنج زارۆکە ئەو ژی ب ترۆمبێلێ چوو بووکوردستانێ ژ بەر گرانییا تکێتا فرۆکەیێ،خەلک ب ترۆمبیلان بەرەڤ کوردستانێ دچن، ب خەرجییەکێ کێم و دماوەیێ چوار رۆژاندا دگەهن، هندەک کەس ژی هەنە وان پێنج هزار کیلۆمەترێن رێکێ ب دوو رۆژان دبڕن و خوە دگەهینن وەلاتی، لێ ئەو ماندیبوونەکا زۆر دبینن، چونکی رۆژانە پتری پازدە دەمژمێران ترۆمبێلان دهاژۆن.

هەڵبەت گەلەک ئەڵمان و ئەورۆپی ژی سەیران و گەریانێن خوە ب ترۆمبێلان ئەنجامددەن، گەلەک ژ وان کابینەیان ب ترۆمبێلان خوەڤە دکەن و قەستا وەلاتێن جودا جودا دکەن و ب شەڤ ژی دناڤ پارکاندا دنڤن، هەروەسا ئەو وەلاتێن ئەورۆپی یێن کو کورد ژی تێرا دەربازدبن وەک سوسیرا، بولگاریا، یۆنان و هتد، وەلاتێن گەشتوگۆزارێنە و گەلەک جهێن خوەش و دلڤەکەر لێ هەنە، لێ پتریا کوردان ناخوازن لێ بمینن، بەلکو حەز دکەن ب زووترین دەم بگەهن کوردستانێ، ل سەر ڤێ مەسەلەیێ ژی باوانی دبێژیت"سەفەرکرن ب ترۆمبێلێ گەلەکا خۆشە، مرۆڤ دشێت دیەک دەمدا چەندین وەلاتان ببینیت و لێ بگەرێیت، لێ ب راستی کورد هیچ ژ گەشتوگۆزارێ نزانن،



مالباتەکا کورد دەما سەفەرکرنێ (فۆتۆ: رووداو)

لەوما گەلەک کەس هەنە خوە و زارۆکێن خوە ژ ڤێ خۆشییێ بێباردکەن و لەزێ دکەن دا زوو بگەهن کوردستانێ کو گەرمابێ ئاڤی و بێکارەبییە".

ب گورەی پێزانینێن مە، پتریا مالباتێن کوردان یێن کو ب رێکا ترۆمبێلان دچن کوردستانێ، خوارن و ڤەخوارنا خوە ژی دگەل خوە دبەن، ل پارکێن ڤەدەر نانی دخۆن، بێهنا خوە ڤەددەن و دنڤن، ئانکو مەسرەفەکا مەزن ناکەن تنێ پانزین و گازوایلێ دکڕن ئەو ژی ناگەهیتە هزار یورۆیان بۆ چوون و هاتنا مالباتەکا هەفت نەفەری وەکی یا باوانی، ئەڤە ژی گەلەک ئەرزانە ئەگەر دگەل بوهایێ تکێتا فرۆکەیێ هەڤبەر بکەین، لێ پا ڤێ رێکێ مەترسییێن خوە ژی هەنە ب تایبەت ل پارکێن وەلاتێن یوگسلافیا و تورکیا کو گەلەک جاران دەستەکێن دز و خرابکاران تووشی وان دبن و دراڤ و کەلوپەلێن وان ژێ دستینن، باوانی بەحسا رووداەنکێ دکەت کو ئەڤ سالە ل تورکی ب سەرێ مالباتەکا کورد هاتییە؛مالباتەکا کورد لکافیتریایەکا وەلاتێ تورکی راوەستان، خودانێ وێ دەرمانەکێ بێهۆشکەر کرە دناڤ چایا واندا و دەما دەرکەتین ژ کافیتریایێ" خودان کەتە دووڤ وان، هەتا ل جهەکێ راوەستیاین و نەشیان زێدەتر ترۆمبێلێ بهاژۆن" ئەڤجا وی ژی زێر و پارەیێن وان ژێ دزین .

ل بەرامبەر ڤێ یەکێ ژی هندەک کەس و ب تایبەت گەنجێن کورد سەرەدانا وەلاتێن دی ژی دکەن وەک ئیسپانیا و مەغریب و هتد، پیاوەکێ کورد یێ سیە و سێ سالی کو نەڤیا ناڤێ وی ئاشکرا بکەین بەحسا وەلاتێ مەغریب ژ مە را کر" من سەرەدانا گەلەک وەلاتان کرییە، لێ ب راستی وەلاتێ مەغریب گەلەکێ خۆشە، جهێن خوەش لێ هەنە و ئەرزانییە، کچکێن وان ژی خوین شرین و مێڤانپەروەرن، مرۆڤ ل وێرێ هەست ب نازدارییێ دکەت و ب راستی ئەگەر من ژن نەئینابا ئەز دا ژنەکا مەغریبی مارەکەم"

هەڵبەت پشتی وەرارا ئابووری و بلندبوونا داهاتێ تاکە کەسی ب تایبەت ل وەلاتێن پێشکەفتی، بازارێ گەشتوگۆزارێ ژی ل جیهانێ گەشە کرییە و پتریا ولاتێن دنیایێ ب رێکا سازیێن راگەهاندنێ و پێشانگەهان هەوڵ ددەن سەرنجا سەیرانیان بکێشنە لایێ خوە، لێ تا نۆکە گرنگیەکا باش ب کەرتێ گەشتوگۆزارا کوردستانێ نەهاتییە دان، سەرەڕای رەوشا ئارام باشوورێ وەلاتی و هەبوونا جهێن گونجای وەک شوونەوارێن کەڤنار، سولاڤ و گەلیێن فێنک و دیمەنێن سروشتیێن سەرنجراکێش.

# سلێمانی ترخێنە و ساج بۆ ئەوروپا پۆست دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەندێک لەو پۆستانەی فەرمانگەی پۆستی سلێمانی ڕەوانەی ئەوروپای دەکات، خواردنی کوردەواری و فۆلکلۆرین، بەڕێوەبەری فەرمانگەکەش باس لەوەدەکات کە ئامارەکانی پۆستی حکومی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەڵدەکشێن و کێبڕکێ لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتی وئەهلییەکان دەکات، ئەوەش ناشارێتەوە کە ئەگەر ئەو ژمارە زۆرەی کوردانی تاراوگەنشین نەبووایە، فەرمانگەکەیان تەنیا هێنان و بردنی پۆستی قەزاو ناحیەکانی بۆ دەمایەوە.

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، ڕێگەی مەرگ (بەغدا - هەرێمی کوردستان) چانسێکی باشی دایە کۆمپانیاکانی تایبەت بەکاری پۆست لەهەرێمی کوردستان بۆ گەرمکردنی بازاڕی خۆیان، ئەوەش درزێکی گەورەی خستە نێوان هاووڵاتیان و وەزارەتی گەیاندنی هەرێمی کوردستان، چونکە هاووڵاتیان نەیاندەتوانی ماوەی مانگێک بەدیار گەیشتنی پۆستەکانیانەوە دانیشن.

بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستی سلێمانی عەبدوڵڵا شابان گوتی "بەهۆی نەبوونی ئەمنییەت لەڕێگەی بەغدا، پۆستەکانمان بە 25 شەو دەگەیشتنە شوێنی مەبەست، بەڵام دوای ئەوەی بەغدا فەرمانی دەرکرد ڕێڕەوەکە بگۆڕین، لەساڵی 2007ەوە لەڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە دەینێرینە عەممان و ئێستا بە یەک هەفتە تا 10 ڕۆژ دەگات".

هەندێک لەهاووڵاتیانی شاری سلێمانی، گلەییان لەوەزارەتی گەیاندن و فەرمانگە حکومییەکانی پۆستکردن هەیە کە ناتوانن وەک کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت پۆست و کەلوپەلی هاووڵاتیان لەکاتی خۆیدا بگەیێننە دەرەوەو پێیانوایە ئەوە کەمتەرخەمییەکی گەورەیە، لەکاتێکدا جیهان لەخێراییەکی بێوێنەدایە.

شادان ڕەفیق کاتێک دەیەوێت دیارییەک یان کەلوپەلێک بۆ هاوسەرەکەی بنێرێ کە لە ئەوروپایە، ڕووناکاتە ئەو فەرمانگەیەی کە حکومەت بۆ کارئاسانیی هاووڵاتیان دایمەزراندووەو سەدو دوو کارمەند مووچەی تێدا وەردەگرن "دیارییەک بەمانگێک بگاتە شوێنی خۆی چ تامێکی تێدایە؟". گوتیشی "خۆ ئەوانیش هەروەکو کۆمپانیاکان بەفڕۆکە دەینێرن، بۆدەبێت ئەوەی کۆمپانیا بەپێنج ڕۆژ بگات".

بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستی سلێمانی ڕەتیکردەوە کۆمپانیاکان لەوان خێراتر بن لەناردنی پۆستداو بەوەش خۆیانی جیاکردەوە کە "دەبێت هاووڵاتیان بزانن ئەو پارەیەی لای ئێمە دەیدەن زۆر کەمترە لەو پارەیەی کۆمپانیایەک لێیان وەردەگرێت، ئێمە بۆ هەر کیلۆیەک 6 هەزار دیناری چاپی نوێ وەردەگرین، لەکاتێکدا کۆمپانیاکان دە هێندەیان لێوەردەگرن".

عەبدولڕەحمان غەفوور لێپرسراوی لقی سلێمانی کۆمپانیای ئارامیکسی نێودەوڵەتی کە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەو بنکەی سەرەکیی لە عەممانی پایتەختی ئوردنە، پێی سەیربوو پۆستەحکومییەکان بەهەمان خێرایی پۆستەکانی ئەوان بگەن و دەڵێت "کاک عەبدوڵڵا بۆخۆی زۆرجار لەڕێگەی کۆمپانیاکەی ئێمەوە پۆستی ناردووە، ئیتر نازانم چۆن دەڵێت وەک یەکین لەگەیشتنی پۆستەکاندا".

عەبدولڕەحمان ئارامیکسی زیاتر پێناسە کردو گوتی "لەماوەی 3 ڕۆژدا پۆستەکانمان دەگاتە هەموو جیهان و بەپێچەوانەشەوە، 12 هەزار ئۆفیسمان لەهەموو وڵاتانی جیهان هەیەو یەکەمین کۆمپانیاین لەهەرێمی کوردستان کە ماوەی چوارساڵە بەرەسمی کاردەکەین و بەخێراترین شێوە پەیوەندی دەکەین، هەرگیز حکومەت ناتوانێت بەو خێراییەی ئێمە پۆستی هاووڵاتیان بگەیێنێتە شوێنی خۆی".

لەکاتێکدا بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستی سلێمانی کەمیی سەردانکەرانی خۆیان و بازاڕی گەرمی کۆمپانیاکان بۆ کەمیی هۆشیاریی خەڵک لەبارەی کاری فەرمانگەکە دەگێڕێتەوە، لێپرسراوی کۆمپانیای ئارامیکس لەسلێمانی دەڵێت "هەرگیز مەسەلەکە ناهۆشیاری نییە، زۆربەی کۆمپانیاکان کەلوپەلەکانیان لەڕێگەی ئێمەوە ئاڵوگۆڕ دەکەن و زۆر باشیش هۆشیارن، مەسەلەکە تەنیا خێرایی گەیاندنە".

بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستی سلێمانی دەڵێت "لەکۆمپانیاکان ناسنامەی هاووڵاتیەکیان بە70 دۆلار ڕەوانەی ئەوروپا کردووە، کەچی لای ئێمە بەدووهەزار دیناری چاپی نوێ ڕەوانە دەکرێت".

بەڵام عەبدولڕەحمان غەفوور بەرپرسی لقی سلێمانیی ئارامیکس باس لەوەدەکات کە ماوەیەکی کەم لەمەوبەر چوار تەن و نیو جلوبەرگی سەربازییان لە چینەوە بۆ ئاسایشی سلێمانی هێناوەو بۆ هەرکیلۆیەک بڕی هەشت دۆلارو 30 سەنتیان وەرگرتووە، دەشڵێت "ئێمە هەستدەکەین دەزگا حکومییەکان و کۆمپانیاکان خەریکە ڕوو لە ئارامیکس دەکەن و ئەوەش نیشانەی خێراییمانە، چونکە سات بە سات پۆستەکانمان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە موتابەعە دەکرێت".

لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 1992 هاووڵاتی بۆ ڕەوانەکردنی کەلوپەل و دیاری و پۆستەکانیان بۆ دەرەوەی کوردستان ڕوویان لە فەرمانگەی پۆستی سلێمانی کردووە، کە لە هەرمانگێکدا چوارتەن کەلوپەل دەکات و بۆ هەر هەفتەیەکیش دووجار پۆست ڕەوانە دەکەن "ناتوانین لە 200 کیلۆ زیاتر بنێرین، ئەگەر زیاتر بێت لێمان وەرناگرن، ئاڵتون و شلەمەنیش پۆست ناکەین". بەڕێوەبەری پۆستەی سلێمانی ئەوەشی باسکرد کە لەناو ئەو کەلوپەلانەی ڕەوانەی دەرەوەی دەکەن، خواردەمەنی و کەلوپەلی کوردەواری و فۆلکلۆری زۆری تێدایە "لەم ڕۆژانە ساجی نانکردنمان پۆست کردووە بۆ ئەوروپا، پۆستەکانی دەرەوەمان لەسەدا نەوەتی بۆ ئەو کوردانەیە کە لە ئەوروپا دادەنیشن و ئەگەر ئەو ژمارە زۆرەی کوردانی دانیشتووی ئەوروپا نەبووایە ڕەنگە تەنیا هێنان و بردنی پۆستی قەزاو ناحیەکانمان بۆ بمایەتەوە".

عەبدوڵڵا شابان ڕەتیکردەوە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو مۆبایل کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی پۆستی نامە هەبووبێت "ئەو جۆرە نامانەی لای ئێمەوە پۆست دەکرێن بەهیچ شێوەیەک بەمۆبایل ڕەوانە ناکرێن". گوتیشی "لەناو شاری سلێمانی 25 کارمەندی دابەشکردنی پۆستەمان هەیەو کاتژمێر 10ی هەموو بەیانییەک پۆستەکانی ناوخۆ دەگەنە دامودەزگا حکومییەکان، 21 بنکەی پۆستەمان هەیەو بەنیسبەت دەرەوەش لەگەڵ 142 دەوڵەت ئاڵوگۆڕی پۆست دەکەین".



بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستی سلێمانی نەیشاردەوە کە لەساڵی 2006ەوە تائێستا پۆستی 20 هاووڵاتی لای ئەوان فەوتاوە "ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە زۆریش نییە، بەڵام ئێمە قەرەبووی هەموو ئەو هاووڵاتیانەمان کردووەتەوەو هیچ هاووڵاتیەک مافی نەفەوتاوە". ئەو ڕاشیگەیاند کە لەگەڵ لەندەن بەبەردەوامی گرفتی پۆستیان هەیە "نازانین هۆی چییە، پۆستەکانی لەندەن هەمیشە دوادەکەون و ڕەنگە ئەو گرفتە لای ئەوان بێت، بەڵام پۆستەکانی ئێمە بۆ لەندەن لەکاتی خۆیدا دەگەن".

لێپرسراوی لقی سلێمانی کۆمپانیای ئارامیکس فەوتانی پۆستی هاووڵاتیانی لەکۆمپانیاکەی خۆیان وا نەبینی و گوتی "تائێستا تەنیا هەشت پۆست لای ئێمە فەوتاوەو قەرەبووش کراونەتەوە" گوتیشی "تایبەتمەندی ئێمە ئەوەیە کە لەسەداسەد قەرەبووی هەرپۆستێکی فەوتاو دەکەینەوە، لەکاتێکدا کۆمپانیاکانی دیکە وانین".

وەک عەبدوڵڵا شابان دەڵێت بڕیارە سیستەمی پول لەتەواوی عێراقدا بکرێتە یەک سیستەم و بۆ ئەو مەبەستەش لەهەولێر پێشانگایەکی پول کرایەوە، چونکە تائێستا دووجۆر پول هەیە کە ئەویش پولی هەرێم و پولی عێراقە. داواشی لەهاووڵاتیان کرد کە پۆستەکانیان ببەنە فەرمانگەی پۆستی سلێمانی تا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بگاتە شوێنی خۆی.

> **لەساڵی 2007ەوە لەڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە پۆستەکان دەنێرینە ئوردن و بە 7–10 ڕۆژ دەگات**
>
> عەبدوڵڵا شابان
> بەڕێوەبەری فەرمانگەی پۆستی سلێمانی

> **بەڕێوەبەری پۆستی سلێمانی زۆرجار لەڕێگەی کۆمپانیاکەی ئێمەوە پۆستی خۆی ناردووە ئیتر چۆن دەڵێت وەک یەکین لەگەیشتنی پۆستەکاندا**
>
> عەبدولڕەحمان غەفوور
> لێپرسراوی لقی سلێمانی کۆمپانیای پۆستی ئارامیکس

## ئاسیاسێڵ 100 هەزار دینار دەداتە خێزانە عەرەبەکان

# ئاوارە عەرەبەکان داوای خزمەتگوزاری لە حکومەتی کوردستان دەکەن

**ڕووداو . سلێمانی**

خێزانە ئاوارەکانی نیشتەجێی گەڕەکی قالاوەی شاری سلێمانی دوور لە هەموو خزمەتگوزارییەک ژیان بەسەر دەبەن و سکاڵای ئەوە دەکەن حکومەت وەک پێویست ئاوڕی لێ نەداونەتەوە و بەدەم کێشەکانیانەوە نەهاتوە.

دوای ئەوەی ژمارەیەک خێزان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوورەوە بەهۆی باری نا ئارامی ناوچەکانیانەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ئێستا لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاردا و لە ژێر خێمەدا ژیان بەسەر دەبەن کە ژمارەیان 185 خێزانە.

گرفتی سەرەکی ئەو خێزانانە نەبوونی ئاو،کارەبا،توالێت وگەرماوە ودەڵێن شەش مانگە حکومەت ئاوڕی لێ نەداونەتەوەو لە زستاندا بڕێک خواردن و برنج و شەکرو هەندێک پێداویستی تری بەسەردا دابەش کردوون ئیتر لەو کاتەوە هیچ یارمەتیەکیان لە حکومەتەوە وەرنەگرتووە.

سەجودە ئەحمەد تەمەن 55 ساڵ کەخۆی و مناڵەکانی لە ژێر خێمەدا ژیان بەسەر دەبەن وتی"نە ئاومان هەیە نە کارەبا نە گەرماوو تەوالێت،مردووین لە گەرما،نە خواردن هەیە نە شەکر و برنج و چا، زۆرمان لە تاو گەرمای ئێرە توشی سکچوون بووین" .سەجودە لە کاتی قسە کردندا ئەوکاخەزانەی دەرهێنا کە دکتۆر بۆی نوسیوە بۆ نەشتەرگەری بەڵام لەبەر ئەوەی پارەی نییە نازانێ چی بکات .

لەگەڵ نەبونی خزمەتگوزارییەکانی ژیان ناوچەکە ناتەندروستییەکی پێوە دیارەو بەشێکی زۆری خێزانەکانیش باس لەوەدەکەن کە مناڵەکانیان تووشی نەخۆشی بوون وەک سکچوون و ڕشانەوە. سەجودە وتی"خۆم نەخۆشم پێویستم بە نەشتەرگەری هەیە بەڵام پارەم نییە،سێ ڕۆژە منداڵێکم تووشی سکچوون بووە پارەم نییە بیانبەم بۆ نەخۆشخانە."

لەیلا عیدان تەمەن 48 لەگەڵ شەش مناڵیدا بەهۆی خراپی باری بەغداوە ڕوویان لە سلێمانی کردووە .

وتی"حەز دەکەین بگەڕێینەوە بەغدا بەڵام ئاڵۆزی بارودۆخ نایەڵێت،لێرە ژیانمان نییەو کەس ئاوڕمان لێ نەداتەوە زستان لەبەر سەرماو هاوینان لەبەر ئەو گەرمایە ژیان بەسەر دەبەین کێ هەیە بتوانێ لێرەدا بژی "

ئەوەش نەماوە وکەس نایەتە لامان،لەیلا وتی"گەر نەخۆش بین پارەیەکی زۆرمان دەوێت تا سەردانی پزیشک بکەین خۆ عیادە بە پارەیە و ئێمە لە کوێمان بوو"یەکێکیتر لە کێشەکانی ئەو خێزانانە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ بەغدا لە بازگەی تاسلۆجە ڕێگەیان نادرێت جارێکی تر بێنەوە ناو هەرێمی کوردستان .لەمیعە تەلەب 50 ساڵ وتی"نەخۆشم وەرەقەی دکتۆرەکەم لە بەغدایە نازانم چۆن بڕۆمەوە بەغدا بیهێنم چونکە کە ڕۆیشتم ڕێگەم نادەن جارێکی تر بێمەوە ئێرە".

بەرپرسانی سلێمانی چەند مانگێکە ئەوەیان ڕاگەیاندووە کەبەهۆی خراپی شوێنەکەیان دەیانگوازنەوە بۆ ناحییەی بازیان و کەمپێکی نوێیان بۆ دەکەن،

ئاوارەکانی ئەو ناوچەیە باس لەوە دەکەن کە پێشتر دکتۆر چەندین جار سەردانی کردوون بەڵام ئێستا

جووتیار نوری جێگری پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند" ئەو خێزانە عەرەبانەی، کەئێستا لە گەڕەکی قالاوای شاری سلێمانی نیشتەجێن، شوێنەکەی ئێستایان زۆر خراپە و خزمەتگوزاری تێدا نییە."وتیشی" ئەو 200 خێزانە ئاوارە عەرەبە دەگوازینەوە بۆ ناحیەی بازیان، چونکە لەبازیان بەشێوەیەکی زۆر مۆدێرن، کەمپێکیان بۆ دروست دەکەین و هەموو خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین دەکەین، بۆئەو مەبەستەش ڕێوشوێنی پێویست گیراوەتە بەر."

مانگی ڕابردوو هەردوو هونەرمەند ڕەزا عەبدوڵا و چۆپی فەتاح لەسەر بانگهێشتی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ سەردانی ئەو خێزانە عەرەبانەیان کردو هەرخێزانێک بڕی 100 هەزار دیناری چاپی نوێیان وەک دیاری ئاسیاسێڵ پێدرا.

لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردوواو لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەهۆی خراپی بارودۆخی ئاسایشی ناوەڕاست و باشووری عێراق بەهەزاران خێزانی عەرەب ڕوویان لەهەرێمی کوردستانکردووەو لەهەندێک شوێن گرفتی نیشتەجێبونیان دروستکردوەو لەبارودۆخی خراپی تەندروستیدا دەژین.

> **ئاوارە عەرەبەکان دەگوازینەوە بۆ بازیان و کەمپێکی زۆر مۆدێرنیان بۆ دروست دەکەین و هەموو خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین دەکەین**
>
> جووتیار نوری
> جێگری پارێزگاری سلێمانی



دوو کچە ئاوارەی عەرەبی نیشتەجێی گەڕەکی قالاوە لە سلێمانی (فۆتۆ: ڕووداو)

# لەگەرمیان گرووپبازی بووەتە مۆدێل

**بیلال سەعید**
**ڕووداو-گەرمیان**

جەلال کەریم، 23 ساڵ، لەبەردەم چایخانەیەکی شاری کەلار وەستابوو، بەپێکەنینەوە گوتی "ڕێکخراوی چی و گرووپی چی هەمووی بۆ پارەی خواردنە، ئەو گەنجانە دەیانەوێت بەو گرووپ دروستکردنە وەکو بەرپرسان بگەنە دەخیلەکەی حکومەت".

ماوەیەکە دیاردەی دروستبوونی گرووپی جیا جیا لەگەرمیان سەریهەڵداوە، هەندێک کەس پێیانوایە پەیدابوونی ئەو گرووپانە جگە لەچاولێکەری هیچی دیکە نییە، هەندێکی دیکەش دەڵێن بۆ مەرامی کەسی دروست دەکرێن، ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێت بۆشایی نێوان خەڵک و دەسەڵات، هۆکاری دروستبوونی ئەو گرووپانەیە.

لاوان ئەحمەد، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (گەرمیانی ئەمڕۆ) دەڵێت "سروشتی گەرمیان وایە هەر ڕۆژەو بەشتێک دەگرێت، بۆ نمونە ماوەیەک بەشیعر، ماوەیەک بەکاری ڕۆژنامەنووسی و ئێستاش بەدروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراو،بەهەر شێوەیەک بێ هیوام وایە بتوانن خزمەت بکەن".

لەماوەی دووساڵی ڕابردوو چەندین گروپ و کۆمەڵەی جیاواز لەگەرمیان دروست بوون وەک: گرووپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، گرووپی هوشیاری هاتووچۆ، گرووپی گەنجانی بوێر، کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی گەرمیان، کۆمەڵەی گۆڕان، گرووپی خاوێن، کۆمەڵەی خوێندکاری سەربەخۆ، دەستەی هەنگاو.

سەرەتای دروستبوون و سەرهەڵدانی گرووپەکان لەگەرمیان بۆیەکەمجار بەکۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی گەرمیان دەستیپێکرد، کە ئەنجامدەری یەکەمین خۆپیشاندانی گەرمیان بوون، دژ بەکەمی خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا لەدەڤەرەکەدا.

سەرجەم ئەو گرووپانەی لەگەرمیان دروست دەبن، ناچنە ژێر چەتری حیزب و حکومەت و هەموو کات بانگەشەی سەربەخۆ بوون دەکەن.

ناسیاو محەممەد، سەرپەرشتیاری گرووپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەگەرمیان، دڵنیایی خۆی نیشاندا لەوەی گرووپەکەیان سەربەخۆییە و کەس دەست لەکاروبارەکانیان وەرنادات، لەبارەی سەرچاوەی دارایشیانەوە ناسیاو دەڵێت "سەرچاوەی داراییمان تەنها باخەڵی ئەندامانی خۆمانە".

گەنجان و ڕۆژنامەنووسانی ناوچەکە ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر هۆکاری دروستبوونی ئەو گرووپانە لەگەرمیان، ناسیاو محەممەد هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ دروستبوونی بۆشایی لەنێوان خەڵک و دەسەڵات و لەهەمانکاتیشدا گوتی "ڕێکخراوەکانی گەرمیان بە کاری خۆیان هەڵنەستاون و گەنجان متمانەیان پێیان نەماوە، بۆیە هەوڵی خۆ ڕێکخستنەوە دەدەن ئەویش بەدروستکردنی گرووپ و کۆمەڵەی جیاواز".

ڕێکخراوە حیزبییەکانیش ڕای خۆیان لەسەر دروستبوونی ئەو کۆمەڵە و گرووپە سەربەخۆیانە هەیە، بورهان مزەفەر بەرپرسی لقی گەرمیانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان، کە سەر بەیەکگرتووی ئیسلامییە، ئەوە بەحاڵەتێکی سروشتی دادەنێت و دەڵێت "دەمێک بوو گەنجانی گەرمیان بەکاری حیزبییەوە سەرقاڵ کرابوون ".

سەبارەت بەهۆکاری دروستبوونی ئەو گرووپانەش، بورهان گوتی "زیاد لەهۆیەک هەیە بۆ دروستبوونی ئەو گرووپانە، لەوانەیە لاساییکردنەوە بێت یان ئەو ڕێکخراوانەی هەن بەکاری خۆیان هەڵنەستاون".

ئیدریس مەدحەت، بەرپرسی گرووپی خاوێن، کە گرووپەکەیان ماوەی 3مانگە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی زیانی مادە بێهۆشکەرەکان دروستبووە، زۆربوونی گرووپ و کۆمەڵەکان بەشتێکی سروشتی دەزانێت و دەڵێت "پێموایە گەرمیان پێویستی بەچەندین گرووپی دیکەش هەیە، چونکە ئەو گرووپانە هەریەکەو تایبەتە بەبوارێک، هەموو ئەو گەنجانەش کە گرووپ دروست دەکەن مەبەستیان خزمەتکردنە".

گەنجانی دەرەوەی گرووپ و کۆمەڵەکان، تێبینی خۆیان لەسەر دروستبوونی ئەو گرووپانە هەیە و پێیانوایە دروستبوونیان پێویستییەکی گرنگی گەرمیان نییە بەڵکو ئەو گەنجانە دەیانەوێت لەڕێگەی ئەم گرووپانەوە بگەنە بەرپرسانی حکومەت، یان خۆیان دەربخەن.

کاروان عەزیز، 20 ساڵ، گەنجێکی گەرمیانییە و دەڵێت "پێموایە ئەو گرووپانە بەمەبەستی خزمەتکردنی لاوان دانەمەزراون بەڵکو تەنها بۆ خۆ دەرخستنە و هیچیتر، ئێمە کێشەی کەمی گرووپ و ڕێکخراومان نییە بەڵکو کێشەی کەمی خزمەتگوزاریمان هەیە بۆ گەنج".

ئەوەی تێبینی دەکرێ،کچان کەمترین بەشداری و ئامادەبوونیان هەیە لەنێو ئەو گرووپانەدا. چرۆ ئازاد، کچێکی 23 ساڵە بە داخبارییەوە گوتی "ئەوگرووپانەی دادەمەزرێن ئەندامی کچیان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جێی دڵخۆشییە کە گەنجان لەجیاتی ئەوەی خەریکی شەڕو کاری بێ مانا بن، خەریکی دروستکردنی گرووپ و کۆمەڵەن".

### پزیشکێک لە هەولێر:

# 50 گەنجی کوردی تووشبووی ئایدزم چارەسەر کردووە



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

بەپێچەوانەی هەندێک لەو دکتۆرانەی کە تەنیا بە تەماشا کردن دەستنیشانی جۆری نەخۆشی دەکەن، دکتۆر ئیسماعیل لەنۆرینگە بچووکەکەیدا زۆر بەوردی گوێی بۆ نەخۆشەکانی دەگرت، دوای پرسیار کردنێکی زۆر لەنەخۆش ئینجا چارەسەری بۆ دادەنان.

دکتۆر ئیسماعیل عەلی، 44 ساڵ، لەدایکبووی سلێمانی، لەدوای راپەڕینی ئاداری 1991 ئاوارەی ئێران دەبێت، بەڵام ئەو ئاوارە بوونە بەخێر بۆی دەگەڕێتەوە، دوای ئەوەی لەئێران تاقیکردنەوەیک لەبواری دەرمانی رووەکی دەکات. رەوانەی پاکستانی دەکەن بۆ ئەوەی زانستی رووەکی بخوێنێت. بۆ ماوەی 3 ساڵ لەزانکۆی ئیسلام ئاباد لەبەشی کیمیا زانستی رووەکناسی دەخوێنێ.

دکتۆر ئیسماعیل دوای ئەوەی بڕوانامە بەدەست دەهێنێ دەگەڕێتەوە کوردستان و، ماوەی 12 ساڵە لەشاری هەولێر سەرقاڵی چارەسەرکردنی نەخۆشەکانە بە دەرمانی دروستکراو لەگژوگیا. ئەو دکتۆرە وەک خۆی ئاماژەی پێدا لەماوەی 3 ساڵ خوێندنیدا یەک ملیۆن و 300 جۆر رووەکی لەتاقیگەکانی پاکستان خوێندووە. ئەو لەبارەی زانستی گیادەرمانی لەپاکستان دەڵێت "ئەو زانستە لەپاکستان زۆر زۆر پێشکەوتووە، چوار وەرزە گژوگیای هەیە، بەتایبەتیش لەناوچەی کشمیر".

سەبارەت بەچۆنیەتی دەستکەوتنی ئەو دەرمانانەی بەکاریدەهێنێت دکتۆر ئیسماعیل دەڵێت "گژو گیاکانم لەدەرەوە بەتایبەتیش لە دوبەی، پاکستان، هیندستان و ئێران بۆ دێت، هەر کیلۆیەک لەو گیایە بە 100تا300 دۆلار دەکڕم، دواتر خۆم دەیکەم بە حەب و دەرزی و دەرمان".

لەبارەی دەستکەوتنی ئەو گژو گیایانە لەکوردستان دکتۆر ئیسماعیل گوتی "40%ی ئەو گژوگیایانەی بەکاریدەهێنم لەکوردستاندا هەن، بەڵام تەنیا بۆ دەرەوەی مرۆڤ بەکاری دەهێنین چونکە مادەی کوشندەی زۆر تێدایە، ئەوەی لەدەرەوە بۆمان دێت لەژێرتاقیگە دەرچووە".

دکتۆر ئیسماعیل ئاماژەی بە گیای هەزبێلا (جاترە) کرد کە لەکوردستان زۆرە و "هەوێنە بۆ هەموو دەرمانێک"، باسی لە رەشکە و هەنگوینیش کرد کە "مادەی زۆر بەهێزیان تێدایە و گەدە بەهێز دەکەن و هەوێنن بۆ هەموو دەرمانێک".

لەو کارتەی ناو و ناونیشانی دکتۆر ئیسماعیلی لەسەرە، ناوی 47 جۆر نەخۆشی هاتووە کە ئەو چارەسەریان دەکات. ئەو دکتۆرە باسی لەچەندین نەخۆشی کرد کە چارەسەریان لەلای پزیشکەکان زەحمەتە ئەو چارەسەریان دەکات وەک: بەردی گورچیلە، زراو، ناسۆر، ئایدز، گەدە و شێرپەنجە.

ناوبراو قسەی لەسەر هەندێک لەو نەخۆشیانە کرد کە چارەسەریان دەکات گوتی "مانگانە نزیکەی 80 کەس لەوانەی بەردی گورچیلەیان هەیە سەردانی من دەکەن، نزیکەی 80%یان چارەسەر دەکەم". گوتیشی چارەسەری بەردی گورچیلە بەلێزەر رێژەی سەرکەوتنی کەمە "چونکە ئەگەر بەردێکی هەبێت دەشکێت دەبێتە چوار پێنج، دوو سێیەکی دەتوێتەوە، ئەوانی دیکە گەورە دەبن و دەچەقنە ناو گوشت".

دکتۆر ئیسماعیل لەو کاتەدا دەبەیەکی دەرهێنا کە بەردی نەخۆشێکی خەڵکی بەسرەی تێدا بوو "ئەو نەخۆشە تا ئێستا 200 کەسی رەوانەی لای من کردووە کە بەردی گروچیلەیان هەیە، دکتۆر ئیسماعیل هۆکاری ئەو نەخۆشییەشی بۆ خواردنەوەی ئاوی ناسازگار، خواردنی خراپ و چەوری گەڕاندەوەو گوتیشی "نزیکەی 40%خەڵکی کوردستان بەردی گورچیلەیان هەیە".

نەخۆشی ئایدز، یەکێکە لەو نەخۆشیانەی جیهان پێوەی دەناڵێنێت و ساڵانە بەدەیان هەزار کەس بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە دەمرن، پزیشکان تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە چارەسەری یەکجارەکی بۆ ئەو نەخۆشییە بدۆزنەوە.

وەک دکتۆر ئیسماعیل ئاماژەی پێدا لەنێو ئەو نەخۆشانەی سەردانی دەکەن کەسانی تووشبوو بەنەخۆشی ئایدز هەیە "ساڵانە زیاتر لە 10 کەس سەردانم دەکەن کە نەخۆشی ئایدزیان هەیە و، نزیکەی 50 کەسیشم چارەسەر کردووە، کێشەکەم ئەوەیە کە هەموو دەرمانێکم دەست ناکەوێت، ئەگەر وەزارەت یارمەتیم بدات رێژەی چارەسەری ئایدز زۆر بەرز دەکەمەوە".

لەبارەی ناسنامەی ئەو کەسانەی نەخۆشی ئایدزیان هەیە و سەردانی ئەویان کردووە دکتۆر ئیسماعیل گوتی "ئەوانەی نەخۆشی ئایدزیان هەبووە، خەڵکی کوردستانن، بەڵام لەدەرەوە دەژین، زۆربەشیان گەنجن".

یەکەم هۆکاری مردن لەکوردستان و جیهان نەخۆشیی دڵە، چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە جێی بایەخ پێدانی دکتۆر ئیسماعیلە، ناوبراو گوتی "20%ی ئەوانەی نەخۆشی دڵیان هەبووەو سەردانی منیان کردووە، چارەسەرم کردوون، هەیە دڵە مێکوتەیەتی ناتوانێ 5 مەتر بڕوات دادەنیشێ، دەرمانم داوەتێ دوای دوو مانگ هاتۆتەوە دەڵێت نیو کاتژمێر دەڕۆم ماندوو نابم"

دکتۆر ئیسماعیل وەک خۆی ئاماژەی پێدا، بڕوانامەکەی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دانیپێدانراوە"چەندین جار لەوەزارەت لێژنەیان ناردووەو گوتویانە کارەکەی تۆ سەلامەتە، ئیشی خۆت بکە". هەروەها ناوبراو ئاماژە بەوەش دەدات، کە دکتۆرەکانیش سەردانی دەکەن بۆ چارەسەری "دکتۆری وا هەبووە هاتووەتە لام بۆ چارەسەری ئێستا بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەکی گەورەیە".

> **چەندین جار لەوەزارەت لێژنەیان ناردووەو گوتویانە کارەکەی تۆ سەلامەتە، ئیشی خۆت بکە**
> دکتۆر ئیسماعیل عەلی



نەزۆکی، یەکێکە دیکە لەو گرفتانەیە دووچاری خێزانی کورد دەبێتەوەو بەردەوام بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێن بەتایبەتی ئەو کەسانەی حەزیان لە منداڵ بوونە، دکتۆر ئیسماعیل هۆکاری نەزۆکی بۆ خواردنی دەرمانی ئیکسپایەرو خواردنی خراپ و ئەوانەی لە تەمەنی ئاسایی خۆیان هاوسەرگیری ناکەن گەڕاندەوە.

سەبارەت بەچارەسەرییەکەشی گوتی دەتوانێت 40%ی نەزۆکی چارەسەر بکات "لە مانگێکدا نزیکەی 10 کەس دێن بۆ کێشەی منداڵ نەبوون، هەیە هاتۆتە لام 25 ساڵ منداڵی نەبووە ئێستا دوو منداڵی هەیە".

یەکێک لەو گلەییانەی رووبەرووی ئەو دکتۆرە دەبێتەوە گرانی نرخی چارەسەرییەکانییەتی، مام شەریف، یەکێکە لەو کەسانەی کە خۆی و کچەکەی سەردانی ئەو دکتۆرەیان کردووە، ئەگەرچی مام شەریف وەک خۆی باسیکردسوودێکی زۆری لەو دکتۆرە بینیوە، لە هە ما نکا تـدا گلەیی لە گرانی نرخی چارەسەرەکە هەبوو هەر کەسێک دەچێتە لای ئەو دکتۆرە 25 هەزاری لێ وەردەگرێ، 50 هەزاری لەمن وەرگرت، پێموایە ئەو بڕە پارەیە زۆرە".

بەڵام دکتۆر ئیسماعیل پێیوابوو دەرمانەکانی گران نین و لە بازاڕ هەرزانترن "دەرمانمان لەدەرەوە دێت زۆر گران دەیکڕین، نرخی دەرمانیش لەنێوان 5-50 هەزار دینارە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکاری خەڵکی هەژار دەکەم، پارەی دیاریکردنی نەخۆشیش لەکەس وەرناگرم".

# 40 قەرەوێڵە بۆ یەک ملیۆن کەس

## رۆژانە 1200 کەس روو لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر دەکەن



دوو ژن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر لەسەریەک قەرەوێڵە راکشاون (فۆتۆ:رووداو)

**رووداو – هەولێر**

هاوژینی تەمەن 21 ساڵ، لەسووچێکی نزیک دەرگای هۆڵی پێشوازیی نەخۆشخانەکە لەسەر عەرەبانەیەکی گواستنەوەی نەخۆش پاڵکەوتبوو، دەبەیەک ئاوی بۆ هەڵواسرابوو. هاوژین کە تووشی سکچوون و رشانەوە ببوو، باسی لەوەکرد کە ئەو لەبەر نەبوونی قەرەوێلە لێرە پاڵکەوتووەو گوتی"لەبەر بێ جێگەیی دوو نەخۆش لەسەر قەرەوێڵەیەک پاڵدەکەون،چونکە شوێنەکە بچووکە، زۆر جاری دیکەش هاتوومەتە ئێرە، لەبەر قەرەباڵخی بەپێی پێویست چارەسەر نەکراوم".

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، کە لەکۆتایی ساڵی شەستەکان دروستکراوە، سەرەتا نەخۆشخانەی منداڵان بوو، دواتر لەساڵی 1988 کراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و ئێستا تاکە نەخۆشخانەی فریاکەوتنە لەشاری هەولێرو دەوروبەری. جگە لە ئێمرجنسی کە چارەسەری سوتاوان و بەرکەوتوانی تەقەمەنی دەکات.

هەرچەندە ژمارەی دانیشتووانی شاری هەولێر لەهەڵکشاندایە و، بەپێی دوایین ئاماری پارێزگای هەولێر کە لەئاداری ساڵی 2007 ئەنجامدراوە، ژمارەی دانیشتووانی شاری هەولێر و دەوربەری 1306141 کەسە، بەڵام تەنیا یەک نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەشارەکەدا هەیە، کە بتوانێت چارەسەری حاڵەتە کتوپڕەکان بکات.

جەلیل عەبدوڵڵا، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست و کەموکورپییەکانی ئەم نەخۆشخانەیەی گەڕاندوە بۆ ئەوەی کە ئەم نەخۆشخانەیە تاکە نەخۆشخانەی فریاکەوتنە لەهەولێرو دەوروبەری، سەرباری ئەوەی رۆژانە لەقەزاو ناحیەکانیشەوە وەک سۆران، مەخمور، مێرگەسوور و ئاکرێ، هاووڵاتیان بۆ چارەسەرکردن رووی تێدەکەن.

بەپێی قسەی جەلیل نەخۆشخانەکە تەنیا دوو قاوشی پێشوازیان هەیە، لەگەڵ دوو قاوشی بەشی رووداوەکان کە هەر قاوشێک تەنیا 10 قەرەوێڵەی تێدایە، جەلیل دەڵێ"جاران کە ئەم نەخۆشخانەیە دروستکرا،دانیشتوانی هەولێر تەنیا 200 هەزار کەس بوو، ئێستا یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس لەم نەخۆشخانەیە چارەسەر دەکرێن، ئەمەش لۆدێکی زۆری لەسەر ئەم نەخۆشخانەیە دروستکردووە".

نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش، تارادەیەک کاریکردووەتە سەر شێوەی کارکردنی دکتۆرەکانی ئەم نەخۆشخانەیە کە نەتوانن وەکو پێویست چارەسەری نەخۆشەکان بکەن.

دکتۆر نیاز فارس، پزیشکی نیشتەجێی خولاو لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر ئەوەی بۆ (رووداو) خستەروو کە نەبوونی شوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان قەرەباڵغییەکی زۆری دروستکردووەو تەنانەت ئەوانیش ناتوانن وەکو پێویست کارەکانیان ئەنجامبدەن. ناوبراو گوتیشی "زۆر جار لەبەر قەرەباڵغی قاوشەکان نەخۆش هەبووە پێویستی بەمانەوەو چارەسەری زیاتر بووەو ئێمە ناچاربووین بەڕێیبکەین بۆ ماڵەوە تاوەکو بتوانین نەخۆشی دیکە چارەسەر بکەین".

بەپێی ئەو ئامارەی لە لایەن بەڕێوبەرایەتی نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەست (رووداو) کەوتووە، لەشاری هەولێرو دەوروبەری رۆژانە زیاتر لە 1200 حاڵەتی جۆراو جۆری نەخۆشی و رووداوەکان روو لەم نەخۆشخانەیە دەکەن بۆ چارەسەرکردن، بەڵام ژمارەی ئەو کارمەندو پزیشکانەی لەو نەخۆشخانەیە دەوام دەکەن بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی نەخۆشەکان زۆر زیاترە، ئەمەش وایکردووە کە گلەییەکی زۆر لەلایەن خەڵک رووبەرووی کارمەندەکانی ئەم نەخۆشخانەیە ببێتەوە.

جەلیل عەبدوڵلا، سەبارەت بەکەمی ژمارەی دکتۆرەکانیش لەو نەخۆشخانەیە گوتی "تەنیا 3 دکتۆریان بۆ هەر قاوشێک داناوە"، هەروەها ئەو دکتۆرە سیستەمی تەندروستی بەسیستەمێکی کۆن و تەقلیدی وەسفکردو، گوتی " تا ئێستا پزیشکی پسپۆری فریاکەوتنمان نییە، هەموو ئەرکەکان خراوەتە سەر شانی پزیشکی خولاو لەکاتێکدا لەهەموو وڵاتان پزیشکی تایبەت هەیە بە فریاکەوتن".

هەر لەبارەی کەمی ژمارەی پزیشک بۆ قاوشەکان دکتۆرە بەناز سەباح کە یەکێکە لەو پزیشکە خولاوانەی کە ماوەیەکە لەبەشی پێشوازی ئافرەتان کاردەکات بە (رووداو)ی راگەیاند، کە ژمارەی ئەو پزیشکانەی بۆ قاوشەکان دانراوە زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەو نەخۆشانەی دێنە ئەو نەخۆشخانەیە و هەروەها گوتی زۆر جار لەئەنجامی ئەو لۆدەی کە لەسەرمانە رووبەڕووی هەڕەشەو قسەی ناخۆش بووینەتەوە لەلایەن هاووڵاتیان.

حکومەت لە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکە دایە، هەر بۆ ئەو مەبەستە ساڵی رابردوو، بڕی 667 ملیۆن دیناری دابینکرد بۆ نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەڵام تا ئێستا ئەو پرۆژەیە تەواو نەکراوە.

جەلیل عەبدوڵلا سەبارەت بە وردەکاریەکانی ئەم پرۆژەیە رایگەیاند کە پرۆژەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دراوەتە کۆمپانیای ئارام بۆ نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن، هەروەها باسی لەوەشکرد کە ئەم پرۆژەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواونەبووە "ماوەی 6 مانگمان دانابوو، بەڵام نۆژەنکردنەوەکە 8 مانگی خایاند لەبەر کێشەی کارەبا چونکە پێویستمان بەکارەبایەکی زۆرەو محەویلەکانی خۆمان بچووک بوون ئەوەش پێویستی بەتەندەر بوو بۆیە دواکەوت ".

هەروەها ساڵی 2006 لەلایەن رێکخراوی بانکی نێودەوڵەتی بوودجەیەک دەستنیشانکرا بۆ نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن لەسەرانسەری عێراقداو بڕێک لەو پارەیەش لە رێگای وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە بۆ نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن لەشارەکانی کوردستان دیاریکرا.

د.هۆشیار محەممەد عارف، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی رزگاری سەبارەت بەیەکەی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەیان بە (رووداو)ی راگەیاند کە ماوەی یەک ساڵ و نیوە، لەسەر بوودجەی بانکی نێودەوڵەتی بڕی یەک ملیار و 250 هەزار دینار دابینکراوە بۆ نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی یەکەی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی رزگاری کە جاران تەنیا لە 18 قەرەوێڵە پێکهاتبوو،ئێستا کراوەتە 24 قەرەوێڵە.

هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە دەزگای (کۆیکا)ی کۆری بە بڕی 7 ملیۆن دۆلار یەکەیەکی فریاکەوتن لەسەر زەوی نەخۆشخانەی رزگاری دروستدەکات، کە لە 3 نهۆم پێکدێت و 50 قەرەوێڵەی تێدایە لەگەڵ 6 هۆڵی نەشتەرگەری.

سەبارەت بە وادەی تەواو بوونی ئەو یەکەیە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی رزگاری گوتی " پرۆژەکە لەکۆتایی مانگی تەمموزی ئەمساڵ تەواو دەبێت".

### لەسەر پێشنیازی بارزانی

# بە 240ملیۆن دۆلار هەولێر دەبێتە خاوەن دەریاچە و رووبارێک

**رووداو- هەولێر**

تەحسین قادر وەزیری سەرچاوەکانی ئاو بە (رووداو)ی راگەیاند کە کاری رووپێوکردن و دیزاینی پرۆژەی دەریاچەو رووباری هەولێر تەواوبووەو بەڕێوەبەری ئاودێریش دووپاتیکردەوە کە پرۆژەکە لە پلانی ساڵی 2009 دایە.

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی راکێشانی ئاوی زێی گەورە بۆ هەولێر پێشنیازی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لەبەغدا کاری رووپێوکردن و دیزاینی پرۆژەکەی تەواو کردووە.

بەگوێرەی ئەو نەخشەیە، لقێکی ئاوی زێی گەورە بە کەناڵێکدا بۆ دەریاچەیەک رادەکێشرێ کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری هەولێرو لەوێشەوە دابەش دەبێتە سەر دوو کەناڵ کە بە چواردەورەی شاری هەولێردا لێدەدرێ.

سەردار عومەر قادر بەڕێوەبەری ئاودێریی سەر بە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو رایگەیاند کە بڕی پارەی مەزەندەکراو بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکە 240 ملیۆن دۆلارەو بڕیاریشە بخرێتە کارنامەی ساڵی ئایندەوە.

تەحسین قادر وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی کوردستان لەبارەی گرنگی ئەو پرۆژەیە گوتی "شارەکانی کوردستان هیچیان لەسەر ئاو دروست نەکراون، بەڵام راکێشانی ئاوی زێی گەورە بوار دەداتە هەولێر لەئاوی ئەو زێیە بەهرەمەند بێت". هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوەی کارەکەی نەختێک دواخست ماستەرپلانی هەولێر بوو، لەبەرئەوەی دەبوا پرۆژەکە بخرێتە ماستەرپلانەکەوە . گوتیشی "ئەو کارانەی تائێستا کراون لەسەر بودجەی عێراق بووەو کە هاتە سەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە، لەگەڵ حکومەتی عێراق رێکدەکەوین کە چۆن جێبەجێی بکەین".

پرۆژەی دەریاچەو رووباری هەولێر لە 3 عەمباری ئاوی گەورەو وێستگەیەکی پاڵنانی ئاو پێکدێت کە 4-6 مەتردووجا ئاو لە رووباری زێی گەورەوە بۆ دەریاچەی هەولێر دەگوازێتەوە. ئەو وێستگەیە لە گوندی ئیفرازەوە لەسەر زێی گەورە بەدرێژایی 35 کیلۆمەتر بەنێو ئەو بۆریانەدا ئاو دەگەیێنێتە دەریاچەکە کە دەکەوێتە نێوان کۆمەڵگای شاوێس و هەولێرو، 1ملیۆن و 54 هەزار مەتردووجا ئاو لەخۆدەگرێت.

**■ سەربەست لەزگین بەرپرسی لقی یەکی پارتی لەم دیمانەیەدا باس لە ڕەوشی حیزبی وکارگێڕی دهۆک وپەیوەندی نێوان پارتی ویەکێتی وپارتی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات، بەرپرسی لق ئەوە ڕەتدەکاتەوە دەست لەکاروباری ناوخۆی حکومەت وەربدەن ودەڵێ " ئەم دیاردەیە هەر لەسەرەتاوە لە شاری دهۆک نەبووە" نکوڵیش لەوەناکات کەلە دهۆکیش گەندەڵی هەیە بەڵام وەک خۆی گوتی ئەوان تا ئێستا چەندین کەسیان لەسەر گەندەڵی داوەتە دادگە.**

**ڕووداو- دهۆک**

## سەربەست لەزگین بەرپرسی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# لە دهۆک چەندین کەس لەسەر گەندەڵی دراونەتە دادگە

**ڕووداو: سنووری لقی ئێوە هەتا کوێیە؟**

**سەربەست لەزگین:** کاتی خۆی سنووری لقی یەک هەموو هەرێمی بادینانی لەخۆ دەگرت، ئێستا لە هەرێمی بادینان پێنج لق هەیە، واتە لە سنووری کۆنی لقی یەک، پێنج لقی نوێ دامەزراون، بەرێگای ئەم لقانەشەوە توانیومانە زیاتر لەگەڵ خەڵکی هەرێمەکە تێکەڵ ببین ولە ئێش و پێداویستیەکانیان ئاگاداربین، من زۆر جار ئەوە دووپات دەکەمەوە و دەڵێم ئایا کاتی سنووری لقی یەک هەموو بادینانی لەخۆ دەگرت، بەرپرسیاری لق چۆن توانیویەتی کار بکات وئەو هەموو لقە مەزنە بەڕێوە ببات. ئێستا سنووری لقەکەمان بریتییە لە دوو قەزا دهۆک و سێمێل. بەڵام دیسان کارەکان زۆرن و بەڕێوەبردنیان هەروا ئاسان نییە.

**ڕووداو: ژمارەی ئەندامەکانتان چەندە؟**

**سەربەست لەزگین:** لە سنووری ئەم دوو قەزایەدا 14 بەرپرسیاری ناوچە هەن لەگەڵ 14کارگێر، ئەندام ناوچەکانیش ژمارەیان دەگاتە68 ئەندام.

**ڕووداو: ئێمە مەبەستمان لە ژمارەی ئەندامەکانی ڕێکخستنی سنوورەکەتان بوو وەک جەماوەر؟**

**سەربەست لەزگین:** ژمارەی ئەندامەکانمان لە نێوان 63 تا65 هەزار ئەندامە.

**ڕووداو: لە بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگە حکومییەکان کۆبوونەوەی حیزبی ئەنجام نادەن؟**

**سەربەست لەزگین:** نەخێر نییە، لە ناوهیچ فەرمانگەیەکدا ژوورێک نییە بەناوی ڕێکخراوی حیزبی، ئەم دیاردەیە هەر لەسەرەتاوە لە شاری دهۆک نەبووە.

**ڕووداو: تێڕوانینێک لەسەر دهۆک هەیە، کە دهۆک هی پارتییە ولەلایەن پارتییەوە مۆنۆپۆل کراوەوجگە لە پارتی ڕێگە بە حیزبەکانی تر نادرێت بەئازادی کاربکەن، ئەم تێڕوانینە لە هەموو کوردستان باوە، ڕای ئێوە چییە ؟**

**سەربەست لەزگین:** لەڕاستیدا زۆر حیزبی تر وەک یەکێتی، یەکگرتوو، سۆسیالیست، ئاشوری هتد. . لە دهۆک هەن بەڵام هەریەک لەم حیزبانە کاریگەریان سنووردارە و پارتی هەر لەکۆنەوە لەم دەڤەرەدا خاوەن بنکەیەکی جەماوەری بەهێزبووە، هەتا ئەمڕۆش پارتی ئەم جەماوەرەو کاریگەریەی هەیە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە هیچ حیزبی تر لەم دەڤەرە نییە.

**ڕووداو: لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی خەڵک زۆر لە یەکێتی و پارتی نارازیین و ڕەخنە لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم دوو حیزبە دەگرێن وخۆپێشاندانیش دەکەن، بەڵام لە دهۆک ئەم ناڕازیبوونانە بەو شێوەیەی لە سلێمانی وهەولێر هەن نابینین، هەندێک دەڵێن ئەمە لە ترسانە؟**

**سەربەست لەزگین:** دیارە دەسەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ لەلایەن یەکێتی و پارتی بەڕێوەدەچێت وەک دوو حیزبی سەرەکی، ئەم دەسەڵاتەش لە ئەنجامی دەنگدان یەکلایی بۆتەوە، ئەوانەی ڕەخنەو گازاندە دەکەن خەڵکی جۆراوجۆرن، لەناو شێوازی ئیدارەی ئێمەشدا خاڵی لاواز هەیە، بەڵام ئێمە وەک پارتی زیاتر لەسەر خاڵە لاوازەکان ڕادەوەستین و هەوڵ دەدەین چارەسەریان بکەین و بە سەرووی خۆمانی ڕادەگەیەنین. لەبەرامبەر ئەوەشدا خەڵکانێک هەن بەچاوێکی واقیعیانە سەیری ڕووداوەکان ناکەن و لە ڕوانگەی خۆیانەوە سەیری مەسەلەکان دەکەن. من بەپێچەوانەی ئەم خەڵکە دەبینم، لەوەتەی پارتی و یەکیەتی دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست پێشکەوتنی گەورەو گرنگ هاتوونەتە ئاراوە، مێژووش دەبێتە شایەدی ئەم ڕاستیە، پێش ئەوەی ئەم دوو حیزبە دەسەڵات بگرنە دەست خەڵکی ئێمە چۆن بوو؟ئەمڕۆ چۆنە؟کوردستان ئەوکات چۆن بوو وئەمڕۆ چۆنە؟لە هەر لایەنێکی ژیاندا

## لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دا یەکگرتووی ئیسلامی لە دهۆک نزیکەی 20 هەزار دەنگی هێنا، بەڵام ناتوانم بڵێم حیزبی دووەمە

پێشکەوتن و گۆڕان هاتووەتە ئاراوە، هەر کەسێکی خاوەن ویژدان دەبێت ئەم ڕاستیانە لەبەر چاوبگرێت، ئەم پێشکەوتنانەش لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە سەرکەوتووانە بووە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی ویەکێتی گرتوویانەبەر. ئەمە مانای ئەوەش نییە کە ئێمە بێ کەمو کوڕین، لەوانەیە بمانتوانیبایە لە زۆر ڕووی ترەوە کاری باشتر بکەین. خەڵکی دهۆکیش وەک هەموو خەڵکی کوردستان گازاندەو ڕەخنەی هەیە، بەڵام دەبێت ڕەخنە بۆ بنەبڕکردنی کەمو کوڕییەکان وپێشکەوتن بێت، ڕەخنەی بەم شێوەیەش ئێمە پەسندی دەکەین و پێی خۆشحاڵ دەبین، بۆ نموونە خەڵکێک هەیە دێتەلامان و ڕەخنەی توندیشمان لێدەگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەخنەکانیان بابەتین و لە ڕوانگەی دڵسۆزی و خۆشەویستیانە بۆ نیشتمان و حکوومەت ئێمە پێی دڵشاد دەبین. لەبەرامبەر ئەمانەشدا خەڵکانێکی تر هەن، بە فیتی هەندێک لایەنی ناحەز ودوژمن ڕەخنەدەگرن و ئامانجیان ئەوەیە ئەم پێشکەوتنانە سووک بکەن و بەڕووێکی پێچەوانەلە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە ودەزگاکانی ڕاگەیاندن پیشانی بدەن.

**ڕووداو: سکرتێری حیزبی سۆشیالیست حەمەی حاجی محمود دەڵێت، پارتی تا بیست ساڵی تر لە سلێمانی میوانە ویەکێتیش لە دهۆک هەروا، ئێوە لەگەڵ مەڵبەندی یەکێتی پەیوەندیتان چۆنە؟**

## هەر لەسەرەتاوە لە دهۆک دەستوەردانی حیزبی لە کاروباری حکومەتدا نەبووە

**یەکێتی هەست دەکات بەشدارە لە حکومکردنی دهۆکدا؟**

**سەربەست لەزگین:** هیچ قسەیەکم نییە لەسەرقسەکانی محەمەدی حاجی مەحمود، بەڵام ئێمە وەکو لقی پارتی و مەڵبەندی یەکێتی لە دهۆک باشترین هەماهەنگی و پەیوەندی و لە یەکتر تێگەیشتنمان هەیە، بە تایبەتی لەدوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی، لەم دواییەشدا کۆمیتەیەکی هاوبەشمان پێکهێناوەو ڕۆژانە لەبارەی هەموو مەسەلەکان پەیوەندیمان هەیە، هیچ گرژییەک لە نێوانماندا نییە. ڕەنگە بەشداری یەکێتی لە ناو فەرمانگەکەنی حکوومەت سنووردار بێت، ئەمەش پەیوەندی بە دروست کردنی کابینەی نوێی حکوومەتەوە هەیە، لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی نوێی حکوومەت زۆر شت گۆڕانیان بەسەر دا دێت جا لە سلێمانی بێت یان لە دهۆک.

**ڕووداو: سەرۆک ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (ڕووداو) دا دەڵێت، لە کۆی 44 وەزیر دهۆک سێ وەزیری هەیە، لەکۆی بودجەی تەرخانکراو بۆ کوردوستان تەنیا لە 6% بۆ دهۆکە و، هەروەها لە گۆڤاری (مەتین)دا هاتبوو کەلە کوردستان دوو پایتەخت و شارێکی فەرامۆشکراو هەیە، ئێوە چۆن سەیری ئەم تێڕوانینە دەکەن؟**

**سەربەست لەزگین:** بەڕاستی ڕەخنەیەکی بەم شێوەیە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت . من بەخۆم ئەم گلەیی و ڕەخنانەم گەیاندۆتە حکوومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان، بەڵام من باوەڕناکەم هیچ پلان وکارێکی بە ئەنقەست هەبێت لە پشت ئەم شتە یان مەبەستێک هەبێت لە پشت فەرامۆشکردنی دهۆک، دهۆک پێشتر مەڵبەندێکی بازرگانی ودەروازەی بەیەکەوە گەیاندنی خەڵکی کوردستان بە جیهانی دەرەوەبوو بەڵام دوای دروست کردنی فڕۆکەخانەکان لە کوردستان هەندێک گۆڕانکاری هاتنە ئاراو بزاڤی بازرگانی لە دهۆک وەک جاران نەما، دیسان دوای بڵاوبوونەوەی هەندێ ڕاپۆرتی تایبەت بە وەبەرهێنان لەلایەن ئەنجومەنەی وەزیران لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێژەی ئەو پڕۆژانەی لە ساڵی 2007 لە هەولێرو سلێمانی دروست کران و بەجێ گەیانران بەبەراورد لەگەڵ دهۆک زۆر جیاوازیان هەبوو ئەمە بووە مایەی ڕەخنەو گلەیی خەڵک وپرسییان بۆچی ڕێژەی دهۆک لەو پڕۆژانە هێندە کەمە، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی خەڵکی دهۆک ودەڵێم پێویستە حکوومەت زیاتر گرنگی بە شارەکەمان بدات، بە تایبەتی لە هەردوو لایەنی کشتوکاڵ و گەشت و گوزار، بەڵام بە گشتی ئێمە جیاوازی ناکەین لە نێوان دهۆک و هەولێر و سلێمانی و هەموویان بە شاری خۆمان دەزانین.

**ڕووداو: دەڵێن ئەوەی لە دهۆک دەسەڵاتتدارە لقی پارتییە، نەک دامودەزگاو فەرمانگەحکومییەکان ؟**

**سەربەست لەزگین:** ئەم لێکدانەوەیە واقیعی نییە، هەر بەڕێوەبەرایەتیەک سەربەخۆیی ئیداری هەیە و بە وەزارەتی تایبەت بەخۆی گرێدراوە، پارێزگاریش وەک نوێنەری حکوومەت سەرپەرشتیاری کارە ئیداریەکان دەکات بەبێ ئەوەی دەزگا حیزبیەکان پەیوەندییان هەبێت بەکارەکان. لەوانەیە هەندێک جار را گۆڕینەوە دەربارەی هەندێک پڕۆژەو کارە خزمەتگوزاریەکان بکرێت، ئەمەش مانای ئەوەنییە کە لق دەست لەکاروباری حکوومەت وەردەدات.

**ڕووداو: لەناو خەڵکیدا زۆر جار باس دەکرێت فڵانە بەرپرس فڵانە شتی لەکوێ دەست کەوتووە، لەوانەیە لەسەر ئێوەش هەمان شت گوترابێت، ئایا ئێوە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم قسانە دەکەن و ئایا لە دهۆک هیچ بەدواداچوونێک لەسەر گەندەڵی کراوە؟**

**سەربەست لەزگین:** ئەوەی بە حکوومەتەوە پەیوەندیدارە، ئەوان پێی هەڵدەستن، زۆر خەڵک هەیە لەسەر گەندەڵی ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە و سزا دراون، بەڵام خەڵکانێکیش هەیە شتەکان زۆر گەورەتر دەکات لە قەبارەی خۆی، نموونە لەوانەیە کەسێک بۆخۆی خانوویەک دروست بکات، دراوسێیەکەی بڵێت ئەگەر نەی دزیبێت ئەدی لە کوێی هێناوە، بەبێ هەبوونی بەڵگەیەک ئەمە دەداتە پاڵ ئەو خەڵکە، کێ نالێ ئەو کەسە بە هەوڵ وماندووبوون ولە ڕێگەی بازرگانی ئەوسامانەی کۆنەکردبێتەوە؟ یان لە دەرەوە پارەی بۆ نەهاتبێت. هیوادارم خەڵک بەو چاوە گشتگیرییە سەیری مەسەلەکان نەکات. قسەکانم مانای ئەوە نییە کارەکانمان هەمووی دروستەو هیچ گەندەڵیمان نییە، بێگومان خراپەکاریش هەیەبەڵام خەڵکێک هەیە دەیەوێ کەموکوڕییەکان لە خۆی زیاتر گەورە بکات. دیارە گەندەڵی خیانەتێکی گەورەیەو خۆزگە ئێمە بگەیشتباینە ئەو ئاستەی کە حکومەتەکەمان لێپرسینەوەی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەبکردایە کە گەندەڵی دەکەن.

**ڕووداو: هیچ ئامارێکتان هەیەکەلە دهۆک چەند کەس لەسەر گەندەڵی ڕووبەڕوی دادگا کراونەتەوە؟**

**سەربەست لەزگین:** نەخێر هیچ ئامارێکم لەبەر دەستدانییە، بەڵام دەزانم زۆرێک لەوانە سزا دراون ولەزیندانن و هەندێکیشیان هێشتا پڕۆسەی دادگاییکردنیان بەردەوامە، ئەمەش لەئەنجامی بەدواداچوونی حکومەتە بۆ دیاردەی گەندەڵی.

**ڕووداو: لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە کۆلیجی شەریعە لە دهۆک کرایەوە ودواتر داخرا، شانەی ڕێکخستنی ئیسلامی سیاسی لە دهۆک دروستبوون و ئیسلامییەکان هەوڵیاندەدا زۆر بەگەرمی ئیش لەسەر دهۆک بکەن بەو بیانووەی دهۆک ناوچەیەکی عەشایرییە، ئایا ئێستا هەست بە هەڕەشەی تەوژمی ئیسلامی دەکەن لە دهۆک؟**

**سەربەست لەزگین:** کۆلیژی شەریعە لەسەردەمی دەست بەکاربوونی ئێمە نەبوو، داخستنیشی لەلایەن حکومەتەوە نەبوو، بەڵکو بەڕێوەبەرایەتی ئەم کۆلیژە زەمینەی ئەم بڕیارەی خۆشکرد وخۆیان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە کۆلێجەکە نەمێنێت، دیارە زۆرینەی کۆمەڵگەی کوردی موسڵمانن، لە دهۆکیش حیزبی ئیسلامی هەن وکاردەکەن وەک یەکگرتوو کۆمەڵ، لەساڵانی ڕابردوو خەڵکی کوردستان بەڕەوشێکی ئابووری تەنگاو دەرباز بوو، ئیسلامی سیاسیش لای خۆیەوە ئەم ڕەوشەی لە ڕێگەی هەندێ ڕێکخراوی وەک ئیغاسەو ڕابیتە بە پێدانی هەندێک هاریکاری کەم قۆزتەوەو لەوانەیە تا ڕادەیەک توانیبێتی بنکەیەکی جەماوەری بۆ خۆی دروست بکات، ئەمەش شتێکی بەرچاوە، بۆنموونە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دا لە دهۆک یەکگرتووی ئیسلامی نزیکەی بیست هەزار دەنگی بەدەست هێنا بۆیە نکوڵی لەوە ناکرێ کە بنکەیەکی



**سەربەست لەزگین**

–لە ساڵی 1965 لە گوندێکی دهۆک لە دایکبووە.
– ئێستا لە قۆناغی چوارەمی کۆلێژی یاسایە.
– لە ئاداری 2007 بووەتە بەرپرسی لقی 1

جەماوەری خۆیان هەیە، شتێکی باشیشە کە ئەوان لەناو حکوومەتدابن و هێلی گشتی حکوومەت پەسند بکەن، نەک لەناو حکومەتدا بن و کەمو کوڕییەکانیش بکەنە ماڵی حکوومەت و دژایەتیش بکەن، پێشموایە ئەم بابەتە لەسەر ئاستی سەرکردایەتیش ولە ڕاگەیاندنیش باسکراوە، ئەگەر ئەوان بەشداری کابینەی نوێی حکوومەتیش بکەن دەبێت بەشدارییەکی ڕاست بێت و دووربێت لە دووڕوویی، تەنیا کەمو کوڕییەکان نەخەنە ئەستۆی پارتی ویەکیتی .

**ڕووداو: ئایا دەتوانین بڵێین یەکگرتوو لەڕووی جەماوەرییەوە، لە دهۆک بە پلەی دووەم دێت؟**

**سەربەست لەزگین:** ناتوانم بڵێم یەکگرتوو حزبی دووەمە، چونکە یەکێتیش هەیە لێرە، ئێمە هیچ ئامارێکی وردمان لەبەر دەست دانییە تا بزانین یەکگرتوو یان یەکێتی حیزبی دووەمە لە دهۆک.

## ئیغاسە و ڕابیتەی ئیسلامی گوزەرانی خراپی خەڵکی کوردستانیان قۆستەوە بۆ دروستکردنی پێگەی جەماوەری بۆ خۆیان

**ڕووداو: پەیوەندی ئێوەو یەکگرتوو لە چ ئاستێکدایە؟بە تایبەتی دوای سووتانی بارەگاکانی یەکگرتوو؟**

**سەربەست لەزگین:** ئەم ڕووداوە شتێکی نەخشە بۆ کێشراو نەبوو، پێویست ناکات نوێی بکەینەوەکەلە ئەنجامی هەندێک هەڵە دروستبوو، بەڕای من ئەوان زیاتر بەرپرسیارن، چونکە هەندێک هەڵوێستیان وەرگرت وهەستی خەڵکی ئێمەی توندکرد وئەوەبوو ئەو ڕووداوە دروستبوو، بەڵام بارەگاکانیان جارێکی تر ئاوەدان کرانەوەو ئێستا کاری ئاسایی خۆیان بەڕێوە دەبەن وپەیوەندیمان لەگەڵ یەکەوە هەیە، زۆر جاریش لەگەڵ حیزبەکانی تریش بەیەکەوە کۆبوونەوە ئەنجام دەدەین و گفتوگۆ دەکەین.

**ڕووداو: هۆکاری گرێنەدانی کۆنگرە چییە لای ئێوەو یەکیتی، هەندێک دەڵێن یەکێتی وپارتی لەبەر یەکتر کۆنگرە ناکەن، بەرپرسی لقی چوار دەڵێت تاوەکو ئێستاش پارتی لە بەرنامەی خۆی داوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام دەکات بەو مانایەی تائێستاش پەیڕەوی ناوخۆی پارتی هی سەردەمی پێش ڕووخانی سەددامە، لەسەر ئاستی سەرکردایەتی چۆن باسی کۆنگرە دەکرێ و ئایا گرێنەدانی کۆنگرە لای پارتی هیچ پەیوەندییەکی بە گرێنەدانی کۆنگرە هەیە لای یەکێتی؟**

**سەربەست لەزگین:** باوەڕناکەم گرێنەدانی کۆنگرەی هەردوو لا هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکترەوە هەبێت، لەسەر ئاستی سەرکردایەتیش لێکدانەوەیەکی بەم جۆرە نییە، کۆنگرەی یەکێتی تایبەتە بەخۆیان، هی پارتیش بە هەمان شێوە، ڕاستە پەیڕەوو پڕۆگرامی پارتی چەند ساڵێکی بەسەر داچووە، کۆنگرە سێ چوار ساڵی بەسەرداچووە چونکە عادەتەن هەرچوار ساڵێک جارێک کۆنگرە دەبەسترێت، بەڵام دواکەوتنی کۆنگرە بەندە بەچەند هۆکارێکی ناوخۆیی و دەرەوەو ڕەوشی سیاسی عێراق و ناوچەکە وکێشەکانمان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ، هەندێک شتی زۆر گرنگتر لەئارادایە کەسەرکردایەتی کاری لەسەر دەکات لەوانە ماددەی 140، بە پێی زانیاری ئێمەش مەکتەبی سیاسی پارتی هەمیشە لەگەڵ جەنابی سەرۆک زۆر جار باسی گرنگی وپێویستی گرێدانی کۆنگرەیان کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی کۆنگرەبکرێت، پێویستە ئامادەسازییەک بکەین بۆ ئەوەی ببێتە کۆنگرەیەکی چۆنایەتی وسەرکەوتوو بێت لە هەموو ڕوویەکەوە . ئەگەر ئەمساڵیش نەمانتوانی کۆنگرە ببەستین ئەوە بەڕای من کێشەیەکی وا نییە.



دیمەنێک لە شاری دهۆک

(فۆتۆ: ڕووداو)

# هونەر



## تارا رقی لە سەربڕینی ئاژەڵانە

تایبەت بەرووداو

◆ خانمە هونەرمەندی کورد تارا رەسول کە ئێستا بۆسەردان لە سلێمانییە و بڕیارە چەند کۆنسێرتێک لەکوردستان سازبکات . تارا هەرچەندە ئێستا باری تەندروستیشی باش نییە، بەڵام بەنیازە لە چەند رۆژی داهاتوودا کۆنسێرتێک لە شاری چۆمان سازبکات. (رووداو) زانیویەتی کە تارا خان زۆر رقی لەسەر بڕینی باڵندە و ئاژەڵانە. لەپەیوەندییەکیشیدا لەگەڵ (رووداو) ئەوەی دووپاتکردووەو گوتی "ئەگەر بەبەرچاومەوە ئاژەڵێک سەر ببڕدرێت مەحاڵە بتوانم گۆشتەکەی بخۆم و نیگەران دەبم".

## حیسامەدین لوڕنەژاد:

# کاسێتێکم ملیۆنێک و 500 هەزار دانەی لێفرۆشرا



حیسامەدین لوڕنەژاد، کوڕی حیشمەتوڵڵا لوڕنەژاد هونەرمەندی بەناوبانگی کوردی کرماشانییە، ساڵی 1977 لەتاران لەدایکبووە، بنەماڵەی لوڕنەژاد بنەماڵەیەکی رۆشنبیروهونەردۆستن، بەهۆی ئەوەی باوکی حیسام گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش بووە، زۆربەی هونەرمەندانی کرماشان دەچوونەماڵیان و زۆرجار دانیشتنی هونەرییان ساز دەکرد، حیسام وەکو خۆی دەڵێ لەمنداڵییەوە لەنێو میوزیک و گۆرانی گەورە بووە، بەڵام بە گلەییەکی زۆرەوە باس لەوە دەکات کە بەرهەمی کوردی لەئێران فرۆشێکی ئەوتۆی نییەو هونەرمەندان ناچارن روو لەگۆرانیی فارسی بکەن.

هەڤپەیڤین: حوسێن هیممەتی

**رووداو: سەرەتای کاری هونەریی تۆ چۆن دەستیپێکرد؟**

**لوڕنەژاد:** ساڵی 1994 من دەفژەنی گرووپی مۆسیقای شەمس بووم و لەگەڵ هونەرمەند شەهرامی نازری کارم دەکرد، دواتر بۆ ماوەی ساڵێک وانەی مۆسیقام لەلای هونەرمەند محەممەد رەزا شەجەریان خوێند، دوای ئەوەی باوکم لە1995 کۆچی دوایی کرد ئیتر نەمتوانی درێژە بەو خوێندنە بدەم، کۆچی باوکم زیانێکی زۆری بەمن گەیاند، دوو ساڵ دوای کۆچی باوکم، دایکم داوای لێکردم گۆرانی بڵێم، قەت بیرم لە گۆرانیبێژی نەدەکردەوە، یەکێک لە هاوڕێیانی کۆنی باوکم لەرادیۆی کرماشان بوو، پەیوەندی پێوە کردم و هانیدام گۆرانی بڵێم، ئەوەبوو چووم و گۆرانییەکم تۆمار کرد، زۆریان پێخۆش بوو، 3 مانگ دواتر لە رادیۆو تەلەڤزیۆنی شاری سنە، پەیوەندییان پێوەکردم و داوایان لێکردم بچم و گۆرانییەک بڵێم، لەوێ بۆ یەکەمجار گۆرانییەکی کوردیم بەنێوی (جووتیار) گوت. ئەودەم کۆتایی ساڵی 1997 بوو، ئەو گۆرانییە لەفیستیڤاڵێکی زۆر گەورە پلەی یەکەمی هێناو توانیم پلەی یەکەمی گۆرانیبێژی فۆلکلۆری ئێران بەدەستبێنم.

**رووداو: دەڵێن کاسێتێکت بووە پڕفرۆشترین بەرهەمی ئێران ؟**

**لوڕنەژاد:** دوای ئەوەی ساڵی 1999 لەکرماشان چووینە کەرەجی نزیک تاران و لەوێ نیشتەجێ بووین، بەهۆی هاوڕێیەکم بەنێوی حوسێن رۆستەمی کە ژەنیاری ساز بوو، جەلیل عەندەلیبیم ناسی، کاک جەلیل دەنگی منی بیست و داوای لێکردم ئەلبوومێک بەناوی (با قدسیان 2) دروستبکەین، ئەلبوومێکی عیرفانیی بوو کە دوای بڵاوکردنەوەی لەساڵی 2000 بووە پڕفرۆشترین کاسێتی ئێران و، نزیکەی ملیۆنێک و 500 هەزار دانەی لێفرۆشرا.

**رووداو: بەڵام هەندێ لەو گۆرانیانەی لەو کاسێتەدا گوتووتە، میوزیکەکەیان تورکییە، بۆنموونە یەکێک لەو گۆرانییانەی گوتووتە ئاوازەکەی هی ئیبراهیم تاتلیساسە؟**

**لوڕنەژاد:** بەڵێ راستە، بەڵام کاتێک گۆرانیبێژێک دەستبەکار دەبێ بیر لەو شتە ناکاتەوە، من کارم بەکەسایەتی ئیبراهیم تاتلیساس نییە، بەڵام دەنگیم زۆر پێخۆشە، ئەو کاتەی تازە دەستم بەگۆرانی گوتن کردبوو، ئەوەندە مەیلی گۆرانی گوتنم هەبوو زۆربەی ئەو گۆرانیانەی گوێم لێ رادەگرتن و پێمخۆش بوون هەوڵمەدەدا بیانڵێمەوە، بیرم لەوە نەدەکردەوە کە چ گۆرانییەک دەڵێم، دەنگی ئیبراهیمیش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو. بەڵام جگە لەو زۆرتر گوێم لەشڤان پەروەر رادەگرت.

**رووداو: دوای 5 ساڵ بێدەنگی چۆن بڕیارتدا دەست بە گۆرانی گوتن بکەیەوە؟**

**لوڕنەژاد:** بەهۆی هەندێ مەسەلەوە نەمتوانی کاری نوێ پێشکەش بکەم، بەڵام دوای ئاشنابوونم لەگەڵ شاعیر عەبدولڕەحمان بێلاف، توانیم پەیوەندی لەگەڵ ئێرە ببەستم و ئەلبوومێکی نوێ دروست بکەم کە لە 7 گۆرانی پێکهاتووەو شیعرەکانی لەلایەن کاک عەبدولڕەحمان دانراون و بڕیارە لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک موزیک پەخش و بڵاوبکرێتەوە. ئەو ئەلبوومە لەئەلبوومەکانی پێشوومکەمێک جیاوازەو هەست دەکەم خەڵکی ئێرە بەلایانەوە خۆش بێ، لێرە گوێگری جیاوازمان هەیەو زۆربەی ئەو مۆسیقایانەی گوێی لێ رادەگرن نزیکە لەمۆسیقای تورکی، ئێمە هەوڵماندا بەو شێوەیە کاربکەین.

**رووداو: لەڕووی هاوکاریکردنی هونەرمەندان، ئێران باشترە یان کوردستان؟**

**لوڕنەژاد:** پرسیارێکی دژوارە، لێرە خەڵک و حکومەت نزیکترن لەهونەرمەندان، بەڵام لەوێ وانییە، ئەو پارەیەی لێرە بۆ هونەر تەرخان دەکرێ بەبەراورد لەگەڵ ئێران زۆر زیاترە.

> **چیتر گۆرانی ئاینی ناڵێم چونکە نامەوێ بەناوی خواو پێغەمبەرەوە پارە کۆبکەمەوە**

**رووداو: بۆچی ئەلبوومی (موتریب) بۆ تۆ شکستێکی گەورە بوو؟**

**لوڕنەژاد:** ئەلبوومی موتریب جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەلبوومەکانی دیکەم، ئەو کەسانەی گوێیان لەمن دەگرت، هەموویان گوێگری ئاینیی بوون، بەدوای ئەو شیعرو گۆرانیانە دەگەڕان کە عیرفانین، پێمخۆش نییە هیچ کاتێک ئاین لەگەڵ شتەکانی دیکە تێکەڵ بکەم، ئاین جێگەو شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و رێزێکی زۆرم بۆی هەیە، بەڵام کەشی ئێران بەشێوەیەک بوو کە ئەو ئەلبوومانەی من دروستمکردبوون بەتایبەت (موتریب) بەشێوەیەکی دیکە بەکاریان دەهێنا و پارەیان بەنێوی خوداو پێغەمبەر(د.خ) پێ پەیدا دەکرد، بۆیە بڕیارمدا چیتر گۆرانی ئاینی نەڵێم و، پێمخۆش نەبوو بەهۆی خوداو پێغەمبەرەوە پارە کۆبکەمەوە، بۆیە رێگەی خۆم گۆڕی، هەر دوای ئەوەی بڵاوبووەوە نزیکەی 300 هەزاری لێفرۆشرا، لەکاتێکدا ئەلبومەکانی باقدسیان 2، ستارە، گوڵدانی شکاو کە لەگەڵ ئۆرکێسترای سیمفۆنی میللی ئێران دروستمکردبوو هەر یەکەیان نزیکەی ملیۆن و نیوێکیان لێفرۆشرابوو.

**رووداو: وەک ئاگادارین یەکەمین بەرهەمت بە فارسی بوو، بۆچی بە کوردی گۆرانیت نەگوت؟**

**لوڕنەژاد:** لەبەرئەوەی لەئێران هیچ گرنگییەک بە بەرهەمی کوردی نادرێ، بنەماڵەی کامکار چەندین ساڵ بەرهەمی کوردییان تۆمارنەکرد، چونکە فرۆشی نییە، جگە لەوە ئەوەندە سانسۆرو کۆسپی دیکە هەیە کە ناتوانی گۆرانی کوردی بڵێی، هەروەها کۆپیکردنی بەرهەمەکان یەکێکە لەژەهرە کوشندەکان ولە لەئێران زۆرە، لەکوردستانیش هەستم بەو شتە کردووەو بەرهەمی هونەرمەندان کۆپی دەکرێ، ئەوە پشتی هونەرمەند دەشکێنێ، من لەبەر زۆر کێشە نەمتوانیوە بەکوردی گۆرانی بڵێم، گۆرانی کوردی لەئێران نافرۆشرێ، بەگشتی کۆمەڵگەی ئێران رێگە بەمۆسیقای فۆلکلۆری کوردی نادات و گرنگی پێنادات، لەلایەن وەزارەتەکانەوە کێشەو گرفتی زۆرت بۆ دروست دەکرێ و مۆڵەت نادەنە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان، ئەگەر بشدرێت کۆمپانیاکانی بڵاوکەرەوە پارەیەکی زۆر بۆ رێکلام و بڵاوکردنەوەی خەرج ناکەن، ئەوەش کاریگەری زۆرە لەسەر فرۆشی بەرهەمەکە.

**رووداو: تۆ لەخێزانێکی کرماشانی لەدایکبووی، بۆچی پێشتر کرماشانییەکان خۆیان بەکورد نەدەزانی و کەمێک خۆیان لەکوردبوونیان دووردەگرت؟**

**لوڕنەژاد:** بەداخەوە زۆربەی کرماشانییەکان خۆیان بە کورد نازانن، لەوانەشە کورد نەبن، چونکە ئەگەر کورد بن دەبێ شانازی بەکوردبوونی خۆیانەوە بکەن.

**رووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندە فارسەکان چۆنە، زیاتر پەیوەندیت لەگەڵ کامیان هەیە؟**

**لوڕنەژاد:** پەیوەندی باشم لەگەڵ هونەرمەند موعین ئەسفەهانی هەیە، لە ئەلبوومی نوێی کە ساڵی 2009 بڵاودەکرێتەوە، ئاوازی دوو گۆرانیم بۆ داناوە کە بە فارسین و یەکێکیان ناوی (سوگلی)یە. جگە لەوە پەیوەندیم لەگەڵ داریوش و سیاوەش قومەیشی و چەند هونەرمەندێکی بەناوبانگی فارس هەیە.

**رووداو: بۆچی زۆربەی کلیپەکانت لەتەلەڤزیۆنە فارسییەکانی ئەمریکا بڵاودەکرێنەوە ؟**

**لوڕنەژاد:** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی لەئێران هەیە، لەئێران سانسۆر هەیە، زۆربەی ئەو شیعرانەی بۆ گۆرانییەکان دەنووسرێن سانسۆر دەکرێن و رێگەیان پێنادرێ، تەنیا ئەو شیعرانە نەبێ کە خۆیان پێیانباشە، تەلەڤزیۆنەکانی ئێران هێڵێکیان بۆ خۆیان داناوە کە پێم شتێکی باش نییە، زۆربەی کلیپەکان بەهۆی ئەوەی لەوێ رێگەیان پێنادرێ، لەدەرەوەی وڵات بڵاودەکرێنەوە، ئەگەر هونەرمەندیش گۆرانی نەڵێت و دەنگی نەگاتە خەڵک، لەخەفەتان دەمرێ و جەڵتە لێی دەدا.

## حەسەن سیساوەیی بازاڕی گەرمەو فرۆشتنی بێ حیسابە

# گۆرانیبێژە کۆنەکان زیندوو دەبنەوە

دڵپاک زرار
رووداو – هەولێر

تا ئێستاش فرۆشی بەرهەمی گۆرانیبێژە کۆنەکان زۆرەو بەشێک لەگوێگران و خاوەنی تۆمارگەو سەنتەرەکانیش هۆکارەکەی بۆ لاوازی هۆنراوەی بەرهەم نوێیەکان دەگەڕێننەوەو گەنجێکیش دەڵێ "گۆرانییە نوێیەکان وایان لێکردووم زیاتر گوێ لە گۆرانییە کوردییە رەسەنەکان بگرم".

دەنگی حەسەن زیرەک لەتۆمارگەکە دەهاتە دەرەوە و خەڵکێکی زۆر لەتۆمارگەکە کۆببوونەوەوداوایبەرهەمەکانی حەسەن زیرەکیان دەکرد، ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە ساڵیادی کۆچی دوایی حەسەن زیرەک بوو، خاوەنی تۆمارگەکە زۆر خۆشحاڵ دیار بوو.

سەردار سەفین، کە کوڕە گەنجێکی هەولێرییە، زۆر حەز لەدەنگی حەسەن زیرەک دەکات، تەنانەت دەنگی خۆیشی بەدەنگی حەسەن زیرەک دەچێ کاتێک گۆرانی دەڵێ، بۆ (رووداو) گوتی "بەراستی ئەوان گۆرانیبێژبوون، دەنگێکی زوڵاڵ و خۆشیان هەبوو".

سەردار کاسێتی هەموو گۆرانیبێژە کۆنەکانی هەیە و لەماڵەوە تۆمارگایەکی بچووکی بۆخۆی داناوە "هەموو بەرهەمەکانی گۆرانیبێژان، حەسەن زیرەک، تاهیر تەوفیق و، سەید عەلی ئەسغەرو عەلی مەردان و مامڵێم هەیە، زۆرجار بەدیاری دەیدەمە هاوڕێکانم".

کولتورو مۆسیقاو گۆرانی هەر وڵاتێک ناسنامەی ئەو وڵاتەیە، بۆیە گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنە بەتەمەنەکان هەمیشە داوا لەگەنجەکان دەکەن مۆرکی رەسەنایەتی بەبەرهەمەکانیانەوە دیاربێت و خۆیان ون نەکەن.

لەو سالانەی دواییدا گۆرانی و مۆسیقای رەسەنی کوردی دووبارە جەماوەری بۆ گەڕاوەتەوە، زۆربەی گۆرانیبێژە نوێکانیش هەوڵدەدەن مۆسیقا و گۆرانییە کۆنەکان بەشێوازی نوێ بڵێنەوە، هەڤاڵ، خاوەنی تۆمارگەی برادۆست بۆ (رووداو)



عەلی ئەسغەری کوردستانی



مامڵێ



تاهیر تۆفیق



ئەیاز زاخۆیی



حەسەن زیرەک

دەڵێت "ئەو گۆرانییەی لەلایەن گەنجان بگوترێتەوە یان مۆسیقاکەی نوێ بکرێتەوە گەنجەکان پێش بەتەمەنەکان داوای دەکەن". ئەو خاوەن تۆمارگەیە بەرهەمی نوێی شەمال ئەحمەدی بەنموونە هێنایەوە کە مۆسیقاکەی نوێ کراوەتەوە و داواکاری زۆری لەسەرە.

لەتۆمارگەی برادۆست زیاتر بەرهەمی لاوکی گۆرانیبێژەکان دەڕوات، بەڵام شەهاب ئەحمەدی خاوەنی سەنتەری مەتین ئاماژەی بەوە کرد لەلای ئەو زیاتر حەیران دەفرۆشرێت و ئەو حەیرانانەی کە گەنجەکانیش دەیڵێنەوە "بازاڕیان باشە". لە لاوک بێژەکانیش لاوکەکانی محەممەد عارف جزیری و عیسا بەرواری گوێگریان زۆرە.

لاوەند شێرزادی تەمەن 28 ساڵ، زیاتر گوێ لە حەیران و لاوک دەگرێت و گۆرانی کوردی لەسەر ئاوازی بیانی بەتایبەتی هی وڵاتانی دەوروبەر بەهەموو شێوەیەک رەتدەکاتەوە و دەڵێ "من کوردم کەواتە دەبێت میوزیکیشم کوردی بێت".

زۆر بەکەمی کچان گوێ لەگۆرانیبێژە کۆنەکان رادەگرن، لەبەر ئەوەی وەکو خاوەن تۆمارگەییەک باسیکرد زۆربەی کچان گوێ لەگۆرانیبێژە نوێیەکان رادەگرن و، بۆ (رووداو) گێڕایەوە کە "جارێکیان 3 کچی گەنجی سلێمانی هاتبوونە دوکانەکەم، کوڕێکی گەنجیش لێرە بوو کە داوای گۆرانییەکانی تاهیر تۆفیقی کرد، یەکێک لەکچەکانیش کە کەمێک کراوە بوو بەکوڕەکەی گوت (گوێ لە نوێیەکان بگرن، بۆ خۆتان پیر دەکەن، گوێ لەنوێ بگرە تا نوێ بیتەوە)، کوڕەکەش وەڵامی دایەوە نوێیەکان هیچ چێژێکیان لێ وەرناگرم و هەمووی گۆرانییەکانیان دووبارەیە".

بەڵام کوردستان باپیر کە کچە قوتابییەکی کۆلێژی ئەدەبیاتە داوای بەرهەمەکانی تاهیر تۆفیقی دەکرد و گوتی "هەر بەرهەمێکی نوێ لەگۆرانییە رەسەنەکان وەرگیرابێت گوێی لێ رادەگرم، بەڵام بەرهەمە نوێیەکانیش خراپ نین چونکە هەندێکیان باشن".

عارەب عوسمانی گۆرانیبێژ و حەیرانبێژ لەوبارەیەوە بۆ (رووداو) دەڵێ "لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانی ئێستا لاوازن و ئاوازەکانیان بیانین، خەڵک گوێ لەگۆرانییە کۆنەکان دەگرێت، باشە ئەگەر ئەوە نەبێ گوێ لە چ بگرێت؟!".

ئازادی تەمەن 32 ساڵ کە هاوڕای عارەب عوسمانە لەهەمانکاتدا گوتی "گۆرانییەکانی ئێستا تەنها بۆ هەرزەکارانە".

سەنتەری ئەربائیلۆکە یەکێکە لەگەورەترین سەنتەری بڵاوکەرەوەی بەرهەمی هونەری هونەرمەندان تائێستا زیاتر لە50 هەزار دانە بەرهەمی حەسەن زیرەکی فرۆشتووەو وەکو باس دەکا رۆژانەش داوایەکی زۆری لەسەرە و، بەرهەمی تاهیر تۆفیقیش 10 هەزار دانە سیدی لێفرۆشتووە، دیدار شێرزاد دەڵێ "بەڵام بەرهەمی حەسەن سیساوەیی لەبەر زۆر فرۆشتنی بێ حیسابە و نازانرێت چەندی فرۆشراوە، هەرچی گۆرانیبێژەکانی

> **گۆرانییەکانی ئێستا لاوازن و ئاوازەکانیان بیانین، بۆیە خەڵک گوێ لەگۆرانییە کۆنەکان دەگرێت**



عارەب عوسمان

ناوچەی بادینان و باکووری کوردستانە، وەکو محەممەد عارف و ئەیاز زاخۆیی بەرهەمەکانیان زیاتر دەفرۆشرێت".

بەرهەمی گۆرانیبێژە ژنەکان زۆر بەکەمی دەفرۆشریت، بەختیار حاجی لەسەنتەری مێرگەسۆر هۆی ئەوەی بۆ کەمی بەرهەمی ژنە گۆرانیبێژەکان گەڕاندەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا گوتی "بەرهەمی ژنە هونەرمەندە گەنجەکانی باکووری کوردستان بەهۆی ئاوازەکانیان کە ئاوازی کوردییە ئاستی فرۆشتنیان لەئاستی فرۆشی بەرهەمی هونەرمەندانی دیکەی باشووری کوردستان زۆرترە، بۆنموونە شەهریبانا کوردی تاکە گۆرانیبێژی ژنە کە بەردەوام داوا دەکرێت".

وەکو خاوەن سەرنتەرەکان باس دەکەن بەرهەمی رەسەنی بیانیش داواکاری لەسەرە، بەڵام کەمتر لەگۆرانییە کوردییەکان، گۆرانیبێژانی عێراقیش جەماوەرێکی زیاتریان هەیە لەوانەی دیکە، لەبەرهەمی فارسییەکانیش هایدەو مەهەستی و موعین ئەسفەهانی داوایان لەسەرە، لە گۆرانییە تورکییەکانیش وەک بەختیار دەڵێت "گۆرانییەکانی ئەحمەد کایا کە بەتورکین، گەنجەکان زۆریان حەز لێیە و داواکاری زۆرە".

گۆرانی ریتمی خێرا زیاتر لەناو هەرزەکاران رەواجیان زۆرە، تەنانەت ئەگەر کۆنیش بن، هەروەک خاوەنی سەنتەری ئەربائیلۆ گوتی "گەنجی سەروی تەمەن 20 ساڵ داوای گۆرانی هێدی دەکات، بەڵام ئەگەر بۆ هەڵپەڕکێیان بێت، سەعید گاباری لەهەموویان زیاتر داوا دەکرێت".

وەکو خاوەنی سەنتەری برادۆست باسیکرد بەرهەمی گۆرانیبێژە بەتەمەنەکان کە ئێستا لەژیان ماوەن و ئاوازی گۆرانییەکانیان کوردی رەسەنە زیاتر گوێیان لێ دەگیرێت لەوانەی کە ئاوازەکانیان بیانین، هەڤاڵ گوتی"تا بەرهەمێک کە ئاوازەکەی بیانی بێت دەفرۆشم 10 بەرهەمی ئاوازی کوردی دەفرۆشم".

کاروان محەممەد دوکاندار لەبازاری قەیسەری وەک خۆی باسی کرد گوێ لەهەموو گۆرانییەک رادەگرێت "گۆرانییە نوێیەکان وایان لێکردووم زیاتر گوێ لەو گۆرانییە کۆن و رەسەنەکانی کوردی بگرم".



## دیلپۆسکی: ڕائوول باشترین هێرشبەرە لەمێژووی ئیسپانیادا

ڕووداو ـ ماڵپەڕی ڕیال مەدرید

◆ دیلپۆسکی، ڕاهێنەری نوێی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند" ڕائوول گۆنزالیس باشترین هێرشبەرە لەمێژووی ئیسپانیادا، بۆیە شەرەفە بۆ من بیگەڕێنمەوە ڕیزی هەڵبژاردەی ئیسپانیا، ئەگەر بسەلمێنێت کە شیاوە".بەر لەم لێدوانە ڕووداو لەژمارەی پێشوودا پێشبینی گەڕانەوەی ڕائولی کردبوو.

### یونس مەحمود:

# ئامادەم یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم

■ دوای گەڕانەوەی لەئەڵمانیا، کە بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری چوو بوو، ڕووداو سەردانی ماڵی یونس مەحمودی کاپتنی هەڵبژاردەی عێراق و گۆڵکاری یانەی غەرافەی قەتەری کردو ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازدا:

ئیحسان تاهیر
ڕووداو ـ دوویز

**ڕووداو: گەشتەکەت بۆ ئەڵمانیا تەنیا بۆ چارەسەری بوو؟**

**یونس:** بەڵێ، لەنەخۆشخانەیەکی شاری میۆنخ نەشتەرگەریەک بۆ پشتم کرا، کە لەدوای پاڵەوانێتی جامی نەتەوەکانی ئاسیاوە هەستم بەئازاری پشت دەکرد.

**ڕووداو:دەڵێن یانەیەکی ئەڵمانی داواکارییان پێشکێشکردووی؟**

**یونس:** نەخێر گەشتەکەم تەنیا بۆ چارەسەری بوو.

**ڕووداو: هەر لەیانەی غەرافە دەمێنییەوە؟**

**یونس:** بەڵێ بۆ 3 ساڵی دیکە بۆندەکەم لەگەڵ غەرافەدا درێژ کردووەتەوە، بەڵام یەکێک لەمەرجەکانی ئەوەیە هەریانەیەکی ئەورووپا داوا بکات دەتوانم ماوەی ساڵێک بەشێوەی خوازراو یاری بۆ بکەم.

**ڕووداو: هیچ داوایەکی یانەیەکی ئەورووپات بۆ هاتووە؟**

**یونس:** بەڵێ، بەر لەوەی نەشتەرگەری بکەم هەرسێ یانەی فەرەنسی، لیل و بۆردۆو سوشو داوای بۆندیان لێکردم، کە لەگەڵ سوشودا بەتەواوی ڕێککەوتووم، بەڵام بەداخەوە پێکانەکە بووەتە بەربەست، کەهیوادارم دوای چاکبوونەوە بچمە ڕیزەکانی سوشو.

**ڕووداو: چەندت پێویستە بۆ چارەسەربوونی تەواو؟**

**یونس:** بەمەزندەی پزیشکان دوای 45 ڕۆژ دەتوانم دەست بەمەشقەکان بکەمەوە.

**ڕووداو: لەوەرزی 2006 ـ 2007 نازناوی گۆڵکاری خولی قەتەریت بەدەستهێنا، بەڵام پارساڵ نەتانتوانی ئەو نازناوە بپارێزن؟**

**یونس:** چونکە تووشی پێکان بووم و 10 یاری دابڕام، ئەگەر هەموو یارییەکانم کردبا، ئێستاقسەیەکی دیکەم دەبوو.

**ڕووداو: بوونی یاریزانی بەرازیلی و ئەرژەنتینی بەربەستێک نییە لەبەردەمت، بۆ ئەوەی زیاتر نێوبانگ دەر بکەی؟**

**یونس:** نەخێر، ئێمە هیچمان لەئەوان کەمتر نییە.

**ڕووداو: دەڵێن عێراق هەر یاریەکی لەگەڵ قەتەر هەبێت، یونس مەحمود تووشی پێکان دەبێت؟**

**یونس:** بەڵێ چەند جارێک واڕوویداوە.

**ڕووداو: خەڵکانێک گومانی ئەوەیان هەیە نهێنییەک لەم مەسەلەدا هەبێت؟**

**یونس:** هیچ شتێکی وانییە، ئەمە تەنیا قسەی ڕۆژنامەو خەڵکی سەر شەقامە.

**ڕووداو: بۆچی هەڵبژاردەی عێراق لەپاڵاوتنەکانی مۆندیالدا شکستی هێنا؟**

**یونس:** هۆکار زۆر بوون، فشارێکی زۆری ڕاگەیاندن و جەماوەرمان لەسەر بوو، هەندێک یاریزانیشمان لەخۆباییببوون، جیا لەوەی یەکەم دۆڕاندنیشمان بەرامبەر قەتەر کاریگەری هەبوو.

**ڕووداو: دەڵێن سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیاو قەتەرییەکان پیلانێکیان دژی ئێوە داڕشتبوو؟**

**یونس:** نەخێر، بەڵام بێشک گۆڕینی ناوبژیوانی یارییەکە کاریگەری خراپی بەسەر ورەی یاریزانەکانمانەوە هەبوو.

**ڕووداو: دەڵێن یونس مەحمود ناتوانێت بچێتە بەغدا؟**

**یونس:** (دوای تێڕامانێکی کەم) نەخێر وانییە.

**ڕووداو: چۆن دەڕوانیە ئاستی تۆپی پێ لەکوردستان؟**

**یونس:** بەرەو پێشەوە دەڕوات، چەند یاریزان و یانەیەکی باشی هەیە، بەتایبەتیش هەولێر کە یانەیەکی نێوداری عێراقە، پاڵەوانی پارساڵی خولی نایابی عێراقە.

**ڕووداو: تۆ وەک کوردستانیەک ئامادەی ڕۆژێک لەڕۆژان یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەی؟**

**یونس:** بۆ نا؟! بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە ئامادەم یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەم.

**ڕووداو: ناخۆشترین سات لەژیانت؟**

**یونس:** ئەو کاتەی بەرامبەر قەتەر دۆڕاین و ئومێدەکانی مۆندیالمان نەما، کە ماوەی هەفتەیەک هۆشم لای خۆم نەمابوو.

**ڕووداو: ئەی خۆشترین ساتی ژیانت؟**

**یونس:** بێشک ئەو کاتەی جامی ئاسیام بەرزکردەوە.

**ڕووداو: ئەگەر بگەڕێیەوە خولی عێراق بۆ کام یانە یاری دەکەی؟**

**یونس:** بەدڵنیاییەوە بۆ یانەی تەڵەبە، کە زۆر خۆشم دەوێت.

**ڕووداو: لەسەر ئاستی جیهان حەز لەکام هەڵبژاردەو یانە دەکەی؟**

**یونس:** هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵی.

**ڕووداو: بەڕای تۆ ئێستا کێ باشترین یاریزانی جیهانە؟**

**یونس:** کرستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی.

**ڕووداو: بەکورتی پێناسەی ئەم ناوانە بکە؟**

**حوسێن سەعید:** کاپتنی کەشتی وەرزشیە لەعێراق.

**ڕەعەد حەمودی:** داوای شتی گەورەتر لەخۆی دەکات.

**عەدنان حەمەد:** باوکی نەوەی زێڕینی تۆپی پێی عێراقە.

**د.عەبدوڵڵا مەجید:** کەسێکی دڵسۆزە بۆ یانەکەی، بەدوای دەستکەوتدا دەگەڕێت.

**سەلاحەدین سیامەند:** یاریزانێکی گەورەبوو، خۆی دۆڕاند.

**جاسم حاجی:** یاریزانێکی بەتوانایە، بەڵام عەقڵی یاریکردنی نییە.



**سەلاحەدین سیامەند خۆی دۆڕاند**

یونس مەحمود (فۆتۆ: ڕووداو)

### لەئێستاوە سەرجەم بلیتەکانی یارییەکە فرۆشراون

# هەڵبژاردەی ئەڵمانیا تەنیا بۆ ئۆلیڤەر کان یاری وازهێنان ئەنجام دەدات

ڕووداو ـ DW

هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو یانەی بایرن میۆنخ یاری وازهێنانی ئۆلیڤەر کان ئەنجام دەدەن و سەرجەم بلیتەکانی یارییەکەش فرۆشراون.

دوای 14 ساڵ یاریکردن بۆ یانەی بایرن میۆنخ، ئۆلیڤەر کانی گۆڵچی بەنێوبانگی ئەڵمانی لەتەمەنی 39 ساڵی بڕیاریدا بەیەکجاری واز لەیاریکردن بێنێت، ئیدارەی یانەی باڤاریش بۆ ڕێزنان لەکاپتنەکەی ڕۆژی 2 ی ئەیلوولی داهاتووی دەستنیشانکردووە بۆ ئەنجامدانی یاری وازهێنانی کان، کە لەسەر یاریگای ئەلیانز ئەرینا، یانەی بایرن میۆنخ و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کۆدەکاتەوە، کە 50 ڕۆژ بەر لەوادەی یارییەکە سەرجەم بلیتەکانی یاریگا تەواو بوونە، کە زیاتر لە 69 هەزار بلیتە.

سەرچاوەیەک لەیەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا ڕایگەیاند هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاری وازهێنان بۆ هیچ یاریزانێک ئەنجام نادات بەڵام وەک ڕێزلێنانێک لەمێژووی کان ئەم شەرەفەی پێداوە، کە یەکەمین و دوایین جار دەبێت یاری وازهێنان بۆ یاریزانێک ئەنجام بدات.

ئۆلیڤەر کان 86 یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیاو 557 یاری بۆ یانەی باڤاری ئەنجامداوەو تاکو ئێستاش بەیەکێک لەنێودارترین و خۆشەویسترین کەسایەتیە وەرزشیەکانی ئەو وڵاتە دادەنرێت.



### کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان:

# یانەکانمان خولی عێراقیان پێ گرنگتر بوو لەئاڵای کوردستان

کارزان کانەبی
ڕووداو ـ هەولێر

محەمەد حەمەخان کاپتنی هەڵبژاردەی کوردستان ڕەخنەیەکی توند لەو یانانەی کوردستان دەگرێت، کە ئامادەنەبوون یاریزانەکانیان لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستان بنێرن بۆ بەشداریکردن لەپاڵەوانێتی ڤیڤا بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، کە بەم دواییە لەوڵاتی سوید بەڕێوەچوو.

کاپتنی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ ( ڕووداو) گوتی"یانەکانی کوردستان لەئاست هەڵبژاردەی کوردستان هەڵوێستێکی خراپیان هەبوو، کە نەیانهێشت یاریزانەکانیان یاری بۆ هەڵبژاردەی کوردستان بکەن، بەداخەوە خولی عێراقیان لەسەر هەڵبژاردەی کوردستان و ئاڵای کوردستان و خوێنی ئەو شەهیدانەی ئەمڕۆیان بۆ بونیاتناین بەگەورەتر زانی، بەڕای من ئەمە کارێکی نابەجێ و هەڵوێستێکی ناشایستە بوو".



# فیلەکەی عاج و پڵنگەکەی کامیرۆن ئاڵوێر دەکرێن

لێدوانی ڕووداو

لەنێوان سووربوونی بەرشلۆنەی ئیسپانی لەسەر جێنەکردنەوەی هیچ شوێنێک لەریزەکانیدا، بۆ ساموێل ئیتۆی هێرشبەرە کامیرۆنیەکەی و مکوڕی دیدی درۆگبای گۆڵکاری عاجی لەسەر بەجێهێشتنی ریزەکانی چێلسی ئینگلیزی، ئەگەرەکانی ئەوە هاتوونەتە ئاراوە، کەئیتۆ بچێتە چێلسی و درۆگباش بێتە بەرشلۆنە.

بەرشلۆنە لەهەوڵێکی بێوچاندایە بۆ کڕینی درۆگبای ناسراو بەفیلی عاجی، گرنگترین کەیسی ئێستای سەر مێزی بەرپرسانی چێلسیش بەدەستهێنانی تواناکانی ئیتۆی ناسراو بەپڵنگی کامیرۆنە، درۆگبا دەڵێت" خەون بەوە دەبینم درێسی بەرشلۆنە لەبەر بکەم"، ئیتۆش چەند جار گوتویەتی" حەز دەکەم بۆ یانەیەکی گەورەی پریمەرلیگ یاری بکەم".

بەلێکدانەوەی هەموو ئەم هەڵوێستانە ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە کە ئەم دوو یانەیە ئاڵوگۆڕێک بەم فیل و پڵنگە ئەفریقییە بکەن، نەخاسمە ئەگەر ئەو ڕاستیە بزانین، کە لەپارساڵەوە پەیوەندی هەر یەک لەم دوو یاریزانە لەگەڵ یانەکانیاندا ئاڵۆزی و گرفتی تێکەوتووە، دوای ئەوەی درۆگبا بەهۆی لەکار لابردنی خۆزی مۆرینیۆی ڕاهێنەری چێلسی یاخیبوونی خۆی دژ بەو یانەیە ڕاگەیاندو، ئیتۆش بەهۆی بەئەنقەست بەشداری نەکردن لەیاری کلاسیکۆی لالیگای ئیسپانی بەرامبەر یانەی ڕیال مەدرید، هەموو جەماوەرو بەرپرسانی کەتالۆنیای لەخۆ تووڕەکرد، بۆیە فیلەکەی ساحل عاج لەگەڵ بەرشلۆنە جوان دەبێت و پڵنگەکەی کامیرۆنیش بۆ چێلسی گونجاو دەبێت.



## پێشبڕکێ

- بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



شێخ سادق لە سۆران بە لێدوانی: (**خەم مەخۆ کرستیانۆ هەر دێنم**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو بوو.

# بە 5 ملیۆن دۆلار ژێکاف لە هەولێر دروستدەکرێ

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

دوو ژن سەنتەرێک بەکورتکراوەی ناوەکانیان لەسەر رووبەری 3200 مەتر بەبڕی 5 ملیۆن دۆلار دروستدەکەن و بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لەلایەن 2 ژنی کورد بە "زیرەکی" ناودەبەن.

سەنتەری JK کە لەلایەن ژیان میرانی و کەژاڵ دزەییەوە دامەزراوەو کورتکراوەی پیتی یەکەمی ناوەکانیانە، دەکەوێتە سەر رێگەی شارۆچکەی عەنکاوەی نزیک هەولێر، ژیان میرانی ئامانجی دروستکردنی سەنتەرەکەی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "جاران شوێنێک نەبوو کە ئافرەت بتوانێت بەتایبەتمەندییەکانی خۆیەوە کاتی تێدا بەسەر بەرێت، بۆیە بریارماندا شوێنێک بکەینەوە کە بەبەردەوامی لەخزمەت ژناندا بێت".

ئەو دوو ژنە پێشتر کارێکی خێرخوازی پێکەوە کۆی کردبوونەوە ئەویش رێکخراوی رووناهی بووە و ئێستاش هەردووکیان خاوەنی سەنتەی JKەن. ژیان میرانی، کە دامەزرێنەری رێکخراوی رووناهییە، باس لەوە دەکات کە ویستەکانی ئەو زۆر لەوە گەورەترن کە لەچوارچێوەی رێکخراوێکدا بیانبینێتەوە، بۆیە ئەمرۆ خاوەنی گەورەترین پرۆژەی وەبەرهێنانە بۆ ئافرەتان کە ئەم سەنتەرەیە، ژیان لەبارەی هاوسەنگی نێوان کاری رێکخراوەیی و پرۆژەی وەبەرهێنان دەڵێت "بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی وەبەرهێن لەگەڵ پرۆژەیەکی خێرخوازیدا ئاسمان و رێسمانیان نێوانە، بەڵام هەر دووکیان بەشێوەیەک لەشێوەکان خزمەتی مرۆڤەکان دەکەن".

گوتیشی "ئەوە زیرەکییە کە ئێمە 2 ئافرەت بتوانین پرۆژەیەکی وا گەورە دروست بکەین بۆ خزمەتکردنی ئافرەت، راستە ئەم سەنتەرە گرنگە، بەڵام ئێستاش خۆم لەرێکخراوی رووناهی دەدۆزمەوە".

لەچەند ساڵی رابردوودا بەدەیان پرۆژەی تەرفیهی و کات بەسەر بردن وەک پارک و مەلەوانگە و یانەی وەرزشی دروستکراون، بەڵام ئافرەت لەو پرۆژانەدا کەمتر جێگەی بووەتەوە، بەو پێیەی پیاوان سوودمەندی یەکەمن لە پرۆژەکاندا و کەمتر دەرفەت بۆ ئافرەتان رەخسێنراوە بتوانێت سوود لەو پرۆژانە وەربگرێت.

هەر ئەوە هاندەر بووە کە ژیان و کەژاڵ بیر لە پرۆژەیەکی وەها بکەنەوە، هەروەک ژیان گوتی "جاران شوێنێک نەبوو کە ئافرەت بتوانێت بەتایبەتمەندییەکانی خۆیەوە کاتی تێدا بەسەر بەرێت، هەندێک جێگا هەن کە تەنیا 2 رۆژ تایبەتن بۆ ئافرەت، بۆیە ئێمە هەستمان بەو بۆشاییە کردو بڕیارماندا شوێنێک بکەینەوە کە بەبەردەوامی لەخزمەت ژناندا بێت"

سەنتەری JK کە لەسەر شێوەی سیستەمێکی ئەوروپایی دیزاین کراوەو لەسەر رووبەری 3200 مەتری چوارگۆشە بنیاتنراوەو وەک سەرەتایەک نزیکەی 25 کارمەندی ئافرەت ئەم سەنتەرە بەرێوە دەبەن، بەپێی قسەی ژیان "تێچووی پرۆژەکە 5 ملیۆن دۆلارە".

سەنتەرەکە لە 4 نهۆم پێکهاتووە، نهۆمی یەکەمی بریتیە لەکۆگایەک و گەرماوێکی تورکی، نهۆمی دووەم لەکافتریا، هۆڵی ئینتەرنێت، مەلەوانگە، ساوناو گەرماوی هەڵمی پێکدێت. نهۆمی سێیەمی سەنتەرەکەش بریتییە لە هۆڵی وەرزش، شوێنی یاری سوێدی و مەساج، هەرچی نهۆمی چوارەمیش بریتیە لەکافتریایەکی فۆلکلۆری و چێشخانەیەک کە تا ئێستا لەبەر کەمی ستاف دەست بەکار نەبووە.



ژیان میرانی و کەژاڵ دەزیی لە بەردەم سەنتەرەکەیان وەستاون (فۆتۆ: رووداو)

## پرۆژەکە بەپارەی خۆمان کردوومانەو زەویەکەی هی من و کەژاڵە و زیرەکییە2 ئافرەت بتوانن پرۆژەیەکی وا گەورە دروست بکەن
**ژیان میرانی**

ژیان میرانی ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە هاوکاریکرابێت بۆ دروستکردنی سەنتەرەکە "پرۆژەکە حکومی نییە، چونکە بەپارەی خۆمان کردوومانە، راستە هاوکاریمان لەهەندێک لایەن وەرگرتوە، بەڵام زەویەکەی هی من و کەژاڵە".

وەک ژیان باسیدەکات یەکێک لەئامانجەکانی دروستکردنی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوە بووە ببێتە پاڵپشتێکی ماددی بۆ دەزگای رووناهی، بەڵام دوای شەڕی رزگاری عێراق و هاتنی کۆمەڵێک رێکخراوی بیانی وەک ژیان باسیدەکات بیریان لەوە کردووەتەوە کە بەشێوەی پرۆپۆزەڵ ئەم پرۆژەیە پێشکەش بکەن.

یەکێک لەو لایەنانەی هاوکاری پرۆژەکەیان کردووە، وەک ژیان میرانی باسیکرد دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانی ئەمریکا لەعێراق CPA بووە، ژیان گوتی "دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بەرێژەی 15% بەکڕینی کەلوپەلی کارەبایی هاوکاریان کردووین، سەرۆکی حکومەتیش بەرێژەی 15% هاوکاری کردووین، هەروەها مام جەلالیش بەهەمانشێوە هاوکاری کردووین".

بەپێی قسەی ژیان میرانی ئافرەتان دەتوانن بەشێوەی هاوبەشی کردن سوود لەو پرۆژەیە وەربگرن، واتە لەبەرامبەر سوودوەرگرتنیان لەو شوێنە مانگانە بڕی 200 دۆلار دەدەن، ژیان گوتی "هەموو کەسێک دەتوانێت بەشدار بێت لەو سەنتەرە، بەڵام لەدەستپێکدا بەشدارییەکە بۆ ماوەی 3 مانگ دەبێت، تاوەکو کۆنترۆڵی کارەکانمان بکەین، چونکە ئێمە ئەزموونی بەرێوەبردنمان نییە".

سەبارەت بەزۆری و کەمی بەشداری مانگانە کە 200 دۆلارە، ژیان ئەو برە پارەیە بە زۆر نازانێت و دەڵێت "زۆر بیرمان لەو مەسەلەیە کردەوەو لەگەڵ زۆر کەس دانیشتین رەنگە لەداهاتوودا پارەکە کەمبکەینەوە، بەڵام ئەو پارەیەش زۆر نییە، رۆژانە دەکاتە 7 دۆلار ئەوە کەی زۆرە".

سەبارەت بەجۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکێش بەو ئافرەتانە دەکرێت کە هاوبەشی مانگانەیان هەیە ژیان دەڵێت "ئەوانە دەتوانن مەلەوانگەو هۆڵی وەرزش بەکاربهێنن، ئەوانەی هاوبەشیشیان نییە دەتوانن کافتریا، گەرماوی تورکی، چێشتخانەو ساڵۆن بەکاربێنن، هەروەها ئەو کەسانەی میوانیان لە دەرەوە دێت دەتوانن سەردانی ئێرە بکەن".

# کەرکووک خەریکە دەبێتە موحەجەبە



**سەماح سەمەد**
**رووداو- کەرکووک**

میدیا محەممەد تەمەن 21ساڵ، پێش ئەوەی بگاتە قۆناخی زانکۆ وەک هەر کچێکی دیکەی هاوتەمەنی خۆی حەزی لە هەر جۆرە جلوبەرگێک بایە ئەوەی دەپۆشی و بەپێی مۆدە قژی رێکدەخست، بەڵام ئێستا ئەو شتانە بۆ ئەو بوونەتە بەشێک لەرابردوو.

میدیا ماوەی سێ ساڵە بەتەواوی باڵاپۆش وموحەجەبەیە، بەڵام کاتێک لەبارەی ئەو گۆڕانە پرسیاری لێدەکەی، لەجیاتی پاڵنەری ئایینی باسی زۆرلێکردنی کەسوکارو خراپیی بارودۆخی ئەمنی و نەریتی کۆمەڵایەتیت بۆ دەکات "باوکم زۆری لێکردم کە دەبێت حیجاب بکەم، نەک لەبەرئەوەی موسڵمانێکی توندە، بەپێچەوانەوە هەر نوێژیش ناکات، بەڵام بەهۆی بارودۆخی خراپ ئەمنیی و رفاندنی چەندین ئافرەت لەلایەن خەڵکی چەکدارەوە، ئەویش دەترسێ".

میدیا نموونەیەکە لەو ئافرەتانەی بەزەبری هێزی کەسوکار کە ئەوانیش هاوکات لەژێر گوشاری بارودۆخی ئەمنی و نەریت و عورفی کۆمەڵایەتیدان، ناچاربووە وەک ئافرەتێکی باوەڕدار خۆی پێشان بدات. رەنگە هۆکارێکی دیکەی ئەم روو لەحیجاب کردنە پەیوەندی بەو کرانەوەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە هەبێت کە سەتەلایتی بردووەتە نێو هەموو ماڵێک و ئەوەش ئەو ترسەی خستووەتە نێو دڵی باوکان و کەسوکارەوە کە نەکا ئەو شەپۆلی کرانەوەیە کچەکانیان بەرەو خۆی کێش بکات. هاوشانی ئەم کرانەوەیە بەڕووی جیهاندا کە دیاردەیەکی نوێیە، کۆمەڵگە لەدوای رووخاندنی رژێمی عێراقەوە بەرەو ڕووی دیاردەیەکی دیکەش بووەتەوە کە ئەویش سەرهەڵدانی چەندین حیزب و بزووتنەوەی ئیسلامی توندڕۆو میانڕەوە لەسەر گۆڕەپانی عێراق. ئەم لایەنانە بە سیاسەت و چالاکییەکانیان توانیویانە کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەو شێوازی ژیانی توێژێکی بەرفراوانی خەڵک دابنێن بەتایبەتیش لەمەسەلەی پۆشینی جلوبەرگدا لای ئافرەتان.

نادیە سابیر تەمەن (24 ساڵ) دەرچووی پەیمانگایەو نزیکەی 15 ساڵە باڵاپۆشە. نادیە دەڵێت "حیجابکردنم بەئارەزووی خۆم نەبوو بەڵکو لەسەر داوای باوکم بوو کە ئیمانداریکی توندەو هێشتا مندال بووین کە زۆری لەمن و هەرسێ خوشکەکەم کرد بۆئەوەی حیجاب بکەین" هەرچەندە نادیەش تێبینی زیادبوونی ژمارەی باڵاپۆشەکانی لە کەرکووک کردووە، بەڵام دەڵێت "دڵنیام زۆربەیان نازانن بۆچی دەبێت حیجاب بکەن".

لەتیف عەلی نووسەرو رۆشنبیر پێیوایە دابونەریت کاریگەرییەکی زۆری لەسەرکۆمەڵگاو بەتایبەتی لەسەر ئافرەتان هەیە بۆئەوەی حیجاب بکەن، دەشڵێت "مانگی رەمەزان تەماشا بکە زۆربەی هەرەزۆری ئافرەتان سەرپۆش بەسەریاندا دەدەن، لەکاتێکدا زۆربەیان هەر بە رۆژوویش نین، بەڵام لەترسی ئەو چاوانەی بەپرسیارەوە تەماشایان دەکەن، ناچارن سەریان داپۆشن".

## باوکم نەک هەر موسڵمانێکی توند نییە بەپێچەوانەوە هەر نوێژیش ناکات بەڵام زۆری لێکردم کە دەبێت حیجاب بکەم
**میدیا محەممەد**

لەتیف تێبینی ئەوەی کردووە کە لەوکاتەی حیزبە ئیسلامییەکان هانی بڵاوبوونەوەی حیجاب دەدەن، حیزبە نائیسلامییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دژایەتی دەکەن و لەو دامودەزگایانەی لەبندەستی خۆیاندایە بەزەحمەت کار دەدەنە ئافرەتی باڵاپۆش.

زۆرینەی ئەوانەی قسەمان لەگەڵ کردن، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە خراپیی بارودۆخی ئەمنی و بوونی گرووپە تیرۆریستەکان و تاقمەکانی تاوانکاری رۆڵی سەرەکییان لە تەشەنەکردنی ئەو دیاردەیەدا هەیە. تەنانەت مەلا ئەحمەد تاهیر تەمەن 62 ساڵ کە پیاوێکی ئاینییەو پێیوایە ئافرەتانی باڵاپۆش بە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵی رابردوو زۆر زیادی کردووە، دەڵێت "باوەڕ ناکەم هەمووی هەر لە حەزو ئارەزووی خۆیانەوە هاتبێت، هۆکاری زیادبوونەکەی زۆرەو رەنگە بارودۆخی ئەمنی دیارترینیان بێت" هەروەها دەڵێت "بەڵام دابونەریتیش رۆڵی خۆی هەیە، بۆنموونە من کە پیاوێکی ئاینیم ناکرێ کچەکانم سەریان رووت بێت، ئەگەر وایانکرد ئەوانیش و منیش بەرەورووی رەخنەی خەڵک دەبینەوە".

مەلا ئەحمەد باس لەوەدەکات کە حیزب و رەوتە ئاینییەکان رۆڵێکی دیاریان لەبڵاوکردنەوەی حیجابدا هەبووە، چونکە بەرنامەی سیاسییان بۆ ئەوە هەیەو یارمەتی ئافرەتانی بێوەژن دەدەن و کۆمەک بەسەر کەمدەرامەتەکاندا دابەش دەکەن".

توێژەری کۆمەڵایەتی سەلاح مەجید، ئافرەتە باڵاپۆشەکانی کەرکووک بۆ سێ جۆر دابەش دەکات و دەڵێت "حیجابێک هەیە تەقلیدییە، جۆرێکی دیکە هەیە سیاسییەو هەشە ئاینییە، پێموایە ئەوەی تائێستا لەوانی دیکە زیاترە تەقلیدییەکەیەو لە دابونەریتەوە هەڵقوڵاوە نەک لە بیروباوەڕێکی توندی ئاینییەوە، ئەمانە هەر کە هەلیان بۆ رەخسا بۆنموونە هەر کە چاوی کەسوکاریان لەسەر نەما فرێی دەدەن، یان تەنیا ئەوکاتانە دەیپۆشن کە لەماڵەوە بەرەو شوێنی کارەکانیان بەڕێ دەکەون، ئەوەش لەترسی کوشتن و رفاندن و پەلاماردانەو پەیوەندیی بەنەبوونی ئاسایشەوە هەیە".

پاڵنەرەکانی پۆشینی حیجاب هەرچیەک بێت، حەزو ئارەزووی کەسوکار بێت، یان دابونەریت، ترس بێت لەتیرۆر یان کاریگەریی حیزب و رەوتە سیاسییە ئیسلامییەکان، دواجار ئەوەی دەبێتە قوربانی و فەرمانی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، تەنیا ئافرەتە.

میدیا دەڵێت "ناچاربووم بەئارەزووی کەسوکارم بکەم و حیجاب بپۆشم، ئەگەرنا نەیاندەهێشت لەماڵ دەرچم و خوێندنەکەم تەواوبکەم، بۆئەوەی بەئامانجەکانم بگەم و خواستی خۆم بەدی بهێنم بەلامەوە باشتربوو پابەندی فەرمانی باوکم بم".

# ژنە هەڕەشە لێکراوەکانی چەمچەماڵ دەنێردرێنە سلێمانی

**پشتیوان سەعدوڵڵا**
**رووداو-چەمچەماڵ**

لەبەرئەوەی هیچ شوێنێک نەبوو لەچەمچەماڵ تاوەکو ( م)ی تێدا داڵدە بدرێ، بۆیە یەکێتی ژنان بە ناچاری رەوانەی یەکێک لەسەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنانیان کرد لە سلێمانی. (م) لەلایەن کەسوکارییەوە رووبەرووی هەڕەشە لێکردن بووەتەوە، تاکە کەس نییە لەبەر نەبوونی شوێن رەوانەی سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان دەکرێت لەسلێمانی، بەپێی قسەی بەرپرسێکی یەکێتی ژنان لەچەمچەماڵ، لەماوەی 5 مانگی رابردوودا 5 لەو ژنانە کە لەلایەن کەسوکارییان رووبەرووی توندوتیژی بوونەتەوە لەترسی کوشتن رەوانەی سەنتەرەکانی شاری سلێمانیان کردوون.

نزیکەی سێ ساڵە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بڕیاری لەسەر دروستکردنی سەنتەرێکی ژنان لەقەزای چەمچەماڵ داوە، بەڵام تائێستا ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکراوە، کەبووەتە هۆی نیگەرانی لای رێکخراوەکانی ژنان لەسنوورەکە.

بەهۆی نەبوونی پەناگەیەک یان سەنتەرێک بۆ ئافرەتانی سنوورەکە زۆربەی کێشەکانی ئافرەتانی ناوچەکە، رەوانەی سەنتەرەکانی شاری سلێمانی دەکرێن.

بەپێی ئامارێکی نووسینگەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لەچەمچەماڵ لەماوەی 5 مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لەشاری چەمچەماڵ و ناحیەی شۆڕشدا 36 حاڵەتی توندوتیژی دژ بەژنان تۆمار کراون، وەک لە ئامارەکەدا دەرکەوێت لەو ماوەیەدا 12 ژن سووتان، کە 5یان گیانیان لەدەستداوە، هەروەها 15 ژن بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوەو 5 ژنیش لەسەر مۆبایل هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە، جگە لەوەش 4 هەوڵدانی خۆکوشتن هەبووە لەلایەن ژنانەوە.

مریەم محەمەد، لێپرسراوی کۆمیتەی چەمچەماڵی یەکێتی ژنانی کوردستان، بوونی سەنتەرێکی ژنانن لەچەمچەماڵ بەپێویست دەزانێت ولەوبارەیەوە دەڵێت "بوونی سەنتەرێک لەناوچەکە دەبێتە پەناگەیەک بۆ ژنانی سنوورەکە و وە رۆڵی دەبێت لەچارەسەرکردنی هەندێک لەکێشەکانی ژناندا، لەگەڵ ئەوەشدا کەمکردنەوەی ئەرکی ئیدارەی شارەکەیە، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە بۆ کردنەوەی سەنتەرێکی لەو شێوەیە".

وەک مریەم ئاماژەی پێدا نزیکەی سێ ساڵ بەر لەئێستا لەرۆژی 2005/9/5 لەکاتی سەردانی عومەر فەتاح بۆ چەمچەماڵ داوای کردنەوەی سەنتەرێکی داڵدانیان لێکردووە، مریەم دەڵێت "هەر ئەو رۆژە کاک عومەر فەتاح بەڵێنیدا سەنتەرێکمان بۆ بکاتەوەو دواتر پرۆژەکە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە".

دوای ئەوەی رەزامەندی لەسەر پرۆژەکە دراو بەردی بناخەی بۆ دانرا، پرۆژەکە درایە کۆمپانیای دانا، بەڵام دوای ماوەیەک کار کردن لە پرۆژەکە، کۆمپانیاکە دەستی لەکار کردن هەڵگرت، ئەویش دوای ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری هەندێک کێشەی یاسایی بووەوە.

مریەم گوتی "کۆمپانیاکە هەر لەسەرەتاوە کارەکەی جێهێشت، تائێستاش نازانین ئەو کۆمپانیایە بۆچی پرۆژەکەی بەجێهێشت، بەڵام لەسەرەتای ئەمساڵدا پرۆژە تایبەتەکان بەنووسراو ئێمەی ئاگادار کردەوە، کەهۆکاری وەستاندنی پرۆژەکە، پەیوەندی بەکێشەی یاسایی کۆمپانیای جێبەجێکار"ەوە هەیە.

وەک مریەم ئاماژەی پێدا تا ئێستا چەندین جار لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لەدواکەوتنی پرۆژەکە ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام پرۆژەکە هەر وەک خۆیەتی، مریەم گوتی "چەند جارێک هەوڵمان داوە، پرۆژەکە بدرێتە دەزگای پرۆژە تایبەتەکان، بەڵام تائێستا وەڵام نەدراوینەتەوە، جگە لەوەش داوامان لەئیدارەی چەمچەماڵ کردووە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، بەڵام دوو ساڵ زیاترە ئەو پرۆژەیە وەستاوە".

لەگەڵ بوونی دەیان یانە و سەنتەر و رێکخراوی داکۆکیکەر لەمافەکانی ئافرەت، کەچی تادێت دیارەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان لەکوردستان ڕوو لەزیادبوونە، لێپرسراوی کۆمیتەی چەمچەماڵی یەکێتی ژنان دەڵێت"تاوەکو دابونەریتی کۆن و عەقڵییەتی پیاو سالاری لەنێو کۆمەڵگەی کوریدا هەبێ دیاردەی توندوتیژی هەر زیاد دەکات، چونکە ئەم پێشکەوتنەی ئێستا بۆ گەنج، عەقڵییەتی کۆن قبوڵی ناکات، ئەوەیە هۆکارە سەرەکییەکە، لەشاری چەمچەماڵیشدا توندوتیژی دژبەژنان ڕوو لەزیادبوونە، بەڵگەش تەنها لەمانگی پێنجدا چوار حاڵەتی سووتان هەن".

بەپێی ئامارێکی یەکێتی ژنان لە چەمچەماڵ دەرکەوتووە لەساڵی 2007 دا 107 حاڵەتی توندوتیژی جۆراوجۆر دژی ژنان روویانداوە، کە بەو شێوەیە بووە: 8 حاڵەتی کوشتن، 16 حاڵەتی خۆ سووتاندن، 17 حاڵەتی بریندار کردنی جۆراو جۆر، 6 حاڵەتی خۆ دەرمانخوارد کردن، 8 حاڵەتی راکردن لەماڵ، 21 حاڵەتی پەنا بردن بۆ سەنتەرەکانی داکۆکیکردن لەژنان، هەروەها 31 حاڵەتی دیکەی توندوتیژی جۆراو جۆر تۆمار کراون.

سەبارەت بە ئاماری ئەمساڵیش مریەم گوتی "ئەوەی هاتووەتە لای ئێمە، لەپێنج مانگی ئەمساڵدا نزیکەی 40 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بەژنانە، هەموویان کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانین، زۆربەی کێشەکان لێدانی نایاساییە لەلایەن پیاوانەوە، ئافرەت هەیە، چەندین چەقۆی لێدراوە".

## یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر ژنان حکومەتە، چونکە تا ئێستا یاسایەک نییە، بۆ سزادانی ئەنجامدەران
**مریەم محەمەد**
**لێپرسراوی کۆمیتەی چەمچەماڵی یەکێتی ژنانی کوردستان**

لەبەرامبەر زیادبوونی دیاردەی توندوتیژی ناوبراوحکومەت بە"کەمتەرخەم" ناو دەبات و دەڵێت "یەکێک لەهۆکارەکانی زیادبوونی دیاردەکە حکومەت و دەسەڵاتە،چونکە تائێستا یاسایەکی کارپێکراو نییە، بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و سزادانی ئەو کەسانەی کەدەبنە هۆکار بۆ زیادبوونی توندوتیژی، ئەمە جگە لەئەنجامدەرانی دیاردەکە، کەهەندێکیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ناکرێت".

# ئەو ئافرەتە چینیانەی بۆ کارکردن هاتن و لەسەنتەرێکی پاراستنی ژنان لە هەولێر گیرسانەوە

■ عەقید یادگار ئەنوەر بەڕێوەبەری نشینگەی هەولێر "ماوەی 3 مانگە بۆمان دەرکەوتووە کە هەندێک لەو ئافرەتانە بۆ کاری لەشفرۆشی دێنە ئێرەو تا ئێستا 12 حاڵەتمان رەوانەی چین کردووەتەوە"
■ تۆ چین یو "ئێوارەیەک لە دەۆک پاڵکەوتبووم بینیم کابرایەک بەجلوبەرگی سەربازییەوە هاتە ژوورەوەو دەیویست کاری سێکسیم لەگەڵ بکات، بەڵام من رازی نەبووم"



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**رووداو – هەولێر**

4 ئافرەتی چینی لەرێگای ئافرەتێکەوە کە خەڵکی هەمان وڵاتە، بۆ کارکردن دەهێنرێنە کوردستان و پاش گەیشتنیان پارەکانیان دەخورێت. دوو لەو ئافرەتانە بەهۆی ئەوەی بەرەورووی هەڕەشەی کوشتن دەبنەوە، لەلایەن پۆلیسەوە رەوانەی سەنتەرێکی پاراستنی ژنان دەکرێن.

رۆژی 2008/5/27 ئافرەتێکی تەمەن 36 ساڵ بەناوی تو چین یو، بەمەبەستی کارکردن لە رێستورانتێکی چینی لە شارۆچکەی عەنکاوە 4 ئافرەتی چینی رازی دەکات بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و لەو رێستورانتە کاربکەن، لەبەرامبەریشدا بڕی 7 هەزارو 300 دۆلار لە سێ لەو ئافرەتانە وەردەگرێت، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسی عەنکاوە بەتۆمەتی خواردنی پارەی ئەو ئافرەتانە دەستگیردەکرێت.

بەپێی ئەوزانیاریانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی شاری هەولێر دەست (رووداو) کەوتوون، ئەو ئافرەتانە بەرێگای یاسایی و لەرێی فرۆکەخانەی هەولێرەوە گەیشتوونەتە کوردستان. عەقید یادگار ئەنوەر بەڕێوەبەری نشینگەی هەولێر گوتی "ئەو ئافرەتانە ڤیزایان هەبووە لە باڵیۆزخانەی عێراقی و هیچ کێشەیەکیان نەبووە بۆ هاتنە ژوورەوە، چونکە لە رێگای کۆمپانیاوە نەهاتوون".

عەقید یادگار ئاماژەی بەوەکرد کە لەماوەی 7 مانگی رابردوودا هاتنی ئەو ئافرەتانە بۆ کوردستان رووی لەزیادبوون کردووەو گوتیشی "ماوەی 3 مانگە بۆمان دەرکەوتووە کە هەندێک لەو ئافرەتانە بۆ کاری لەشفرۆشی دێنە ئێرەو تا ئێستا 12 حاڵەتمان رەوانەی چین کردووەتەوە" گوتیشی "ئێستا لەوەزارەتی ناوخۆوە بڕیار دەرچووە کە چیتر ئەو ئافرەتانە بەبێ رەزامەندی وەزارەت ناتوانن بێنە ناو کوردستانەوە".

مای یۆفین تەمەن 38 ساڵ، یەکێکە لەو ئافرەتانەو ئێستا پەنای بردووەتە بەر سەنتەری نەوا کە سەنتەرێکی حکومییەو



مای یوفین و تیامین لە سەنتەری نەوا لە هەولێر (فۆتۆ:رووداو)

## لەچینەوە بۆ نەوای هەولێر

تایبەتە بەدالدەدانی ئەو ئافرەتانەی بەرەورووی هەڕەشەو مەترسی دەبنەوە. مای یۆفین لەبارەی هاتنی بۆ کوردستان گوتی "من شووم کردووەو کچێکم هەیە تەمەنی 18 ساڵە، باری گوزەرانمان خراپەو 7300 دۆلارم لەبراو خوشکەکانم قەرزکرد بۆ ئەوەی لێرە کارێکی باش بکەم و دواتر بیاندەمەوە، بەڵام لەلایەن ئەو ئافرەتە پارەکەمان خوراو کەوتینە سەر جادە".

وەک مای یۆفین دەڵێت، ئەوان رۆژی 2008/5/27 گەیشتوونەتە فرۆکەخانەی هەولێرو پاشان چوونەتە عەنکاوە، بەڵام دواتر (تو چین یو) ئاگاداریان دەکاتەوە کە چێشتخانەکە هێشتا ئامادەنییەو لەگەڵ خۆی دەیانبات بۆ دهۆک "گوتی دەتانبەمە دهۆک لەوێ کافتریایەک هەیە کاری لێدەکەین، کەچی لەوێ داوای لێکردین کاری لەشفرۆشی بکەین، بەڵام ئێمە دەستمانکرد بە جنێودان و دەستبەجێ هەر چوارمان گەڕاینەوە هەولێر".

مای یۆفین و 3 هاوڕێکەی دوای ئەوەی دەگەڕێنەوە شارۆچکەی عەنکاوە لەوێ پۆلیسی ئەو بنکەیە ئاگادار دەکەنەوەو ئەوانیش تۆ چین یو بە تۆمەتی پارە خواردن دەستگیر دەکەن و رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ئافرەتانی دەکەن، بەڵام تۆ چین یو نکوڵی لەوەدەکات پارەی ئەو کچانەی خواردبێت و دەڵێت هیچ پارەیەک لای من نییە. ئەو کە ماوەی 2 هەفتەیە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ئافرەتانە، بەکراسێکی رەساسی درێژو بیجامەیەکی سپییەوە هاتە ژوورەوەو دەستەکانی توند لەناو یەکدا گرژ کردبوو، تۆ چین یو گومانی لە هەموو ئەو پرسیارانە دەکرد کە ئاراستەی دەکران، بەڵام دواجار بڕیاریدا راستییەکان بگێڕێتەوە. تۆ چین یو تەمەنی 36 ساڵەو وەک باسیدەکات ئەمە یەکەم جاری نییە دێتە کوردستان، چەند جارێکی دیکە لەگەڵ هاوڕێکەی بەناوی یۆن یو هەی سەردانی کوردستان و بەغدایان کردووە، سەبارەت بە چۆنێتی هاتنیان بۆ کوردستان گوتی "لەگەڵ هاوڕێکەم بڕیارماندا بێین لە چێشخانەیەک کاربکەین لە عەنکاوە کە هی کابرایەکە بەناوی فاخیر کە دۆستی یۆن یو هەی بوو، کە هاتین من چوار کچم لەگەڵ خۆم هێناو ئەویش دوو کچی هێنا، بەڵام ئەوان فێڵیان لەمن کرد، پارەکانیان خواردو منیان تووشی ئێرەکرد".

(تۆ چین یو) وەک باسیدەکات لەلایەن (یۆن یو هەی) هاوڕێی لەخشتەبراوەو تەنانەت باسی ئەو کاتانە دەکات کە لە دهۆک هەوڵیداوە کاری لەشفرۆشیی پێبکات. لەوبارەوە گوتی "ئێوارەیەک پاڵکەوتبووم بینیم کابرایەک بەجلوبەرگی سەربازییەوە هاتە ژوورەوەو دەیویست کاری سێکسیم لەگەڵ بکات، بەڵام من رازی نەبووم".

مای یۆفین و هاوڕێکەی بەناوی تیامین، پاش ئەوەی تۆ چین یو رادەستی پۆلیس دەکەن، ئیدی هیچ جێگایەک شک نابەن رووی تێبکەن، دوای چەند رۆژێک بەرێکەوت لە یەکێک لە دوکانەکانی بازاڕی هەولێر چاویان بەکوڕێک دەکەوێت بەناوی ئاشنا کە قوتابی کۆلیژی عیشقەو زمانی ئینگلیزی دەزانێت، ئاشنا بەڵێنیان دەداتێ هاوکارییان بکات و کاریان بۆ بدۆزێتەوە.

تیامین تەمەن 31 ساڵ کە ئەویش ئێستا لەگەڵ مای یۆ فینی هاوڕێی لەسەنتەری نەوایە، پێش هاتنی بۆ کوردستان بە 2 مانگ ژیانی هاوسەریی پێکهێناوە، بەهۆی خراپی باری گوزەرانی خێزانەکەی دێتە کوردستان بۆ کارکردن، بەڵام تیامین بە پێچەوانەی ئافرەتەکانی دیکە لەبەر دەستکورتی ئەو بڕە پارەیەی نابێت کە تۆ چین یو لە ئافرەتەکانی دیکەی وەرگرتووەو لەوبارەوە گوتی "من ئەو پارەیەم نەبوو، تەنیا توانیم 1500 دۆلار کۆبکەمەوە گوتم کە گەیشتینە کوردستان پارەکەت دەدەمێ، بەڵام کە هاتینە ئێرە زانیم درۆ دەکات، بۆیە هەرچی داوای کرد پارەکەم نەدایێ".

ئاشنا ئەو کوڕە کوردەی کە بەڵێن دەداتە ئافرەتەکان هاوکارییان بکات و کاریان بۆ بدۆزێتەوە، پاش چەند رۆژێک تیامین و مای یۆفین بە پەیامنێرێکی رۆژنامەی خەبات دەناسێنێ بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات، ئەو دوو ئافرەتە رۆژی 2008/ 7/15 دەچنە رۆژنامەی خەبات و لەوێ ئاشتی شەهباز بەرپرسی لاپەڕەی کۆمەڵایەتیی ئەو رۆژنامەیە دەناسن و چیرۆکی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوە.

ئاشتی پاش گوێگرتن لەو چیرۆکە بەڵێنیان دەداتێ کە هاوکارییان بکات و کاریان بۆ بدۆزێتەوە، هەر ئەوکاتیش بڕیار دەدات ئافرەتەکان بباتە ماڵی خۆی "من ئەو دوو ئافرەتەم بردە ماڵی خۆم چونکە وەزعیان زۆر خراپ بوو، تەنانەت نان نەبوو بیخۆن، دواتر ئیشێکم بۆ دۆزینەوە لە هوتێلێک، بەڵام ئاشنا رازی نەبوو، دەستیکرد بە هەڕەشەکردن و گوتی دەبێت کچەکانم بۆ بگەڕێنیتەوە".

ئاشنا ماوەی چەند رۆژێک بەتەلەفۆن هەڕەشەی توند لەو کچە رۆژنامەنووسە دەکات و دواتر کورتە نامەیەکیش بۆ مای یۆفین رەوانە دەکات کە وێنەی کڵاشنکۆفێکی لەسەرەو دەشڵێت (هەر دەت کوژم). ئاشتی کە ئەو کورتە نامەیە دەبینێت، خێرا پۆلیسی بنەسڵاوە ئاگاداردەکاتەوەو پاشان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئاشنا دەردەچێ و هەردوو کچە چینیەکەو ئاشتی شەهباز رەوانەی سەنتەری نەوا دەکرێن بۆ پاراستنی ژیانیان.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان دوای ئەوەی ئاگادارکراونەتەوە لەلایەن پۆلیسی بنەسڵاوە، بڕیاری دەستگیرکردنی ئاشنایان داوەو گوتیشی "ئاشنامان دەستگیرکردو بەڵێننامەمان پێ پڕکردووەتەوە کە لەو کچانە نزیک نەبێتەوە".

لەکاتێکدا ئەوانەی لەرێگای کۆمپانیاکانەوە بەمەبەستی کارکردن دێنە کوردستان دەبێت بەپێی یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کارتی ئیشکردنیان بۆ بکرێت، بەڵام حاجی رەسوڵ بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کار رایگەیاند کە ئەوان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی هاتنی ئەو ئافرەتانە نییەو ئامادەش نەبوو هیچ لێدوانێک لەو بارەوە بدات.

دیمەن محەممەد بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان بۆ زانینی ناسنامەی ئەو ئافرەتانە وەزارەتی کاریان ئاگادار کردووەتەوە، ئەوانیش گوتوویانە ئەم ئافرەتانە کارتی ئیشکردنیان نییە، بەڵام 4 ئافرەتی چینی کە لە چێشتخانەیەک لە عەنکاوە کاردەکەن بەناوی (عافیە) کارتی ئیشکردنیان هەیە.

مای یۆفین سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ ئاشناو چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵیان دەڵێت "ئاشنا سەرەتا گوتی من هاوکاریتان دەکەم، بەڵام دواتر داوای لێکردم شووی پێبکەم، پێمگوت من زۆر لەتۆ گەورەترم و کچەکەم هێندەی تۆیە، بەڵام ئەو کەوتە هەڕەشەکردن و وازی لێنەهێنام".

مای یۆفین کە هیچ هیوایەک بۆ دەربازبوونیان لەم کێشەیە شک نابات، بەدەم گریانەوە گوتی "دەمەوێت پارەکەم وەربگرمەوەو بگەڕێمەوە بۆ چین، جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە ئەم وڵاتە، براکانم ئاگادارکردووەتەوە ئەگەر لێرە هیچم بۆ نەکەن ئەوان لەوێ هەوڵێکم بۆ بدەن".

# کچانی زەیتوون خۆیان بۆ کوشتن ئامادە دەکەن

## ئێران کوڕو کچە فارس و کوردەکان لەسەر خۆکوژی رادەهێنێ

**رووداو– رۆژهەڵاتی کوردستان**

رێکخراوی ئیستشهادییەکانی ئێران، دەیان بنکە لەشارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوەو هەزاران فۆرمی ئیستشهادی لەنێو کوڕو کچە بەسیجییەکانی دابەش دەکات، بەمەبەستی راهێنانیان بۆ کاری خۆ تەقاندنەوە.

رێکخراوی ئیستشهادییەکانی ئێران، سەر بەسوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەو، لەکۆتایی ساڵی 2003وە دامەزراو تائێستا 3 هەزار ئەندامی کوڕو کچی هەیە، ئەو رێکخراوە بیرۆکەی سەرکردە توندڕەوەکانی ئێرانە بەتایبەتیش عەلی خامەنەیی، کە سەرۆکی یەکەمی سوپای پاسدارانی ئێرانە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئەو رێکخراوە دەیان کوڕو کچی کوردیشی لەشارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ناونووسکردووە و راهێنانی چۆنیەتی خۆتەقاندنەوەیان پێدەڵێنەوە.

فاتیمە، کچە فارسێکی دانیشتووی شاری قومە کە بەناوەندی مەلاکان ناسراوە، چارشێوێکی رەشی پۆشیوەو چاویلکەیەکی رەشی لەچاوە، ماوەی 2 مانگە خۆی ناونووسکردووە، دەڵێت "لەو ماوەیەدا فێری هەندێ شت کراوین کە چۆن بەرگری لەخۆمان بکەین و دوژمن لەناو ببەین لەکاتێکدا دەزانین خۆشمان لەو دنیایەدا نامێنین، بەڵام ئەوەش دەزانین کە دونیایەکی پاکمان لەپێشە و خوا لێمان رازی دەبێ".فاتیمە قسەیەکی خومەینی،رێبەری پێشووی ئێران دێنێتەوە کە گوتوویەتی "رێکخراوی ئیستشهادی دەبێ هەبێ، ئەوە پێویستییەکی وڵاتێکی ئیسلامییە".

فاتیمە گێڕایەوە ژنێک بۆ ناونووسکردن هاتبووە بنکەیەکی خۆناونووسکردنی ئیستشهادییەکان، داوای لەبەرپرسانی بنکەکە کردبوو کە ناوی بنووسن و، گوتبووی "من زینام کردووەو دەمەوێ تۆبە بکەم، باشترین رێگەش بۆ تۆبە کردن ئەنجامدانی کردەوەی ئیستیشهادی (خۆکوژی)یە" بەڵام بەرپرسانی بنکەکە رازی نەبوون و پێیانگوتبوو "تۆ نییەتت پاک نییە، دەتەوێ بەو شێوەیە گوناهەکانت پاک بکەیتەوە".

ژمارەی کچە ئیستشهادییەکان لەکوڕە ئیستشهادییەکان کەمترە و، ئەوان خۆیان مامۆستایەکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە ئافرەتەو بە "مەلاژن" ناوی دەهێنن. فاتمە دەڵێت "مامۆستاکەمان هەموو رۆژ قسەمان بۆ دەکات، دەڵێ بۆ ئەوەی بیر لەژیانی دونیای دیکە بکەینەوە دەبێ ئەو دنیایە لەبیر بکەین". باسی لەوەشکرد کە مامۆستاکەیان کەسێکە ماوەی 15 ساڵ لەنێو سوپای پاسداران ئەندام بووەو ئەزموونێکی باشی هەیە.

کچە ئیستشهادییەکان بەکچانی زەیتوون ناونراون و لەشکرێکیان پێکهێناوە، زۆربەیان لەوانە پێکدێن کە لەبنەماڵەیەکی ئایینی لەدایکبوونەوە و زۆربەی کەسوکاریان بەسیجی و ئەندامی سوپای پاسدارانن.بەپێی زانیارییەکان رێکخراوی ئیستشهادییەکانی ئێران پەیوەندیان لەگەڵ ئەندامانی ئەنسارولئیسلام هەیە و، ئەنسارولئیسلام چەندین خۆکوژی مەشقپێکراوی بۆ ئەو رێکخراوە ناردووە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خۆکوژی لەشوێنی مەبەستیان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (رووداو) کەوتووە، ئەنسارولئیسلام لەنزیک شاری سەرپێل زەهاوی پارێزگای کرماشان چەندین بنکەی مەشقکردنی هەیە. (ک)، 20 ساڵ، خەڵکی شاری سەرپولی زەهابە، بۆ (رووداو) باسی لەوەکرد کە دوای ئەوەی چەند کوردێکی باشووری کوردستان چوونەتە شارەکەیان لەوێ یەکتریان ناسیووە "ئەوان پەیوەندیان بەئەنسار هەبوو، منیش لەرێگەی ئەوانەوە هاندرام کە ببمە ئەندامیان و چالاکیان بۆ ئەنجامبدەم".

(ک) ئاماژەی بەوەدا کە ئەو و 4 کەسی دیکەی گرووپی ئەنسارولئیسلام لەلایەن بەرپرسانی سەرەوەیانەوە بۆ ئەنجامدانی کاری خۆ کوژی ئامادە کراون "بەپێی ئەو قسانەی دەمبیست لەبنکە و بارەگاکانی ئەنسار، کاری



چەند ژنێکی کورد لە کاتی مەشقکردندا (فۆتۆ:FARS)

ئێمە بۆ کوردستانی عێراق نەبوو، بەڵکو دەبوایە بچوونایە رومادی و چەند ناوچەیەکی دیکەی عێراق و لەوێ خۆمان بتەقێنینەوە".

(ک) گوتیشی "چەند کەسێکی ئەنسار، بۆ مەشقکردن ئێمەیان دەبردە لای ناوچە عەرەبییەکانی ئێران، کە لەخوارووی پارێزگای کرماشانە، دوای ئەوەی راهێنانیان پێکردین، یەک دوو کەسیان رەوانەی رومادی کرد بۆ ئەوەی خۆیان بتەقێننەوە".

(ک) ماوەی 3 مانگ لای ئەنسارولئیسلام ماوەتەوەو مەشقی پێکراوە، دواتر لەکۆتایی ساڵی 2007 لەدەستیان رایکردووە، دەڵێ "شەوێک کە لەنێو خێمەیەکدا خەوتبووین، بیرم لەراکردن کردەوە، چونکە چیتر نەمدەویست خۆم بکوژم، بۆیە لەشوێنەکە رامکرد و چوومەوە ماڵ".دوای گەڕانەوەی، چەند هاوڕێیەکی (ک) هاندیدەدەن کە دووبارە بگەڕێتەوەو کارەکە ئەنجامبدات، بەڵام خێزانەکەی بەوە دەزانن و لەو کارە پەشیمانی دەکەنەوە.

# پەردەی کچێنی ناکۆکی دەخاتە نێو پیاوانی ئاینی ئیسلامەوە

**رووداو– ئیلاف**

ماوەیەکە پەردەی کچێنی باسێکی گەرمی نێو ناوەندی موسڵمانانی جێنشینی ئەورووپایە، خێزانێکی موسڵمانی دانیشتووی شاری ئایندهۆڤنی ئەڵمانیا داوایان لەکچێک کرد، پێش ئەوەی شوو بەکوڕەکەیان بکات، دەبێت بەرێگای راپۆرتێکی پزیشکی بیسەلمێنێت کە پەردەی کچێنیەکەی دەست کاری نەکراوەو هیچ نەشتەرگەرییەکی دوورینەوەی بۆ ئەنجام نەدراوە.

(س.قەدری) بۆ ئەوەی لەمێردەکەی بیشارێتەوە کە پەردەی کچێنی نەماوە، نەشتەرگەرییەکی بە 2500 یۆرۆ ئەنجامدابوو. (س) لەترسی ئاشکرا بوونی ئەو کارەی کردوویەتی شەوی بووکێنی بە"شەوێکی ترسناک" ناوزەند دەکات، بەڵام ئەو شەوە بەسەلامەتی دەربازی بوو، بەبێ ئەوەی مێردەکەی هەستی پێبکات.

یەکێک لەچوار گەورە مەرجەعەکە شیعە لەشاری نەجەف هەرایەکی گەورەی نایەوە، کاتێک لە فتواکەیدا دوورینەوەی پەردەی کچێنی حەڵاڵ کرد، ئەویش بەبیانووی پاراستنی ژیانی کچەکە.ئایەتوڵا عوزما ئیسحاق فەیاز، کە هاوشانی هەر یەک لە عەلی سیستانی و شێخ محەمەد سەعید ئەلحەکیم و شێخ بەشیر نەجەفییە، یەکێکە لەگەورە مەرجەعەکانی شیعە لەشاری نەجەف، ناوبراو لەناوەڕۆکی فتواکەی دەڵێت "بۆ ئەوەی کچ بتوانێت ئابڕووی بپارێزێت، ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ دوورینەوەی پەردەی کچێنی حەڵاڵ و رێگا پێدراوە".

ئەم فەتوایەی فەیاز رێگەی لەبەردەم گفتوگۆیەکی بەر فراوان کردەوە، هەندێک فتواکەیان بەراست هەڵسەنگاندو، هەندێکی دیکەش داوای روونکردنەوەی زیاتریان کرد. بۆ ئەو مەبەستەش شێخ عەلی روبەیعی، وتەبێژ بەناوی ئایەتوڵا ئیسحاق فەیاز لەلێدوانێکدابۆسایتی عەرەبیە نێت سەبارەت بەفەتواکە گوتی "کاتێک ژیانی ئەو کچانە بەند بێت لەسەر ئەم فەتوایەو، ئابڕووی عەشیرەتێک، یان خێزانێک بپارێزێت ئەوە فەتوایەکە لەجێگای خۆیەتی". بەبڕوای ئەلفەیاز ئەو ئافرەتەی بەهۆی زیناوە سکی پڕ بووە، ئەگەر ژیانی کەوتە مەترسییەوە و کۆرپەکەی نەگەیشتبووە 4 مانگ بۆی هەیە لەباری ببات.

هەروەها ماوەیەک لەمەوبەر، شێخ عەلی جومعە، موفتی میسر، فتوای دابوو گوتبووی بەهەر هۆیەک بێت ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ دوورینەوەی پەردەی کچێنی حەڵاڵە، ئەو فتوایە لەسعودیە کاردانەوەی توندی لەبەرامبەر هاتە ئاراوە هەندێک لەزانا ئاینییەکان رایانگەیاندبوو، کە ئەم فەتوایە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زیناو بەرەڵایی.

کچان و کوڕانی رەوەندی موسڵمان لەوڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا تێڕوانینی جیا جیایان بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە، هەندێکیان باوەڕیان بەمەسەلەکە هەیە چونکە موفتی حەلاڵی کردووە. هەروەها فتواکەی موفتی میسر بووە جێگەی دڵخۆشی ئەو ژنانەی لەرابردوودا ئەو کارەیان ئەنجامداوە.

بەگوێرەی ئەو ڕاپرسیە سنووردارەی بۆ نزیکەی 500 کەسی موسڵمانی دانیشتووی ئەوڕووپا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە 70%ی رەوەندی موسڵمانان ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ پەردەی کچێنی رەتدەکەنەوە و 20% یش بەکارێکی راستی لەقەڵەم دەدەن، هەروەها 10%ش خاوەنی وەڵامی یەکلاکەرەوەو دیاریکراو نەبوون.

کەمال حەمدی، کە گەنجێکی میسرییە دەڵێت "لەبەر ئەوەی موفتی میسر ئەم فەتوایەی داوە، باوەڕم بەو فەتوایە هەیە

م.حوسێن، کە بەر لەشووکردن پەردەی کچێنی دووریوەتەوە، سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە فتواکەیانداوە، ئەو دەڵێت " لە رابردوودا هەڵەم کردووەو ناچاربووم نەشتەرگەرییەکی لەم شێوەیە ئەنجام بدەم، ئێستاش کە شووم کردووەو دایکی دوو منالم ویژدانم ئازارم دەدات، کاتێکیش گوێبیستی ئەم فەتوایە بووم زۆر دڵخۆش بووم، ئێستا پێویستم بەوە نییە ئەم مەسەلەیە لای پیاوەکەم بوروژێنم".

هەروەها محەمەد بن عەلی کە گەنجێکی مەغرییبە لەم بارەیەوە "پێویستە لەسەر ئەو کچانەی نەشتەرگەریان ئەنجام داوە، پیاوەکانیان ئاگادار بکەنەوە"هەندێک لەرەوەندە موسڵمانەکانی ئەورووپا لەو باوەڕەدان ئەو جۆرە فتوایانە رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی ئافرەت بەر لەشوکردن پەیوەندی دروستبکات و هەروەها فێڵ لەبەرامبەرەکەی بکات، کامیل حەسەن، کە عێراقییەکی نیشتەجێیی ئەورووپایە دەڵێت "رێگەدان بەدوورینەوەی پەردەی کچێنی، وا دەکات کچ پێش ئەوەی شوو بکات پەیوەندی دروست بکات".

# سەگڤان کوشتن و 70هزار دولارێن وی ژی برن



سەگڤان عەبدولعەزیز

**رووداو–دهۆک**

پشتی چار روژان ژ بەرزەبونێ تەرمێ گەنچەکێ دهوکێ ل ئێڤاریا روژا 2008/7/25 ل دەڤەرا مانگێشکێ هاتە دیتن.

گەنجەکێ تەمەن 32 سالی بناڤێ (سەگڤان عەبدولعەزیز)کوییێ بەرنیاس بو ب ناڤێ ( وەحید ردێنی) ل روژا 2008/7/22 بەرزەدبیت و کەس و کارو مروڤێن وی هەر لێ دگەرن و نابینن و چ هزرێن کوشتنا وی ناکەن و هەر لێ دگەرن کو ب ساخی ب بینن پشتی نەچار دبن و هەر نابینن و دەست ب لێگەریانێ دکەن و ل ئێڤاریا روژا 2008/7/25 ل نێزیک ناحیا مانگێشکێ سەر ب قەزا دهوکێ ڤە و دکەڤیتە باکورێ بازێرێ دهوکێ کو نێزیکی 20 کیلومەتران دیرە ل سەنتەرێ بازێری تەرمێ وی گەنچی هاتە دیتن.

هەڤالەکێ نێزیکی وی گەنجی بو رووداو گوت:پێش 10 سالان مالا وی گەنجی ل ناحیا دێرلوکێ سەر ب قەزا ئامێدیێ ڤە بوو، بەلێ 10 سالە مالا خو ئینایە پاژارێ دهوکێ و ل تاخێ بەروشکێ ئاکنچیبونە. هێدی هێدی دەست ب کارێ پارە گوهرینێ کر و پاشان بەرێ چارسالان دوکانەک ل بازارێ پارە گوهرا ڤەکر و دەست ب کارێ پارە گوهرینێ کر و ل وێ ئێڤارێ وەحید ب تێلەفونێ دهێتە ئاگەهدارکرن کو گوژمێ 60تا70 هزار دولاران بو بینیتە پیشەسازیا تاخێ مالتایێ و پشتێ پاران دبەتە جهێ دەست نیشانکری ئێکسەر بەرزەدبیت،

هەر وی هەڤالی دیارکر و گوت: مالا وەحید هەر ل روژا ئێکێ یا بەرزەبونێ ترومبیلا وی یا ژ جورێ بیچو ل پێشەسازیا مالتایێ ل بازارێ دهوکێ دیت کو کەس تێدا نینە و ئێکسەر دەزگایێن ئەمنی ژ ئاسایشی و پولیسان ئاگەهدارکرن و دەست ب لێگەریانا وی کر پاشان ل ئێڤاریا روژا 2008/7/25 پولیسان تەرمێ وی ل دەڤەرا مانگێشکێ دیت و ئێکسەر مالا وان ئاگەهدارکر و تەرمێ وی داف کەس و کارێن وی و هەر وێ شەڤێ ل گورستانا شاخکێ هاتە ڤەشارتن.

هەڤالێ نێزیکی وەحیدی کو نەڤیا ناڤێ وی ئاشکرا ببیت ئەوژی دیارکر و گوت: پشتی تەمێ وی هاتیە دیتن دیاربو کو گەلەک هاتبو ئەشکەنجەدان و دەست و بێ ێن وی هاتبونە شکاندن پاشان کوشتبو و هەمی پارەو و موبایلا وی وان کەسێن کوشتی دگەل خو برینە . هەردیسان گوت: وەحید تانوکە یێ بێ هەڤژین بوو و بابێ وی ژی نەمایە و حەفت برا هەنەو بەری نوکە چ ئاریشێن چڤاکی دگەل کەسێ نەبون و بارێ وان یێ ئابوری ژی ناڤنجیە.

ل دور ڤێ روودانێ (لیوا وەعدولا سێلکی) رێڤەبەرێ پولیسێن پارێزگەها دهوکێ بو ( رووداو) دیارکر و گوت:تانوکە چ بێزانینێن دروست دیار نەبوینە بەلێ ئێکسەر مە دەست ب دووڤچونێ کریە و تانوکە یابەردەوامە.

ل دووڤدا دکتور (ئەفراسیاب موسا )نوژدارێ بسپور ل رێڤەبەریا پزیشیا داد ل دهوکێ بو رووداو گوت:پشتی تەرمێ وی گەنجی ئینایە رێڤەبەریامە و مە تەشریح کر دیار بو کو گولەیەک ب سەرێ وی کەفتیە و دیسان لاشێ وی کەڤن ببو بێهن ژێ دهات و هاتبو رزین.

# مردووانی سلێمانی ژمارە وەردەگرن

## گۆڕی بێکەسی شاعیر بێنازترین گۆڕە



نەوزاد مەحمود

nawzad2000@yahoo.com

**رووداو – هەڵەبجە**

بڕیارە لەدوای تەواو کردنی پرۆژەی گۆڕستانی سەیوانی نوێ، هەر مردوویەکی سلێمانی ژمارەیەک بۆ نیشتەجێبوون وەربگرێت و هاوکات بەتەواو بوونی ئەو گۆڕستانە شارستانییەش، دیاردەی مەی خواردنەوە لەسەر گۆڕستانەکان کۆتایی دێت، لێپرسراوی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینیش گلەیی لەحکومەتی کوردستان دەکات، کە بۆ کاروباری ئاینی گوێ لەڕاو پێشنیارەکانی ئەوان ناگیرێت.

هەر9 گۆڕستانەکەی سلێمانی پڕبوونەتەوەو جێگەی مردو ناشتن بەرەو کۆتایی دەچێت، هەر بۆیە تائێستا چەند گۆڕهەڵکەنێک لەلایەن لیژنەی سەرقەبرانەکانی شارەوانی سلێمانییەوە، سزادراون لەبەر ئەوەی کە گۆڕیان بۆ ناشتنی مردوو هەڵداوەتەوە.

سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینیش دەڵێت "چەند جار داوامان لەلایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، کە بەشێوەیەکی شارستانییانە گۆرستانی نوێ دروست بکرێت، بەڵام گوێ لەڕای ئێمە ناگیرێت".

دیاردەی مەی خواردنەوەی گەنجان لەسەر گۆڕستانەکانی سلێمانی وبەتایبەتی گۆرستانی سەیوان، بووەتە دیاردەیەکی رۆژانەو هەموو بەیانییەک تیمەکانی شارەوانی، چەندین بوتڵی مەشروباتی بەتاڵ لەناو گۆڕستانەکاندا کۆدەکەنەوە.

جەمال سەعید، بەرپرسی لیژنەی سەرقەبران لەشارەوانی سلێمانی، باسی لەوە کرد کە چەند جارێک بەراپۆرت ئاسایش و پۆلیسی لەدیاردەی مەیخواردنەوە لەگۆڕستانەکان ئاگادار کردووەتەوە "بەراپۆرت داومانە بەئاسایش و پۆلیس و داوامان کردووە لەبنکەکانی ئاسایشی ئەو دەوروبەری گۆڕستانەکان، کەڕۆژانە سەر لەناو گۆڕستانەکان بدەن تا ئەو کەسانە دەستگیر بکرێن کەلەناو گۆڕستانەکاندا دەخۆنەوە".

لێپرسراوی بەشی سەرقەبران گوتیشی "ئەوانەی کەدەستگیر دەکرێن، تەنها دووکاتژمێر تەوقیف دەکرێن و دواتر بەرەڵا دەکرێن" هەروەها گۆڕهەڵکەنێکی گۆڕستانی سەیوان، دیاردەی بەیانە (بار) کردنی گۆڕستانەکان ناشارێتەوەو دەڵێت "لەوەتەی خەڵک لەسەرئەومەسەلەیە دەستگیردەکرێت، رێژەکە کەمتر بووەتەوە".

.شێخ محەممەد ئەمین موفتی، لێپرسراوی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینی، پاراستنی ئاسایش و خاوێنی و رێزی گۆڕستانەکان بەپێویست دەزانێت لەرووی شەریعەتی ئیسلامەوەو داوا دەکات لەحکومەت کەئەو ئەرکە وەک پێویست رابپەڕێنێت.

بەڕای یەکێک لەو گۆڕهەڵکەنانەی گۆڕستانی سەیوان، کەماوەی 32ساڵ بەکاری گۆڕهەڵکەندن و گۆڕ هەڵبەستنەوە سەرقاڵە و ئامادە نییە ناوی خۆی ببات، ئێستا جگە لەوەی شارەوانی بەتەواوی گۆڕستانەکانی فەرامۆش کردووە، هاوکات لەلایەن کەسوکارەکانیشیانەوە، مردووەکان فەرامۆش کراون "بەبەراورد لەگەڵ پێش راپەڕین، ژمارەی هامۆشۆکەرانی گۆڕستان زۆر کەمی کردووە".

ئەوەی کەجێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەو گۆڕ هەڵبەستە شوێنی گۆڕی تەواوی نوسەرو ئەدیب و مێژوو نوس و شاعیر و کەسایەتییە دیارەکانی سلێمانی دەزانێت "کەسوکاری هەمووزاتە دیارەکانی سلێمانی، لەمن دەپرسن گۆڕەکانیان لەکوێیە، لەناو گۆڕی تەواوی شاعیرو نوسەرو هونەرمەند ومێژوونوسەکاندا، گۆڕی بێکەسی شاعیر بێناز ترینیانە و ماڵی کاکەی فەللاح و رەفیق چالاک و حەمەساڵح دیلان، زۆر زوو زوو دێن بۆ لای گۆڕەکان".

ئەگەرچی گۆڕهەڵکەنەکانی سلێمانی نایانەوێت، دیاردەی هەڵدانەوەی گۆڕی کۆن بۆ ناشتنی مردوی تازە بشارنەوە، هۆکاری مەسەلەکەش بۆ نەشارەزایی ئەو گۆڕهەڵکەنانەو بەرەو کۆتایی چوونی شوێنی بەتاڵی گۆڕستانەکان دەگێڕنەوە

لەو بارەیەوە گۆڕهەڵکەنێک گوتی "ئەگەر ئێمەی گۆڕهەڵکەنە کۆن و بەئەزمونەکان گۆڕ هەڵکەنین، نادەین بەسەر گۆڕی دیکەدا، بەڵام خەڵکی تازە، پێنج، شەش گۆڕ هەڵدەکەنێت و دای دەپۆشێتەوە، کەئەوەش تەنها نەشارەزاییە، نەک ئەنقەست"

جەمال سەعید، رایگەیاند لە 6 مانگی ڕابردوودا، چوار تاپێنج کەس بەو هۆیەوە بە بڕی 25–75 هەزار دینار سزا دراون، ناوبراو گوتیشی "لەگۆڕستانە نوێیەکەدا کەبڕیارە دروستی بکەین، نەخشەکەی بەشێوەیەکە، کەهیچ کام لەو جۆرە دیاردانەی تێدا روونادات".

شێخ محەممەد ئەمین موفتی، دیدی شەریعەتی ئیسلام لەبارەی هەڵدانەوەی گۆڕ بۆ ناشتنی مردووی دیکە روونەکاتەوە "دەبێت ئەو گۆڕەی هەڵدەدرێتەوە، تەمەنی لە3ساڵ بەرەو ژوور بێت، بەڵام زانایان بۆ دڵنیایی زیاتر وتوویانە دەبێت تا شوێنەواری مابێت، هەڵنەدرێتەوە، ئەگەر گۆڕێکیش چەند ئێسک و پروسکێکی تێدابوو، دەتوانرێت تەرمی تێدا بنێژرێت".

یەکێک لەو دیاردانەی لەنێو گۆڕستانەکاندا بەدیدەکرێت، داگیر کردنی زەوییە بۆ مردوان، بەرپرسەکەی یەکێتی زانایان لەو بارەیەوە دەڵێت "زەوی گۆڕستان زەوییەکی گشتییەو هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە زێدەڕۆیی لەبەکار هێنان زەوی بکات بۆ گۆڕ، یان بڵێت با ئەو زەوییە بۆش بێت بۆ ئەوەی بەتەنیشت خزمەکەمەوە یان فلان کەسەوە بمنێژن، ئەمە دروست نییە".

سەبارەت بەهەڵبەستنەوەی گۆڕەکانیش، موفتی هەڵبەستنی گۆڕەکان تائەو جێگەیە بەدروست دەزانێت، کەگۆڕەکەی پێ بناسرێتەوە، نەک بگاتە بەرز کردنەوەی کێلەکان و رازاندنەوەی بەشیعرو خەیاڵات نوسینی جۆراوجۆر، شێخ محەمەد گوتیشی "پێغەمبەر خەڵکی هانداوە تاوەکو سەرگۆڕی کەسوکارەکانیان سەوز بکەن و درەخت و گوڵ و گیای تێدا بڕوێنن، بەڵام ئێستا هاوڵاتیان گۆڕەکان دەکەنە چیمەنتۆ و دیمەنێکی ناشارستانی و ناتەندروست، تەواوی گۆڕستانەکانی ئێمەی داپۆشیوە".

هەنوکە لەناو گۆڕستانەکانی سلێمانیدا، بەهۆی شپرزەیی و بەیەکداچوونی نائەندازەیی و ناشارستانییانەی گۆڕەکانەوە، ئاستەمترین شت بەلای هامۆشۆکەرانی گۆڕستانەوە، دۆزینەوەی گۆڕی کەسوکارەکانیانە. جەمال سەعید بۆ چارەسەری ئەو گرفتە دەڵێت "وەک گۆڕستانە مۆدێرنەکانی تاران و ئەوروپا، لەسلێمانی گۆڕستانێکی نوێ دروست دەکەین، کە بەشی شەهیدان، نوسەرو ئەدیب، هونەرمەندان، هاووڵاتییە بێ کەسوکارەکان بەجیاجیا دەبێت و تەواوی گۆڕەکان ژمارەیان دەبێت، تا کەسوکارەکانیان بەئاسانی بیدۆزنەوە، ناو گۆڕستانەکەش بێبەش نابێت لەدرەخت و سەوزایی و ڕێگەوبان و شۆستە، گۆڕستانەکە هاوشێوەی گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران".

ناوبراو گوتیشی "تائێستا ئەو گۆڕستانە نوێیە، کەناوی سەیوانی نوێیەو دەکەوێتە دەرەوەی شارەو لەنێوان عەربەت و سلێمانیدایە، تەنها پەرژینی بۆکراوەو لەئایندە دەست بەدروستکردن و خزمەتگوزارییەکانی دەکەین، تا تەواویش نەبێت، بوار نادەین هیچ مردوویەکی لێ بنێژرێت".



شارەوانی سلێمانی بەنیازە گۆڕستانێکی هاوشێوەی گۆڕرستانی زەهرای تاران دروست بکات (فۆتۆ:Picsa)

# دەربازبوونا خەلکێ 6 گوندان ب داڤەرستانە

## ئیبراهیم ئەحمەد رێڤەبەرێ رێک و پرا ل پارێزگەها دهوکێ " دێ پرەکێ بو وان گوندان چێکەین"

**عەبدولا نهێلی**

**رووداو-ئامێدیێ**

پشتی سەرهەلدانێ گەلەک گوندێن دەڤەرا ئامێدیێ یێن هاتینە ئاڤاکرن ژواناژی گوندێن دێویکێ و خاستو ژێری و خاستو ژوری و سارکێ و لاتکا و هلورێ کو دکەڤنە سەر دەڤەرا زێباریا و برەخ بازێرکێ شێلادزێڤە کو بتنێ روبارێ زێی دناڤ بەرا وان گوندا و شێلادزێ را دچیتن و هەتا ڤێ گاڤێ چ پر بو وان گوندان نەهاتینە ئاڤاکرن داکو دەربس ببن و دەر باز بونا خەلکێ وان گوندان ب داڤەرستانە و چەندین رودان و ئاریشێن مەزن بو وان پەیدابن و بویە جهێ گازندا خەلکێ وان گوندان .

زبیر عەبدولا محەمەد هەلبژێرێ گوندێ خاستو ژێری بو (رووداو)گوت : پشتی سەرهەلدانێ مەژی گوندێ خو یێ ئاڤاکری وەکو گەلەک گوندێن دی و ژیارا مە ل سەر گەندێ مەیە و لێ مە ئاریشەکا مەزن یاهەی ئەو ژی دەرباس بونا مە ل روبارێ زێیێ مەزن ل هەر چار وەرزێن سالێ ب داڤەرستانە، و براستی رێیەکا ب مەترسی یە روژانە بتریا هاوەلاتیێن ڤان گوندان بو پبتڤیێن ژیانا خو ل ڤێ داڤەرستێ دەرباز دبن و ئەم هەمی تشتێن خو ئەرزاقێ خو ل داڤەرستێ دەرباز دکەین، دیسان گوت گەلەک فێقیێ مە ژی پیچ دبیت کو ئەم نەشێن ل داڤەرستێ دەرباز بکەین و بخو ب فروشین و بەری سێ چار سالان جادەکا ترومبێلێ ب دیراتیا دەمژمێرەکێ ل پرا هاریکێ را ل ناحیا دیرەلوکێ دهێتە گوندێ مە جادا ئاخێیە و هەمی کەندو کورن و گەلەکا نەخوشە کرێ یا ترومبێلا 45 هزار دینارن ژمەناهێتن بو هەر کارەکێ ترومبێلە کێ ب ئیجار بگرین .زور جاران مە هەلبژێرێن ڤان هەر 6 گوندان داخاز ژ حکومەتێ کریە کو بومە پرەکێ چێکەن لێ چ دیار نینە . دیسان گوت بەرێ چەند سالەکان ل گەندێ سارکێ دەمێ ئڤاری مارەکێ ب ژنەکێ ڤەدا کو رێک نەبو بگەهینە نەخوشخانێ تا سپێدێ گیانێ خو ژ دەست دا ژبەر رەوشا ئەمنی هاتن و چون بشەڤێ قەدەغەبو دیسان سالێن 90 دا (13) سنێلە پتریا وان کچ بون خەلکێ کومەلگەها سیریێ بون بو پێتڤیێن ژیانا خو دا دەرباز بنە رەخێ مە کەلەکا وان ل نیڤەکا روباری دا وەرگەریا و هەر 13 دە د روباری دا خەندقین .

خاتین خالد خدرهاوەلاتیەکا گوندێ خاستو ژێری بو (رووداو)گوت:ئەڤە چەندین سالە ئەم یێن دڤێ ئاریشا نەبونا پرا دا دنالین و گەلەک جاران زارویێن مە نەخوش بوینە تا ئەم دبەینە نەخوشخانێ نەخوشیا وان پتر لێ دهێت نوژدار ژی دبێژنە مە وە بوچی زیتر ئەڤ زارویە نەد ئینا نەخوشخانێ براستی داڤەرستا مە گەلەکا ب مەترسیە و گەلەک



ژ بەر نەبوونا پرا هاووەلاتی داڤەرستان هاتووچوو دەکەن (فۆتۆ:رووداو)

> **ئەز بخو جارەکێ یێ د داڤەرستێ دا کەفتی و بگرانی یێ بریندار بووم**
>
> هاووەلاتی سەفەر محەمەد

کەس تێدا فرینە و بریندار بوینە .(سەفەر محەمەد)هاوەلاتیەکێ گوندێ دێویکێ بو (رووداو) هاتە ئاخفتن :پتر ژ دە سالان ئەم ل گەندی بوین چەندین ئاریشە بومە پەیدا دبون ل بەر نەبونا پرا هەر چەندە رێکا دناڤ بەرا گوندێ مەو شێلادزێ دا نێزیکێ 300 مترانە بتنێ روبارێ دناڤ بەینا مەرا دجیت چ رێکێینن دی نینە دڤیابا دەمژمێرەکێ ب رێکا ئاخێ جوباین هەتا گەهشتباینە دێرەلوکێ ل پرێ دەرباز ببایەن . و ئەم روژانە پێتڤی ب شێلادزێ دبوین بو کرینا کەل وپەلێن خارنێ بو جونا نەخوشخانێ جونا قوتابخانێ 3 قوتابیێن گوندێ مە دقوناغێن ناوەندی دخاند جارەکێ ئاریشەک ل سەر داڤەرستێ بو پەیدابو هەرسێ یا قوتابخانە هێلا دیسان ئەز بخو جارەکێ یێ د داڤەرستێ دا کەفتیم و ب گرانی یێ برین داربویم دیسان بەرێ هەیڤەکێ ژی نەکا گوندێ مە بناڤێ (سانیا )دگەل کورەکێ خو ل سەر داڤرستێ بون دا دەرباز بن داڤەرست برچیا و تێداکەفتن و هەردوک ب گرانی برین داربون هێشتا داڤەرستا مە نەهاتیە دروست کرن ڤە دیسان ل سالێن نوتادا زەلامەکێ گوندێ مە نێزیکی مەغرەب ل بانی دا کەفت ژبەر رەوشا ئەمنی ئەم نەشیاین ببەینە نەخوشخانێ تا سپێدێ گیانێ خو ژ دەست دا و چەندین ئاریشێن دی ئەڤجا ئەم داخازێ ژ حکومەتا هەرێمێ دکەین بومە پرەکێ چێکەن .

نوری حەسەن بەلوسەروکێ باژێرڤانیا شێلادزێ بو (رووداو) گوت :بەری دو سالان لژنەک ب فەرمانا پارێزگەرێ دهوکێ کو ئەندازیارەکێ رێک و پرا بناڤێ برهان دگەل دابو سەرا دەڤەرێ دا و جهەک ل دانگا مزگەفتا ئەرتیسیا بەرامبەر گوندێ لاتکا بو پرەکێ باش زانی بەلێ ئەندازیاری گوت مەشیانێن برێن 45 میتری یێن هەی و ئەڤ دوراتیە 60 مترە ژبەر هندێ هاتە پاشئێخستن هەتا ڤێگاڤێ.

ل دور ڤێ ئاریشێ ئیبراهیم ئەحمەد رێڤەبەرێ رێک و پرا ل پارێزگەها دهوکێ بو (رووداو)گوت: دوماهیا سالا 2007 داخازێن وان گوندان بو پرەکێ گەهشتینەمە و ئەڤ سالە مە ژی ئەڤ داخازی یە بەر چاڤ وەرگرتیە و ب رازەمەندیا پارێزگارێ دهوکێ مە کریە دپلانا خویا ئەڤ سالەدا و مە بو جیهەتێن بلند بلندکریە هەتا رازەمەندی ل سەر دهێت و بودجەیەک بو دهێتە تەرخانکرن دێ پرەکێ بو وان گەندان چێکەین.

### ئەنسارولئیسلام لەسەر داوای قاعیدە دروستبوو

# دانپێدانانەکانی عومەر بازیانی ئەو کوردەی یاریدەدەری زەرقاوی بوو


عومەر بازیانی

**ئامانج خەلیل**
**رووداو –سلێمانی**

عومەر بازیانی، ئەندامی شورای ئەنسارولئیسلام و یەکێک لە سەرکردەکانی رێکخراوی تەوحیدو جیهاد، پاش دەستگیرکردنی لەبەغدا، لە دانپێدانانەکانی خۆیدا چۆنێتی دروستبوونی (جوندولئیسلام و دواتر بوونی بەئەنسارولئیسلام) ئاشکرا دەکات و وردەکارییەکانی پەیوەندی ئەنسار لەگەڵ (تەوحید و جیهاد) بەسەرۆکایەتی ئەبو موسعەب زەرقاوی دەگێڕێتەوە. بازیانی کە تاکاتی دەستگیرکردنی ئەمیری شاری بەغدای تەوحیدو جیهاد بووەو لەئەنجومەنی شورای ئەو گرووپەدا بووە، یەکێک بوو لە یاریدەدەرەکانی زەرقاوی کە ساڵی 2006 لەلایەن ئەمریکیەکانەوە کوژرا.

بازیانی کە ناوی تەواوی (ئیبراهیم عەبدولکەریم عەزیز)ە، ساڵی 1971 لەکەرکووک لەدایکبووە، خێزاندارەو سێ منداڵی هەیە، دەرچووی پۆلی شەشی زانستییەو ساڵی 1992 پەیوەندی بەبزووتنەوەی ئیسلامییەوە کردووە، دواتر چووەتە ریزەکانی (جوندولئیسلام) تا سەرئەنجام بووەتە ئەندامی شورای ئەنسارولئیسلام.

چیرۆکی دەستگیرکردنی بازیانی وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکات، ئەو کە ساڵی 2000 ئەندامی وەفدێکی سێ کەسی بووەو لە هەورامانەوە چوونەتە ئەفغانستان، دواترو پاش تێکشکانی ئەنسار لە هەورامان و پەراگەندەبوونیان بەنێو ئێرانداو دووبارە گەڕانەوەی بۆ بەغدا، لەدیارترین ئەو کەسانە بووە کە لە باڵی وریا هەولێری ناسراو بە ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی جیابووەتەوەولەگەڵ ئەبوموسعەبی زەرقاویدا تەوحیدو جیهادی دروست کردووە، کەچی کاتێک لەبەغدا ئەمیری تەوحیدو جیهاد بووە، رۆژێک خۆی و هاوڕێیەکی بە ئوتومبێلەکەیانەوە لەترافیکی یەکێک لە شەقامە قەرەباڵخەکاندا گیردەخۆن و زۆر بەسانایی لە ئوتومبێلەکەدا دەستگیر دەکرێن. بازیانی دانپێدانانی خۆی بەم شێوەیە دەست پێدەکات "سەرەتا لەناو جوندولئیسلام ئەندامی شورا بووم و جێگری (ئەبو وائیل) بووم لە هەیئەی شەرعی و ماوەیەکیش ئەمیری کەتیبەی (ئەقسا) بووم، لەسەردەمی دروستبوونی ئەنساردا لە کەتیبەی ئەقسا نەمام و تەنیا جێگری ئەبو وائیل بووم، لەپاش دروستبوونی ئەنسار، واتە ئەوکاتەی مەلا کرێکار بوو بە ئەمیری ئەنسار پاش (2-3) مانگ وازم لەشورا هێناو لەهەیئەی شەرعی مامەوەو لەوکاتەدا بەرپرسی بەدواداچوونی بڕیارەکانی شورا بووم".

هەیئەی شەرعی دەزگای بڕیاردەربووە لەناوچەی هەورامان، هەر لە بڕیاردان لەسەر کاروباری ئەنسارەوە تا دەگاتە رێکخستنی بازاڕ، تەنانەت هەر ئەو هەیئەتەش بڕیاری دەرهێنانی گۆڕەکانی شێخانی نەقشبەندی دا.

عومەر بازیانی بەوردی باس لەو کارانە دەکات کە لەدژی پێشمەرگەکانی یەکێتی لەناوچەی شارەزوور و هەورامان لەلایەن ئەنسارەوە ئەنجامدران، دواتر دێتە سەر باسی ئەو کارانەی لەدوای رووخانی رژێمی سەدام لەدژی هێزە ئەمریکییەکان لە بەغداو کەرکووک ئەنجامیداوە.

#### دروستبوونی ئەنسارولئیسلام

عومەر بازیانی دەڵێت "هۆکاری دروستبوونی ئەنسارولئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ داوای سەرکردەکانی قاعیدە لەئەفغانستان، بەتایبەتی ئەبو موسعەب سوری، ئەبو حەفس، ئەبو موسعەبی زەرقاوی، ئەیمەن زەواهیری، ئەویش بۆ بەهێزکردنی هەردوو هێڵی ئیسلاح و جوند".

بازیانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت "لەماوەی سەردەمی جوندولئیسلامدا جەماعەتی مەلا کرێکار، واتە ئیسلاح، شانبەشانی جوند لە هێڵی بەرگریدا بوون، بۆ بەهێزکردنی هەردوو جەماعەتی ئیسلاح و جوند، لەڕووی عەسکەری و سیاسی و ئابوورییەوە، لەسەرەتادا مەلا کرێکار بەئەمیری گشتی ئەنسار دانرا، هەرلەوسەردەمەدا بەرەزامەندی سەرکردەکانی ئەنسار ئاگربەست لەگەڵ یەکێتی راگەیێندرا".

ناکۆکی لەگەڵ ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی

عومەر بازیانی ئاماژە بە سەرەتای دروستبوونی جوندلئیسلام دەکات پاش ئەوەی لەئەفغانستان گەڕاونەتەوەو دەڵێت "بە 10 رۆژ پێش ئێمە، مەلا ئاسۆ، ئەبو وائیل، عەلی وەلی، گەڕانەوە بۆ کوردستان، ئێمەش دواتر گەڕاینەوە، لەکاتی گەڕانەوەمان لەئێران بۆماوەی یەک مانگ زیندانی کراین، پاشان گەڕاینەوە بۆ کوردستان و لەناوچەی خورماڵ و لەساڵی 2001 دا کە ئەوکات کۆمەڵ و بزووتنەوە جیابببوونەوە، من لەوکاتەدا چوومەلای گرووپی تەوحید کە ئەوکاتە ئەبوبەکری تەوحید ئەمیری بوو، لەبناری سورێن، هەر لەوکاتەدا مفاوەزات لەنێوان ئێمە، واتە تەوحید لەگەڵ جەماعەتی مەرکەزدا هەبوو بۆ ئەوەی یەکبگرین، پاش چەند دانیشتنێک رێککەوتین لەسەر دروستکردنی یەک رێکخراو، ئەوەبوو لەمانگی دیسەمبەری 2001دا ئیعلانی جوندولئیسلامامان کرد".

عومەر بازیانی درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت "دوو ئەندامی ئێمە بوون بەئەندامی شورا، کە من و ئەبوبەکری تەوحید بووین، تاوەکو دروستبوونی ئەنسارولئیسلام، بەرلەوەی بچین بۆ ئێران بەشەش مانگ من وازم لەئەندامی شورا هێنا، ئەویش بەهۆی هەندێک خیلافەوە لەگەڵ ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی، خیلافەکان لەسەر مەسەلەی شوراو لەسەر مەسەلەی مەلا کرێکاریش بوو، چونکە مەلا کرێکار هەندێک لێدوانی دەدا پێچەوانەی رێککەوتنی نێوان جوند و ئیسلاح بوو".

#### دیداری عومەر بازیانی و زەرقاوی لەئەفغانستان

بازیانی لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوەدەکات کە لەسەروبەندی دروستبوونی جوندولئیسلامدا لەساڵی 2000 لەگەڵ دوو کەسی دیکە بەناوەکانی ئەبو قەتادە هەولێری و فوئاد رەسوڵ خەڵکی شارۆچکەی سیروان، لەرێگەی ئێرانەوە خۆیان گەیاندووەتە ئەفغانستان و ماوەی 6 مانگ لەوێ ماونەتەوە. لەشاری کابول دەچنە ماڵی ئەبو عەبدوڵڵای کوردی کە خەڵکی هەولێر بووە، هەر لەوێ ئەیمەن زەواهیری بەرپرسی دووەمی قاعیدە، ئەبو حەفسی میسری کە ساڵێک دواتر لەجەنگی ئەفغانستاندا کوژرا، ئەبو موسعەبی زەرقاوی و ئەبو موسعەبی سوری دەبینن، ماڵی هەمووشیان لەگەڕەکێک بووە بەناوی وەزیر ئەکبەرخان.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەم وەفدەی لە هەورامانەوە چوونەتە ئەفغانستان، لەکابول چاویان بەچەندین کەسی کورد دەکەوێت، لەوانە ئەبو توراب کە ناوی راستەقینەی عەبدولسەلام حەسەنەو خەڵکی سلێمانییە، گۆران خەڵکی سلێمانی کە دواتر لەبیارە کوژرا، هیوا عەبدولکەریم برای عومەر بازیانی، ئەبو حارس خەڵکی هەولێر کە ئەویش لەبیارە کوژرا.

#### لێدانی ئەنسارو پاشەکشێیان بۆ ئێران

بازیانی ئاماژە بەوەدەکات کە بەر لەلێدانی ئەنسار لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە لەساڵی 2003، هیچ رێککەوتنێک لەنێوان ئەنسارو ئێراندا نەبووە بۆ داڵدەدانیان ئەگەر هێرش روویدا "هیچ رێککەوتنێکمان لەگەڵ ئێران نەبوو، بەڵام کە بۆردومان دەستپێکرد بەرەو ئێران رۆیشتین، نزیکەی 50 کەس دەبووین، من و هێمن بانیشاری و هەڵگورد، لەگەڵ چەکدارەکانی دیکە لە رەنگینەوە چووینە ئێران و هیچ عەرەبێکمان لەگەڵ نەبوو، عەرەبەکان لەقوڵی سەرگەتەوە چوونە ئێران، کە چووینە ناو ئێران لەپشتی درزلی جیابووینەوەو کۆمەڵ کۆمەڵ هەریەکەو بەلایەکدا رۆیشتین، بەڵام پێش جیابوونەوە هەرچی چەک و تەقەمەنیمان پێبوو لەئەشکەوتێکدا دامانا، دواتر کە چووینەوە هیچی لێ نەمابوو، ئێمە هەر لەدرزلی ماینەوەو پاشان بەئۆتۆمبێلێکی کرێ لەرێگەی قاچاخچییەکەوە بەرەو مەریوان چووین، کابرای قاچاخچی ئێمەی برد بۆ ماڵێک کە ناسیاوی قاچاخچییەکان بوو، دووشەو بەپارە لەوێ ماینەوە، من هەرلەوێ مامەوەو لەدواییدا خانوویەکم لەکانی دینار بەکرێ گرت".

#### گەڕانەوەی بازیانی بۆ کوردستان و دواتریش بۆ بەغدا

پاش ئاودیوبوونی هێزەکانی ئەنسار بۆ ناو ئێران و پەرتەوازەبوونی ئەندامەکانی بە شارەکانی ئێراندا، عومەربازیانی بەهاوڕێیەتی هەریەک لە عەلی باینجان و ئەبو ئەسما کە ناوی راستەقینەی سەرکەوتەو خەڵکی سلێمانییە لەرێگەی سەرپێڵەوە بە قاچاخ دێنەوە ناو کوردستان و دەچنە گوندێکی نزیک کەلار، پاشان لەوێوە خۆیان دەگەیێننە بەغداو دەچنە ماڵی ئەبو بەڕا کە ناوی راستەقینەی عوسمان مەحموودە.

بازیانی لەبەغدا چاوی بەچەند کوردێک دەکەوێت کە پێشتر ئەنسار بوونەو دەڵێت "کە گەیشتینە بەغدا مەلا قودس و عەبدولحەمید کەلاری و خەڵاتم بینی، هەروەها کورێکیان پێناساندم بەناوی ئەبو محەممەد کوردی کە سەر بەمقاوەمەی ئیسلامی بوو، باسی وەزعی خۆمانم بۆکرد کە چیمان بەسەر هاتووە، ئەویش 500 دۆلاری دامێ، هەر لە بەغدا چوومە ماڵی هیوا گۆپاڵە، کە دواتر چووە پاڵ جەماعەتی ئەنساری سوننە".

سوپای ئەنساری سوننە ئەو باڵەن کە پاش لێکهەڵوەشانەوەی ئەنسارولئیسلام لەسەر پاشماوەکانی ئەو رێکخراوە بە سەرکردایەتی ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی دامەزران. شافیعی ناوە راستەقینەکەی وریا ساڵح عەبدوڵڵایەو لەساڵانی 1992–1993 لەسەر لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەفسەری ئاسایشی کوردستان بووە بەپلەی مولازم. پاش شەڕی بزووتنەوەو یەکێتی رووی کردووەتە ئەفغانستان و پەیوەندی بە

رێکخراوی قاعیدەوە کردووە. وریا هەولێری بە توندترین سەرکردەی ئەنسار دەژمێردرێت کە لەمەسەلەی داڵدەدانی عەرەبە هەڵاتووەکانی ئەفغانستانداو دروستکردنی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ ئەبوموسعەبی زەرقاوی رۆڵی دیاری بینیوە.

هەر لەو دانپێدانانەدا عومەر بازانی ئەوە ئاشکرا دەکات کە بۆ یەکەمجار لە بەغدا ئەبو ئەیوبی میسری بینیوەو لەرێگەی ئەویشەوە بۆ جارێکی دیکە ئەبو موسعەب زەرقاوی بینیوەتەوە، بازیانی دەڵێت "ئەبو ئەیوبم راسپارد کە بە ئەبو موسعەب زەرقاوی بڵێ عومەر بازیانی لە بەغدایەو دەیەوێ بتبینێ، ئەویش گوتی باشە 4 رۆژی دیکە وەڵامت دەدەمەوە".

#### عومەر بازیانی زەرقاوی دەبینێ

عومەر بازیانی لەگەڵ ئەبو ئەیوب دەچێتە فەللوجەو لەماڵی ئەبوخەتاب ناوێک چاوی بە زەرقاوی دەکەوێت. بازیانی لەوێ بۆ زەرقاویی باس دەکات کە ئەوان وەک گرووپی تەوحید بەهۆی ناکۆکیی زۆرەوە لە ئەنسار جیابوونەتەوەو زەرقاویش پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات کە ئەندامەکانی خۆیان کۆبکەنەوەو هەواڵ بۆ ئەوانەی ئێرانیش بنێرن تا بگەڕێنەوەو لەژێر چەتری رێکخراوەکەی ئەودا کاربکەن. دیداری بازیانی و زەرقاوی لە فەللوجە سێ جار دووبارە دەبێتەوەو سەرئەنجام بازیانی بەنامەیەک هێمن بانیشاری کە تا ئەوکات لەئێران بووە، لەو دانیشتنانە ئاگادار دەکاتەوە. "نامەم نارد بۆ هێمن بانیشاری لە ئێران، پێمگوت زەرقاویم بینیوەو حەز دەکات ئێشی لەگەڵ بکەین، هێمنیش وەڵامی دایەوە گوتی جارێ پەلە مەکە، چونکە بێزاربووین لە سیقەکردن بەم و بەو".

عومەر بازیانی، تاوەکو رۆژی دەستگیرکردنی، 6 جار زەرقاوی دەبینێ، لەسەرجەم دانیشتنەکانیشدا باس لەکاروچالاکییەکانیان دەکەن و لەیەکێک لەو دانیشتنانەدا کە لەکۆتایی مانگی نیسانی 2004 ئەنجامدراوە، هەیکەلی تەوحیدو جیهاد بەو شێوەیە دادەڕێژن: ئەبو موسعەب زەرقاوی ئەمیری گشتی. ئەبو ئەنەس شامی بەرپرسی شەرعی، عومەر بازیانی (ئەبو فەلاح) ئەمیری بەغدا. حەسەن ئیبراهیم (کازم)، لێپرسراوی راگەیاندن. ئەبو تەلحە، ئەمیری موسڵ، شێخ عەبدوڵڵا ئەبو عەزام، ئەمیری ئەنبار، حوسێن سەلیم (هێمن بانیشاری) ئەمیری سلێمانی و کەرکووک و هەولێر. ئەبو محەممەد لوبنانی بەرپرسی عەسکەریی بەغدا.

بەڵام دوای ماوەیەک ئەو هەیکەلە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لەوانەش کەسێکی نوێ دێتە ناو گروپەکە بەناوی ماهر شامی، کە زەرقاوی بەجێگری خۆی دەستنیشانی دەکات.

بەپێی قسەی عومەر بازیانی، زەرقاوی زۆر جەختی لەسەر مەسەلەی راگەیاندن کردووەتەوە و داوای لە بەرپرسی راگەیاندنی تەوحید کردووە، کار بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی هەفتانەو گۆڤارێکی مانگانە لەگەڵ سایتێکی ئینتەرنێت بکەن، بەڵام شەڕی فەللوجە دەرفەتی ئەو کارەی پێنەداون. باس لەوەش دەکات کە زەرقاوی دوژمنێکی سەرسەختی شیعەکان بووە، وەک بازیانی ئاماژەی پێداوە، زەرقاوی ئامۆژگاریی کردوون لەکاتی تەقینەوەکاندا شوێنێکی باش هەڵبژێرن کە منداڵی تێدا نەکوژرێت، بەڵام لەبارەی منداڵ و ژنی شیعە زەرقاوی رایەکی دیکەی هەبووە، بازیانی دەڵێت "من خیلافم هەبوو لەسەر کوشتنی ژن و منداڵی شیعە، ئەو رای وا نەبوو دەیگوت کافرن، لەبەرئەوەی رقیان لە (عائیشە، ئەبوبەکر، عومەر)ە و (قەیسەر) دەپەرستن لەبەر ئەوە نابێت دەستیان لێبپارێزین".

#### بازیانی کوردەکان کۆدەکاتەوە

بازیانی لەسەر راسپاردەی زەرقاوی دەستدەکات بە کۆکردنەوەی ئەو کوردانەی لەدەرەوەی عێراقن، بەتایبەتی ئەوانەی لەئێرانن، لەوانەش حوسێن سەلیم (هێمن بانیشاری) کە دواجار دەکرێتە ئەمیری شارەکانی کەرکووک، هەولێر، دهۆک و سلێمانی.

وەک لەقسەکانی بازیانیدا دەردەکەوێت، هێمن بانیشاری چەند جارێک لەگەڵ زەرقاوی دانیشتووەو باسی کاروچالاکی خۆی کردووە "بەڵام ئەوان کاروچالاکییان کەم بوو، هەموو جارێکیش لەلای زەرقاوی پاساوی بەوە دەهێنایەوە کە ئەوان تازە گەڕاونەتەوە، پاشان یەک چالاکییان ئەنجامدا ئەویش تەقاندنەوەی بۆری نەوتی کەرکووک دبس بوو لەسەر ئەوە زەرقاوی دەستخۆشی لێکردن".

بازیانی لەو دانپێدانانەدا ئاماژە بەناوی 42 کەس دەدات کە دانیشتووی سلێمانی و دەوروبەرین و پەیوەندییان بەهێمن بانیشارییەوە هەبووە، کە بەشێکیان کوژراون و بەشێکیشیان لەشارەکانی دیکەی عێراق لەنێو گرووپە تیرۆرستیەکاندان.

#### دانوسانی هێزەکانی ئەمریکاو زەرقاوی لە فەلوجە

وەک عومەر بازیانی دەڵێت، رێکخراوی تەوحیدو جیهاد سەدان کاری خۆکوژی و تەقینەوەی لەناو شاری بەغداو پارێزگاکانی دیکە ئەنجامداوە، کە دیارترینیان کوشتنی بەڵێندەر"نیکۆلاس بێرگ" و تەقاندنەوەی بارەگای UN و کوشتنی محەممەد باقر ئەلحەکیم بووە. دەشڵێت "زەرقاوی بەدەستی خۆی نیکۆلاس بێرگی سەربڕی".

بازیانی باس لەدانوسانی نێوان هێزەکانی ئەمریکاو زەرقاوی دەکات لەسەردەمی ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراقدا کە دانوسانەکە لەنێوان حیزبە ئیسلامییەکانی نێو ئەنجومەنی حوکم و هەریەک لە وەفدی موجاهیدینی فەلوجە کە پێکهاتبوون لە ئەبوعەزام و نوێنەرێکی مقاوەمەی ئیسلامی بەرێوەچوو، وەفدەکەی ئەنجومەنی حوکمڕانی نوێنەرایەتی ئەمریکییەکانیشی کردووە.

بازیانی دەڵێت "وەفدەکەی مەجلیسی حوکم چەند مەرجێکیان هەبوو، لەوانەش شەڕ راوەستێ و هەموو چەکە قورسەکان تەسلیم بکرێن، چەکداری غەیرە عێراقی لە فەللوجە تەسلیم بکرێن، ئەوانەی بەڵێندەرە ئەمریکییەکانیان کوشتووە تەسلیم بکرێن".

بەڵام دانوسانەکە سەرینەگرت، چونکە بەپێی قسەی بازیانی "ئەبو عەزام گوتبووی چەکە قورسەکان تەسلیم ناکەین، ئەوانەی بەڵێندەرە ئەمریکییەکانیان کوشتووە نەناسراون، هێزەکانی ئەمریکا بەبێ مەرج لە فەلوجە بکشێنەوە و خەڵکی مەدەنیش بگەڕێنەوە ناو شارەکە".

#### شفرەکانی جەماعەتی عومەر بازیانی

هەر لەو دانپێدانانەدا عومەر بازیانی باسی لەو شفرانە کردووە کە لەنێوان جەماعەتەکەیدا هەبووە، بۆنموونە ئەنسار (شەریکەی لوقمان)، زەرقاوی (ئیبراهیم)، ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی (عەلی ئەسعەد)، مەلا هەڵگورد (سۆلاف)، هێمن (سۆران)، ئیدریس (ناسر)، ئارام (مەهدی)، قاعیدە (شەریکەی عیزەدین) عومەر بازیانی (کامل و شێرزاد)، یەکێتی (ماڵی حاجی ساڵح)، بزووتنەوە (حاجی عەلی)، سلێمانی (دوبەی)، کەرکووک (پاریس)، هەولێر (بۆن)، فەلوجە (تکریت)، موسڵ (ڤییەنا)، ئێران (شەریکەی سورخ)، کوشتن و تەقینەوە (مقاولات)، کلاشینکۆف (بایعی)، ئەمریکی (خزمی باوکم)، عەرەب (ماڵی ئەکرەم)، عەرەبی دەرەوە (ماڵی سەعدون)، بەریتانیا (خزمانی خۆمان) مام جەلال (د.ئاسۆ) مەسعود بارزانی (شەوکەت).

#### ئیحسانی مەلا عەلی هاوکاری ئەنساری کردووە

عومەر بازیانی هەموو جۆرە پەیوەندییەکی نێوان حیزبە ئیسلامییەکان و ئەنسار رەتدەکاتەوە بەتایبەتی ئەو کاتەی کە ئەنسار لەناوچەی هەورامان بوو، بەڵام کاتێک لەبارەی ئیحسانی مەلا عەلی پرسیاری لێدەکرێت دەڵێت "کابرایەک بتوانێت بریندارێ (ئەنسار) بەرێت بۆ ئێران بۆ عیلاج، لە ئێران خانووی سەربەخۆ بگرێت و مۆڵەتی شوفێریی ئێرانی هەبێت و یارمەتی وەربگرێت، ئەوە مانای وایە سەر بەوانە".

بازیانی ناوی دوو کەسی دیکە دەهێنێ کە لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا بوونەو کاریان بۆ ئەنسارولئیسلام کردووە.

سەبارەت بە ئەنجامدانی تەقینەوەش لەکوردستان لەلایەن تەوحید و جیهادەوە بازیانی دەڵێت "زەرقاوی هیچ بەرنامەیەکی نەبووە بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە لەکوردستان، ئەگەر بەرنامەی هەبوایە ئەوا لەلای هێمن بانیشاری باسیدەکرد و ئەویش لەلای من باسی دەکرد".

لەبارەی بوونی چەکی کیمیاویش لەلایەن ئەنسارەوە، بازیانی دەڵێت " ئەو شتە هەبوو، باس دەکراو زیاتر باسی (عەلی وەلی)یان دەکرد، (سموم) لەئەفغانستانیش هەبووە". هەروەها لەبارەی هەڵکەندنی گۆڕی شێخانی نەقشبەندی لەناوچەی هەورامان عومەر بازیانی دەڵێت "ئەوە مەسەلەیەکی شەرعی بوو، هەیئەی شەرعی بڕیاری لەسەردا".


دوو چەکداری ئەنسارولئیسلام لە بیارە
(فۆتۆ:Pixhassan)

## مونتەدای ئابووری کوردستان:

# یەک ترلیۆن و 808 ملیار دینار لەبودجەی ساڵی 2007 خەرجنەکراوە



**بڕیاربوو حیساباتی کۆتایی بێتە پەرلەمان بەڵام تائێستا وەزارەتی دارایی نەیناردووە**

د.دلێر ئیسماعیل شاوێس
سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو – هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتێکی مونتەدای ئابووری کوردستان کەدەربارەی بودجەی بەکارخستنی (تشغیلی) ساڵی 2007ی وەزارەتەکانی حکومەت ئامادە کراوە، دەرکەوتووە 1 ترلیۆن و 808 ملیار دینار لەو بودجەیە خەرجنەکراوەو ڕەشید تاهیریش ئەو زانیارییە ڕەتدەکاتەوە، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستانیش ڕایگەیاند "ئەو ژمارەیەمان بەهۆی وەرگرتنی تێکرای ئەدای کاری وەزارەتەکان لەخەرجکردنی نەفەقە وەرگرتووە".

محەمەد کەریم، سەرۆکی مونتەدای ئابوری کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کارمان لەسەر دەرهێنانی ئەدای حکومەت کردووە ئەویش لەڕێگای دەرهێنانی ئەدای هەموو وەزارەتەکانەوە، پاش دەرهێنانی ئەدای یەکە بە یەکەی وەزارەتەکانی حکومەت، تێکڕایی ئەدای هەموو وەزارەتەکانمان وەرگرتووە، کە ئەو تێکڕایە، ئەدای حکومەتی پێ دیاریدەکرێت".

سەبارەت بەچۆنیەتی دەرهێنانی ئەدای وەزارەتەکان، سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان گوتی "بەچەند ڕێگەیەک دەتوانین ئەدای وەزارەتەکان دیاریبکەین، بۆ نمونە کارکردنی حکومەت لە بواری خەرجیدا چەند بووە، یان لەبواری نەفەقات چەند بووە، بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا تەنها ئەدای حکومەتمان لەبواری خەرجیدا لەبەردەستدا بووە، خەرجیش دوو جۆرە، بەکارهێنان و وەبەرهێنان (تەشغیلی و ئیستسماری)، کە خەرجی تەشغیلی مووچەی فەرمانبەران و پێداویستی وەزارەتەکان دەگرێتەوە، ئەم خەرجییەش حکومەت بۆ باشکردنی ئەدای ئیداری وەزارەتەکان بەکاریدەهێنێت".

لە ڕاپۆرتەکەی مونتەدای ئابوری کوردستان بڕی ئەو پارەیە دەستنیشانکراوە کە بودجەی تەشغیلی ساڵی 2007ی وەزارەتەکان خەرجنەکراوە.

سەرۆکی مونتەدای ئابووری کوردستان ئاماژەی بە بڕە پارە خەرج نەکراوەکە داو گوتی "بودجەی تەشغیلی بۆ ساڵی 2007 کە تەسدیق کراوە 5 ترلیۆن و 562 ملیارو 104 ملیۆن دینار بووە، کە تەنیا 3 ترلیۆن و 753 ملیارو 284 ملیۆن دینار لەو پارەیە خەرجکراوە" واتە "1 ترلیۆن و 808 ملیارو820 ملیۆن دینار لەخەرجی تەشغیلی وەزارەتەکان کە لەبودجەی 2007 بۆیان تەرخانکراوە خەرجنەکراوە".

ڕەشید تاهیر، بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی کوردستان زانیارییەکانی ناو ڕاپۆرتەکەی مونتەدای ئابووری کوردستانی ڕەتکردەوەو گوتی "هەموو ئەو پارەیەی کە لەبەغداوە بۆمان هاتووە خەرجمانکردووەو نازانم ئەو ڕاپۆرتە چۆن کراوە".



**ئەو پارەیەی لەبەغداوە بۆمان هاتووە خەرجمان کردووەو نازانم ئەو ڕاپۆرتە چۆن کراوە**

ڕەشید تاهیر
بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان

بەپێی مادە 17 لەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستان "پێویستە وەزارەتی دارایی هەر 6 مانگ جارێک ڕاپۆرتێکی دەوری لەبارەی باری دارایی هەرێمەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق بەرز بکاتەوە"، هەر بەپێی یاسای بودجەی کوردستان، پێویستە حکومەت ساڵانە حیساباتی کۆتایی بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێرێت، بەڵام ماوەی دوو ساڵە حکومەت هیچ ڕاپۆرتێکی دارایی لەو بارەیەوە ئاراستەی پەرلەمان نەکردووە. ئەمەش لەکاتێکدایە چەندینجار لەلایەن پەرلەمانەوە بەنووسراوی فەرمی ئاگادار کراوەتەوە.

د.دلێر ئیسماعیل شاوێس، سەرۆکی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە 2008/7/21 یاداشتێکی دیکەم نووسیوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەوەم بیرهێناونەوە کە بڕیاربوو حیساباتی کۆتایی بێتە پەرلەمان و هەر 6 مانگ جارێکیش ڕاپۆرتێک پێشکەش بکرێت، بەڵام تائێستا وەزارەتی دارایی ئەوەی نەکردووە و ئەمەش نیگەرانی لای خەڵک دروستدەکات و پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت".

سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابوری لەپەرلەمانی کوردستان، وێڕای ئەوەی دەڵێت داوای حیساباتی کۆتایی ساڵی 2007مان لەوەزارەتی دارایی کردووە، "بەڵام تائێستا نەمبیستووە وەزارەتی دارایی وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان دابێتەوە".

لەبارەی زانیاری پەرلەمانی کوردستان لەمەڕ ئەو پارانەی کە لە بودجەی 2007دا خەرج نەکراون، سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابوری لەپەرلەمانی کوردستان گوتی" هیچ زانیارییەکمان لەمەڕ ئەو بڕە پارانە نییە کە خەرجکراون و یاخود نا، هەتاوەکو حیساباتی کۆتاییمان بۆنەیەت لەوەزارەتی داراییەوەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکەین ناتوانین هیچ ژمارەیەک بڵێین".

هەر سەبارەت بەوردەکاری خەرجکردنی بودجەی ساڵی 2007، محەمەد قەرداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"بەپێی وەزارەتی پلاندانان ئەو پرۆژانەی وەزارەتەکان کە هەیە پارەیان بۆ دیاری دەکرێت و ئەوە پارە بۆ ئەو پرۆژەیەیە، من پێموایە ئەو لێکۆڵینەوەیەی مونتەدای ئابووری کوردستان کردوویەتی تەواو نییە".

# خاوەن کۆمپانیایەکی تورکی دەستگیر دەکرێ



**ساڵح قادر**
rodan@rudaw.net

**ڕووداو– هەولێر**

خاوەنی کۆمپانیایەکی تورکی بەهۆی ئەوەی پارەیەکی زۆری خەڵک قەرزارەو ناتوانێت قەرزەکانی بداتەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەسگیر دەکرێ و ئێستا لەگرتووخانەی ناوەندی هەولێر ڕاگیراوەو چاوەڕێی ڕۆژی دادگاییکردن دەکات. خاوەن کۆمپانیاکە ڕایدەگەیەنێت لەبەرئەوەی حکومەت سولفەی نەداوەتێ، بۆیە نەیتوانیوە قەرزەکانی لەکاتی خۆیدا بداتەوە.

قەدری خەلیل دەروێش، خاوەنی کۆمپانیای ئاگجنی تورکی کە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای خەبات-بەردەڕەشی لەحکومەت وەرگرتبوو، زیاتر لە 20 ڕۆژە بەپێی مادەی 456 لەیاسای سزادانی عێراقی، دەسگیر کراوەو بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی پۆلیس "کۆمپانیاکە زیاتر لە 1 ملیۆن و 500هەزار دۆلار قەرزاری خەڵکە".

بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی پۆلیس کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێ، خاوەنی کۆمپانیاکە بەهۆی بێ پارەیی، پارەی بەشێوەی سوود لە چەند کەسێک وەرگرتووە تاوەکو کارەکەی پێ تەواو بکات "خاوەن کۆمپانیاکە پارەی نەما، چەند گورگێکیشی لێ ڕاست هاتن، پارەیان بە سوود دایێ، سولفەیەکی لەلای حکومەت مابوو، حکومەت سولفەکەی نەدایێ، ئەویش نەیتوانی قەرزەکان بداتەوە".

تا ئێستا چەندان کۆمپانیای تورکی، پارەی خەڵکی کوردستانیان خواردووەو بەهۆی زۆری قەرزارییەوە کارەکانیان جێهێشتووەو بەشێکیشیان دوای ئەوەی سولفەیان لەحکومەت وەرگرتووە ڕایانکردووەو کارەکانیان جێهێشتووە.

شێروان جەمیل حەسەن، دانیشتووی قەزای خەبات، یەکێکە لەو هاووڵاتییانەی بڕێکی زۆر پارەی کەوتووەتە لای ئەو کۆمپانیا تورکییە، بەپێی قسەی خۆی بایی 35 هەزار دۆلار گازو بەنزینی بەو کۆمپانیایە فرۆشتووە و تا ئێستاش یەک دۆلاری لەو کۆمپانیایە وەرنەگرتووە.

شێروان بۆ (ڕووداو) گوتی " لەمانگی 8ی ساڵی ڕابردوو ئەو خاوەن کۆمپانیایە بایی 35 هەزار دۆلار گازو بەنزینی لە ئێمە کڕی، کاتێک داوای پارەکەمان لێدەکردەوە هەر ڕۆژێک قسەیەکی دەکرد، دەیگوت حکومەت سولفەمان ناداتێ، یان دەیگوت زەرەری زۆرم کردووەو چاوەڕێ دەکەم حکومەت یارمەتیم بدات".

ئەو هاووڵاتییە تا ئێستا سکاڵای لەسەر کۆمپانیا تورکییەکە تۆمار نەکردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە "خاوەن کۆمپانیا پێیگوتین شکات مەکەن، چونکە ئەگەر شکات بکەن، من دەبێ هەموو ڕۆژێک لەپۆلیس و دادگا بم، ئەوکات ناتوانم سولفەکە وەربگرمەوە".

ئەو کۆمپانیا تورکییە بەجارێک ژێر قەرز کەوتووە، تا دواجار ناچار بووە کارگەیەکی قیر لە جیاتی قەرزەکانی بداتە کۆمپانیاکانی دابین گرووپ، بەڵام ئەو کارگەیەش نەیتوانی لەو قەرزە زۆرانە ڕزگاری بکات.

مستەفا محەممەد، کارمەندی دابین گرووپ، لەو بارەیەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەو کۆمپانیایە 2 ملیۆن و 200 هەزار دۆلاری دابین گرووپ قەرزار بوو، لەبەرامبەر ئەو قەرزە دابین گروپ لە 2007/1/3 کارگەی قیری کۆمپانیاکەی بە 1 ملیۆن و 100 هەزار دۆلار کڕییەوە، دوای ئەوەش 600 هەزار دۆلاری بە قەرز هەر لەلا مابوو، کە کارگەی قیرەکەشمان هەڵگرتەوە، بەکرێ دامانەوە کۆمپانیاکە، ماوەی ساڵێک ئیشی پێکرد، بەبێ ئەوەی کرێش بدات، ئێستاش 2 ملیۆن و 200 هەزار دۆلاری ئێمە قەرزارە".

ئەو کارمەندەی دابین گرووپ گوتیشی "هاوکارییەکی زۆری کۆمپانیاکەمان کرد بۆ ئەوەی ئیشەکەی تەواو بکات، سەرەڕای ئەو قەرزانەی کە لەلای مابوون، 280 هەزار دۆلاری دیکەمان دایێ بۆ ئەوەی کارەکانی تەواو بکات".

جگە لەو قەرزە زۆرانەی دابین گرووپ و چەند هاووڵاتییەکی دیکە، خاوەنی کۆمپانیا پارەیەکی زۆری ئەو کرێکارانەش قەرزارە کە کاریان لەپرۆژەکەدا کردووە.

سەرچاوەیەکی پۆلیس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " تا ئێستا 10 هاووڵاتی سکاڵایان لەسەر کۆمپانیاکە تۆمارکردووە، کە کاریان بۆ کۆمپانیاکە کردووە و پارەیان وەرنەگرتووە".

بارزان مەهدی، کە دانیشتووی قەزای بەردەڕەشە ماوەی 2 ساڵ وەک کرێکار کاری لەو کۆمپانیایەدا کردووە، بارزان گوتی "2400 دۆلارم لەلای کۆمپانیا ماوەو نامدەنێ". گوتیشی "زیاتر لە 40 کرێکاری بەردەڕەش پارەیان لەلای کۆمپانیا ماوە، کە کەمترینیان 1500 دۆلارە".

هەروەها سەرچاوەکەی پۆلیس ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد چەند کەسێک بڕێکی زۆر پارەیان داوەتە کۆمپانیا تورکییەکە لەبەرامبەر سوود وەرگرتن لەکاتی دانەوەی پارەکە "بەڵام ئەو کەسانە هیچیان سکاڵایان تۆمار نەکردووە".

سەمیر سابیر گۆران، یەکێکە لەو کەسانەی کە پارەی بەقەرز داوەتە ئەو کۆمپانیایە، بەڵام ناوبراو ڕەتیکردەوە کە پارەکەی لەبەرامبەر سوود وەرگرتن دابێتە کۆمپانیاکە، سەمیر گوتی " کۆمپانیاکە 48 هەزار دۆلاری منی لەلا بوو کە گازو بەنزینی بردبوو، ڕۆژێکیان خاوەنی کۆمپانیاکە هاتە ماڵ و داوای 30 هەزار دۆلاری لێکردم گوتی سولفەم دوا کەوتووە، دوای 10 ڕۆژی دیکە پارەکەت دەدەمەوە، بەڵام ئەوە نزیکەی ساڵێک دەبێت تا ئێستا پارەکەم وەرنەگرتووەتەوە".

ناوبراو تا ئێستا سکاڵای لەسەر خاوەن کۆمپانیاکە نەنووسیوە و لەو بارەیەوە گوتی "ویستم داوای یاسایی لەسەر تۆمار بکەم، بەڵام ترسام لەوەی دەستگیر بکرێت و پارەکەی منیش بفەوتێت".

سەمیر تووشی کێشەیەکی گەورەبووە بەهۆی نەدرانەوەی پارەکەی لەلایەن ئەو کۆمپانیایەوە"پارەیەکی زۆری خەڵک قەرزارم، ناوێرم بچمەوە ماڵەوە لەترسی خاوەن قەرزەکان، ئەگەر خاوەن کۆمپانیاکە 50 هەزار دۆلاریشم بداتەوە مەمنوونم".

ئەوەی تا ئێستا بۆ پۆلیس ڕوون بووەتەوە خاوەنی ئەو کۆمپانیایە نزیکەی 1 ملیۆن 500 هەزار دۆلار قەرزاری خەڵکە، هەروەها بەپێی قسەی پۆلیس کۆمپانیاکە ئێستا 2 ملیۆن دۆلاری سولفەی لەڕێگاو بانی دهۆک ماوەو تا ئێستا وەرینەگرتووە.

ئیبراهیم ئەحمەد، بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی دهۆک ڕەتیکردەوە کە ئەوان سولفەی کۆمپانیاکەیان دوا خستبێت و گوتی "کۆمپانیاکە تەنیا یەک سولفەی لەلای ئێمە ماوە، ئێستا مافی داوا کردنی ئەو سولفەیەی نییە، تاوەکو ئیشەکەی لەتاقیگە دەردەچێت، دوای ئەوەی ئیشەکەی لەتاقیگە دەرچوو، ئێمە نووسراو دەکەین بۆ وەزارەت بۆ ئەوەی سولفەکەی بدرێتێ".

سەبارەت بەچارەنووسی دوایین سولفەکەشی بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی دهۆک گوتی " لەبەر ئەوەی خاوەنی کۆمپانیاکە قەرزاری خەڵکەو ئێستاش دەستگیر کراوە بۆیە ئێمە سولفەکەی ڕەوانەی دادگا دەکەین".

## لە بودجەی ئەمساڵ هیچ بڕە پارەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا تەرخان نەکراوە

# دەربەندیخان و دوکان توانای بەرهەمهێنانی کارەبایان نامێنێت

**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی دەریاچەکانیانەوە هیچ کام لەوێستگەی دەربەندیخان و دوکان لەمانگی نۆدا توانای بەرهەم هێنانی کارەبایان نامێنێت و لەبودجەی ئەمساڵی حکومەتیش هیچ بڕە پارەیەک بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا تەرخان نەکراوە.

ساڵی ڕابردوو وێستگەی کارەبای دەربەندیخان و دوکان سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی کارەبا بوون بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، بەڵام بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ئەم دوو بەنداوە بەشێوەیەکی مەترسیدار لەمانگی ئەیلولی ئەمساڵدا توانای بەرهەمهێنانی کارەبایان نامێنێت.

دڵشاد محەمەد، ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبای حکومەتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەکۆتایی مانگی 9دا بەنداوی دوکان و دەربەندیخان بەهۆی ئەوەی ئاویان تێدا نامێنێت توانای بەرهەمهێنانی کارەباشیان نامێنێت".

ئێستا دوو یەکە لەوێستگەی ئەحمەد ئیسماعیل بەگاز کاردەکات و بڕیارە لە 20 ڕۆژی ئایندەشدا یەکەی سێیەمی ئەو وێستگەیە بکەوێتە کارو بەماوەیەک پاش ئەوەش وێستگەی چوارەمیش ئامادەبێت بۆ کارکردن، بەمەرجێک ئەو غازەی کە بڕیارە لەلایەن کۆمپانیای دانەغازەوە بۆ وێستگەکە دابینبکرێت، لەکاتی دیاریکراوی خۆی بگات، هەرچوار وێستگەکەش توانای بەرهەمهێنانی 500 مێگاوات کارەبایان هەیە.

وەزارەتی کارەبا گومانی هەیە لەوەی بتوانرێت دوو یەکەکەی دیکەی وێستگەکە لەو کاتەی بۆی دانراوە بکەوێتە کار، دڵشاد محەمەد، دەڵێت"ئایا غازە سروشتییەکە، لەو کاتەی بۆی دیاری کراوە دەگاتە وێستگەی کارەبای هەولێر، ئەگەر لەو کاتەدا بگات لە 20 ڕۆژی ئایندەدا یەکەی سێهەمیش ئامادە دەبێت و ئەو کاتە دەتوانین کاری پێبکەین و بەماوەیەکی تر یەکەی چوارەمیش ئامادە دەکرێت".

حەمید زیا جەعفەر، سەرۆکی کۆمپانیای دانە غاز ئاشکرایکرد کە "هەردوو کۆمپانیای دانە غازو نەفت هیلال لە سەرەتای مانگی ئابی ئەمساڵەوە دەست بەبەرهەمهێنانی غاز دەکەن لەکێڵگەی کورمۆر لەپارێزگای سلێمانی، کە گەورەترین کێڵگەی غازە لەهەرێمی کوردستاندا و بەرهەمی ئەو کێڵگەیەش سەرجەم پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لەکارەبا و بەکارهێنانی غازی شل پڕ دەکاتەوە".

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری کۆمپانیای دانە غاز، وەک سەرەتا ئەو کێڵگەیە ڕۆژانە 75 ملیۆن پێ چوارگۆشە غاز بەرهەمدەهێنێت و بەهاتنی ساڵی 2009ش بەرهەمی دەگاتە 300 ملیۆن پێ چوارگۆشە لەڕۆژێکدا.

حەمید زیا، گوتیشی"بەرهەمی ئەو کێڵگە نوێیە بۆ خستنەگەڕی دوو وێستگەی کارەبای هەولێر و چەمچەماڵ دەبێت، کە بەهەردووکیان 1250 مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن جگە لەپڕکردنەوەی پێداویستییەکانی هەرێم لەغازی شل".



بەنداوی دوکان (فۆتۆ:ڕووداو)

ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا، دەڵێت" بەرهەمهێنان و گەیاندنی ئەو غازە شلە بۆ وێستگەی هەولێر پەیوەندی بەئێمەوە نییە و لەتوانامانددا هەیە تەنها ئەو دوو یەکەی ئێستا کار پێبکەین و بەو دوو یەکەیە توانیومانە 10 تاوەکو 12 کاتژمێر کارەبا بۆ هاووڵاتیان دابین بکەین".

وەزارەتی کارەبا، بەنیاز نییە تاوەکو مانگی 10 گۆڕان لەبەرنامەی کارەبادا بکات، دڵشاد محەمەد، دەڵێت "هەردوو وێستگەی دووکان و دەربەندیخان لەکۆتایی مانگی 9ی2008 بەهۆی ئەوەی ئاویان تێدا نییە دەبێت بوەستێنرێن، بەدڵنیاییەوە ئەگەر هەردوو یەکەکەش کاربکات یەکەیەکیان دەبێتە قەرەبوویەک بۆ ویستگەی دوکان و دەربەندیخان، وێستگەی چوارەمیش ئەگەر کاریکرد ئەوا کارەبا زیاد دەکات بەمەرجێک غازی سروشتی بۆ دابین بکرێت، بەڵام ئەگەر غازە شلەکە نەگات کارەبا کەمدەکات".

بەپێی لێدوانی ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا، تەنها پارێزگای هەولێرو سلێمانی پێویستیان بە 1200 مێگاوات کارەبایە، ئەوەی سەرچاوەی دابینکردنی ئەم بڕە کارەبایەیە 220 مێگاواتی وێستگەی کارەبای هەولێرو 200 مێگاواتی تۆڕی نیشتیمانی عێراقە.

دڵشاد محەمەد، دەڵێت"تائێستا لەتۆڕی کارەبای نیشتیمانی 200 مێگاوات وەردەگرین، بەڵام ڕۆژانە لەگۆڕاندایە ڕۆژێک زیاد دەبێت ڕۆژێک کەمدەبێت، گرفتی کوژانەوەی گشتی هەیە، زۆرجاریش بەبێ هیچ هۆیەک لێمان دەکوژێننەوە یاخود داوا دەکەن کەمی بکەینەوە".

بۆچارەسەرکردنی گرفتی کارەبا لەبواری وەبەرهێناندا دڵشاد محەمەد، دەڵێ "75% بۆ 80% کێشەی کارەبا لەکۆتایی ساڵی 2008داو بەتەواوبوونی هەردوو وێستگەی چەمچەماڵ و هەولێر کۆتایی دێت".

پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا، بۆبەرهەمهێنان، بریتین لە پرۆژەی 500 مێگاواتی هەولێر، 750 مێگاواتی چەمچەماڵ، 400 مێگاواتی دهۆک و 51 مێگاواتی تاسلوجە.

ئەگەرچی حکومەتی کوردستان بەردەوام چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا، بە ئەولەویەتی بەرنامەی کاری خۆی دادەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەنییە لەو بودجەی کە هەیەتی هیچ بڕە پارەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا تەرخان بکات و ئەو پرۆژە گرنگانەش لە ڕابردوودا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بڕیاریان لەسەر دراوە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بووە نەک حکومەت.

بودجەی کوردستان بۆ ساڵی 2008، پاش پەسەند کردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە لە 2008/5/20دا، 7 ترلیۆن و 628ملیار دیناربووەو ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەباش دەڵێت" لەبودجەی ئەمساڵ هیچ بڕە پارەیەک بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا تەرخاننەکراوە".

## کچی ویندۆز شوو دەکات



رووداو- ئاژانسەکان

◆ جنیفەر کاترین گیتس کە کچە گەورەی بیل گیتسە، دوای 2 ساڵ پێکەوەبوون لەگەڵ ئەندازیارێک کە بەڕێوەبەری کارگێری بانکی جیهانیە، بڕیاریانداوە لەنێوەراستی مانگی 8 دا ژیانی هاوسەرێتی پێکبێنن. بیل گیتس لەدیدارێکدا لەبارەی منداڵەکانییەوە دەڵێ "3 منداڵم هەیە، جینۆفەر، رورى جان و، فئوبەئال، کە جنیفەرم بەکچی ویندۆز ناوناوە و روریشم بە کوڕی مایکرۆسۆفت و، فئوبەئالیشم بەڤیستا داناوە".جنیفەر ئێستا تەمەنی 24 ساڵە و، لەمنداڵییەوە فێری کۆمپیوتەر کراوەو توانیویەتی بەهاوکاری باوکی ویندۆزی ڤیستا دروست بکات.

# ئەستێرەکانی شیرین دەچنە میسر



**رووداو-هەولێر**

دەرهێنەر شیرین جیهانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە دوای 2 ساڵ کارکردن لەسەر فیلمەکەی (ئەستێرەکان لەرۆژدا بێ رەنگن)، بڕیارە لە2008/8/26 بەشداری فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ئەلیکساندەر بکات لەمیسر.

جیهانی ئاماژەی بەوەدا کە دوای ئەوەی فیلمەکەی بۆ ئەو فیستیڤاڵە ناردووە، بۆ بەشداریکردن لەپێشبڕکێیەکانی ئەو فیستیڤاڵە وەرگیراوەو بڕیارە لەفیستیڤاڵەکە نمایشبکرێت کە لە 2008/8/26 ساز دەکرێت. ئەو فیلمە ماوەی 2 ساڵ کاری وێنەگرتنی لەلایەن شەهریار ئەسەدی بۆ کراوەو ماوەی زیاتر لە 8 مانگە کارە هونەرییەکانی تەواو کراوە و، لەمیسرو کوردستان وێنەی گیراوە.

چیرۆکی فیلمەکە باس لەکێشەو نەهامەتییەکانی ئافرەتی کورد دەکات، بەتایبەت 18 کچە ئەنفالکراوەکەی کورد کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە فرۆشراونەتە میسر.

# بۆکانییەک هەڵەی ئێرانسێل دەدۆزێتەوە

**رووداو- بۆکان**

گەنجێکی بۆکانی بەنێوی ئەحمەد کەریمی کە دەرچووی پەیمانگای کۆمپیوتەرە، لەماوەیەکی کەمدا توانی ئەو هەڵەیەی کە لەسەر سیمکارتی ئێرانسێل هەبوو بەهۆیەوە بەشداربووان نەیاندەتوانی ئینتەرنێت بەکار بێنن، بدۆزێتەوە.

کەریمی ئەو هەڵەیەی کە کۆمپانیای ئێرانسێل نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە، دۆزیوەتەوە و توانیویەتی هەڵەی سیستەمەکە راست بکاتەوە و لەمەودوا بەشداربووانی ئێرانسێل دەتوانن ئینتەرنێت بەکار بێنن. وەکو کەریمی دەڵێ "بوونی ئەو هەڵەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشداربووان بەخۆرایی کەڵک لە سیمکارتەکانی ئێرانسێل وەربگرن".

# کەلار و دەربەندیخان و سەیدسادق ململانێ دەکەن

**تایبەت بە رووداو**

رووداو زانیویەتی کە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی لەخۆئامادەکردندایە بۆ سازدانی فیستیڤاڵی هونەری شانۆ بۆ قەزاکانی سلێمانی و، بۆ ئەو مەبەستەش هەر یەک لەقەزاکانی کەلار، کفری، دەربەندیخان، هەڵەبجەی تازە، هەڵەبجەی شەهید، سەیدسادق، پێنجوێن، رانیە، قەڵادزێ و چەمچەماڵ بەپێشکێشکردنی شانۆگەرییەک ململانێ دەکەن بۆ بردنەوەی خەڵاتی یەکەم.

هیوا رەئوف، لێپرسراوی هونەری شانۆ لەبەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆو سینەمای سلێمانی بۆ (رووداو) گوتی "یەکەمین جارە بەو شێوەیە و راستەوخۆ قەزاکان دێنە سلێمانی بۆ پێشبڕکێی شانۆیی و بۆ هەریەک لەباشترین ئەکتەری کچ و کوڕ و دیکۆرو روناکی و دەرهێنەرو بابەت و . هتد خەڵاتمان دەبێت، کە لیژنەی دادوەری خەڵاتەکان دەستنیشان دەکات".

فیستیڤاڵەکە دەکەوێتە سەرەتای مانگی 10ی داهاتووی ئەمساڵ و لەشاری سلێمانی سازدەکرێت. هیوا رەوف زیاتر گوتی "مەبەست لەو فیستیڤاڵە، دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان هونەرمەندی شانۆکاری قەزاکان و سەنتەری شار و پێشبینیش دەکرێت لەو فیستیڤاڵەدا دەربەندیخان و سەیدسادق و کەلار بکەونە ململانێوە".

# 115 فیلم گەیشتنە سلێمانی



**رووداو- سلێمانی**

بۆ سازدانی فیستیڤاڵی فیلمی کوردی سلێمانی، 115 فیلمی کوردی لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان و وڵاتانی ئەوروپا گەیشتوونەتە شاری سلێمانی و بڕیاروایە بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەماو شانۆ لەنێوەڕاستی مانگی 8دا، فیستیڤاڵێکی گەورەیان بۆ ساز بکات.

ئازاد سەوزە، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەماو شانۆ لەسلێمانی بۆ (رووداو) گوتی "چاوەڕێ دەکەین فیلم زیاتر بێت و مەبەستمانە ئیشەکان زۆرینەیان دەرهێنەرەکانیان کورد بێت و کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردی نیشان بدات". سەوزە گوتیشی "هیواخوازین بەو فیستیڤاڵە، سلێمانی وەکی جاران رەونەق و عیشقی سینەماو فیلمی بۆ بگەڕێتەوە".

# نازری و مەولەوی کۆنسێرت ساز دەکەن



**رووداو- سنە**

هونەرمەندی کورد شەهرام نازری کە لەئێران بە"سوارچاکی مۆسیقای ئێران" ناوزەدکراوە، بەهاوبەشی لەگەڵ گرووپی مەولەوی بڕیارە کۆنسێرت لە15 شاری گەورەی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکات.

دوای ئەوەی هونەرمەند شەهرام نازری یەکەمین کۆنسێرتی خۆی لە هەفتەی رابردوو لە قەزوین سازکرد، بڕیارە لە دوو هەفتەی داهاتوودا 7 تا 2008/8/13 کۆنسێرت لە چەند شارێکی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ساز بکات. وەکو زانراوە یەکەمجار لەشارەکانی ئیسفەهان، شیراز، کرمان، رەشت، ساری، تاران، کرماشان، سنە کۆنسێرتەکانی ساز دەکرێت.



# ژیلیا حەزی لە درامایە

**تایبەت بەرووداو**

ژیلیا کەمال کچە گۆرانیبێژی تازە پێگەیشتوو دوای گەڕانەوەی لەدانیمارک بۆ کوردستان، بەنیازە گۆرانییەکی کوردی نوێ دروست بکات و، لەهەمانکاتدا دەڵێ " حەزم لێیە وەکو ئەکتەرێک بەشداری زنجیرە درامای گەردەلوول بکەم".

ژیلیا کەمال کە لەساڵی 1988 لەهەولێر لەدایکبووە،ماوەی 8 ساڵە لەدانیمارک دەژی و دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان گۆرانییەکی بە نێوی (سۆز ) تۆمار کردو لەئەوروپا کلیپی کرد، ئەو کە بەگۆرانی ئینگلیزی دەستی پێکردووە، ئێستا 12 گۆرانی ئینگلیزی هەیە، لەوەڵامی ئەوەی بۆچی گۆرانییە ئینگلیزییەکانی نەکردووەتە ئەلبووم و بڵاوی نەکردووەتەوە، ژیلیا دەڵێ "لێرە کورد حەزی لەگۆرانی ئینگلیزی نییە تاکو گوێی لێ بگرێ، بۆیە بەنیازم لەداهاتوو ئەلبوومێکی کوردی دەربکەم". گوتیشی "حەز دەکەم هەموو ئەو گۆرانیانەی دەیانلێم ستایلیان کوردی بێت".

ژیلیا ئێستا بەرهەمێکی دیکەی لەبەردەستدایە کە یەک گۆرانییە و، شیعرەکەی لەلایەن هەرێم هەردییەوە دانراوە، جگە لەوە ژیلیا زۆر حەزی لەسینەمایە و هیوای دەخواست کە بەشداری زنجیرە درامای (گەردەلوول)ی کردبا، دەڵێ "حەزم لێیە وەکو ئەکتەرێک بەشداری زنجیرە درامای گەردەلوول بکەم، چونکە زۆر حەزم لەدرامایە".

# بەختی رووداو

**کاوڕ** Mar 21-Apr 19

ئەو بڕیارانەی داوتە زۆر بێ بەرنامەیی پێوە دیارە پێویستە بەو بڕیارانەدا بچیتەوەو راوێژ لەگەڵ کەسانی بەئەزموون بکەی.

**تەرازوو** Sep 23-Oct 23

هەندێ کەس دەیانەوێ زیانت پێبگەیێنن، ئاگاداری سەلامەتی خۆت بە و، خۆت دوور بگرە لەوانەی پێشتر زیانیان پێ گەیاندووی.

**گا** Apr 20-May 20

هەرچەندە بیر لەیارمەتیدانی هاوڕێیەکەت دەکەیتەوە، بەڵام وا باشترە خۆتی لێ دوور بخەیتەوە، لەوانەیە زیانت پێبگەیێنێت.

**دووپشک** Oct 24-Nov 21

هەرچەندە تۆ کەسێکی دڵپاکی، بەڵام ئەو دڵپاکی و سادەییەی تۆ دەبێتە هۆی ئەوەی کەسانێک بەمەبەستی خراپ کەڵک لەتۆ وەربگرن، ئاگادار بە.

**جمک** May 21-Jun 21

تۆ کەسێکی بەشانسی، لەم دوو سێ رۆژەی داهاتوودا هەواڵێکی خۆشت پێدەگات، باری داراییت دەگۆڕێت و پێویستە بەباشی سوودی لێ وەربگری.

**کەوان** Nov 22-Dec 21

بیر لەکارێک دەکەیتەوە کە خێزانەکەت پێیان باش نییە ئەنجامی بدەی، کەواتە ئەوان لە تۆ بە ئەزموونترن و پێویستە گوێرایەلیان بیت.

**قرژاڵ** Jun 22-Jul 22

خێزانەکەت چاوەڕێی تۆن تاکو ئەو بڕیارانەی داوەتە جێبەجێیان بکەی چونکە تەنیا تۆ دەتوانی یارمەتیدەریان بیت.

**کارژۆلە** Dec 22-Jan 19

رۆژی چوارشەممە رۆژی شانسی تۆیە، پێویستە لەم رۆژەدا ئەوەی دەمێکە دەتەوێ ئەنجامی بدەی، ئەنجامی بدە، چونکە دەرفەتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی.

**شێر** Jul 23-Aug 22

قەت خۆت بە گەورە مەزانە، ئەوانەی خۆیان بەگەورە دەزانن رۆژێک دەکەونە چاڵ و زیانیان پێ دەگات.

**سەتڵ** Jan 20– Feb 18

بەهۆی ئەو رەفتارانەی دەیکەیت، دەوروبەرت لەخۆت رەنجاندووە، باشتروایە رەفتارو کردارەکانت وا لێ بکەی خەڵک تۆیان خۆش بوێت.

**گوڵەگەنم** Aug 23-Sep 22

هەست بە تەنیایی مەکە خۆشەویستەکەت بیرت دەکات و، پێویستە تۆش بێ ئومێد نەبیت و بزانی کەسێک هەیە تۆی خۆشدەوێ.

**نەهەنگ** Feb 19-Mar 20

بیر لەداهاتووت بکەوە، پێویستە داهاتووت مسۆگەر بکەی بۆ ئەوەی لەداهاتوو تووشی کێشە نەبیت، کەسانی بە ئەزموون بیر لەداهاتوویان دەکەنەوە.



## نامەی خوێنەران

**خوێنەرانی (رووداو) بۆیان هەیە، هەموو رەخنە و کێشە و بابەتێک بە کورتی لەم گۆشەیەدا بخەنەڕوو.**

### هەر نەمانزانی وەریدەگرنەوە یان نا

لە رۆژنامەی (رووداو) ژمارە (16)ی رۆژی 2008/7/21 دیمانەیەک لە لاپەڕەی (9)دا لەگەڵ بەڕێز رەشید تاهیر بریکاری وەزیری دارایی بڵاوکراوەتەوە کە وەڵامی یەکەم پرسیاری بە درۆخستنەوەی هەموو دەزگا راگەیاندنەکانی لەخۆ گرتووە، پێویست بە ناو ریزکردن ناکات بەڵام هیچ کەناڵێک نەما هەواڵی پێدانی 6 مانگ زیادەی مووچە بەیەکەوە بڵاونەکاتەوە ئیدی هەر رۆژەو لەسەر زاری یەکێک لەو کەسانەی پەیوندیدارن بەم پرسەوە.

لە وەڵامی پرسیاری دووەمی کە ئایا پارە لە بانکەکانی کوردستان نەماوە؟ کاک رەشید دەڵێ "بەڵێ راستە" باشە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەک مووچەی شەش مانگ، زیادەی مووچەی شەش مانگی پێنەدرێت یانی چی؟ ئەی هەر ئەو حکومەتە نەبوو 13 ساڵ مووچەی هەموو فەرمانبەرانی کوردستانی دەدا؟. بۆ ئێستا ناتوانێ زیادەی مووچەکە کە بە رێژە لە مووچەکە زۆر کەمترە بدات؟

لە پرسیاری سێیەمدا کە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پارەیەکی یەدەگی نییە لە بانکەکاندا؟ وەڵامی کاک رەشید تایەر ئەوەیە (نەخێر نییەتی) . راستیت دەوێ نەک هەر فەرمانبەران بەڵکو هەموو چین و توێژێکی ئەم وڵاتەی ئێمە بێ هیوا دەبێت کە گوێی لەم وەڵامە دەبێت، چونکە وڵات یانی پارە، کە پارە نەبوو ئابووری چ مانایەکی هەیە؟

لە پرسیارێکی دیکەدا (رووداو) دەپرسێ: زیادەی ئەو شەش مانگەی فەرمانبەران وەریانگرتووە لێیان وەردەگرنەوە؟ کاک رەشید دەڵێت "نەخێر، ئەوەی لە هەقی زیاد بۆمان سەرفکردووە وەریناگرینەوە". رۆژی دواتریش لە کەناڵی زاگرۆس دووبارەی کردەوە کە ئەو دەرماڵەیەی 6 مانگ پێشتر سەرف کراوە وەرناگیرێتەوە.

بەڵام بەداخەوە ئێستا بە نووسراوی فەرمی وەزارەتی دارایی ژمارە (15006/14/9) لە رێکەوتی (2008/7/9) کە ئاراستەی گشت وەزارەت و فەرمانگەکان کراوە لە بەشی دووەم و لە خاڵی (7)ـەمدا تەئکید لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو دەرماڵەیە کراوە کە پێشتر دراون.

کە ئەمەش جێی نیگەرانییە ئەگەر یەکێک دەرماڵەکەی ئێستای کەمتر بێت لەوەی پێشتر وەریگرتووە ئەوان لە دەرماڵەی خێزان یان هی منداڵەکان لێی دەبڕن ئەگەر ژن و منداڵیشی نەبوو ئەوا لە جیاوازی مووچەی مانگی (1) لێی دەبڕدرێ، ئەگەر جیاوازییەکەی تەنها (750) دیناری بریمەریش بێت.

هیواداریـن چیتر وەزارەتی دارایی ئەو (دەیبڕین و نایبڕین)ە لەگەڵ فەرمانبەرانی نەکات، چونکە وای لێهاتووە فەرمانبەران زۆر نیگەران بوونەو رۆژانە لە فەرمانگەکان ئەو گفتوگۆیە بێ مانایە دووبارەو سەدبارە دەبێتەوە.

**هەورامان یاسین**

# دیواری ئەستووری نێوان دەسەڵات وخەڵک



د. سەپان
sapanov@hotmail.com

لە تەواوی سەدەی پێشتر و سەدەکانی پێش ئەویش، کورد لەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە خەباتدابووە. منداڵی کورد بە دیلی و مافخوراوی لەدایک دەبوو. لە کوردستان نەوە دوای نەوە ژیان بەو شێوەیە بەردەوام بوو.

لە حکومەتەکانی پێشخۆشمان حکومەت دوای حکومەت، زیاتر ڕقی لە کورد دەبۆوە و هەوڵی سڕینەوە و نەمانی دەدا. ئەم چەوسانەوەیە تا پێش چەند ساڵێک بەردەوام بوو. بە نەمانی ئەو ڕژێمانە، هەڵبژاردن لە کوردستان و ئێراق دەستی پێکرا و هەوڵ بۆ بەدیموکراتی کردنی تەواوی وڵات درا. ئێستا داوا لە جەماوەری کوردستان دەکرێ پشتگیری لە حکومەتی ناوەندی بکات. کورد ئەگەر سەدان ساڵ پێش ئێستا دوژمنایەتی تەواوی حکومەتەکانی کردبێت، ئەمڕۆ بەئاسانی و بە چەقەنەیەک ناتوانێ ئەو حکومەتە بە حکومەتی خۆی بزانێت. بەتایبەتیش ئەگەر باس لە حکومەتی ناوەندی بەغدا بکەین، دەبینین لەشکرێک لە دوژمنانی کورد کۆبوونەتەوە و تا بۆیان کرابێ دژایەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

ئەوانەی دوێنێ بەناوی دیکە دژایەتی ئێمەیان دەکرد، ئەمڕۆش بەناوی دیموکراتییەت و دەنگدان دەیکەن، بۆیە هەر هەوڵێک بۆ یەکدەوڵەتی و یەکسنووری ئێراق بدرێ، لە کوردستان سەرناگرێ، چونکە ئەوانەی دیکە و نیوەکەی تر وەک کورد، بێخەلت نایەنە پێش. لە بچووکترین دەرفەت، ژەهراویترین خەنجەرت لێدەدەن.

دژایەتیکردنی حکومەتی ناوەندی لەلایەن کورد لەماوەی سەدان ساڵ بە گۆڕینی ڕژێمێک و دانانی سەرکردەیەکی دیموکرات و ئاشتیخواز نایەتە دی. بۆ بەڵگەش دەتوانین سەیری مێژووی نازییەت و ڕژێمی ئەپارتاید لە باشووری ئەفریقا بکەین. ڕای تەواوی خەڵکی کوردستان بەهیچ شێوەیەک بەو ئاسانییە ناگۆڕدرێ، لەوەی هەندێک کەس کاری بۆدەکەن یان وایتێدەگەن. ئەگەر ئێستا ئەو کارەی ئەوان ئەنجامی نەبێ، لەوکاتەی سەرۆک کۆماری ئێراق مام جەلال تالەبانییە و چەندین کادری باشی وەک د. بەرهەم سالح و وشیار زێباری لە حکومەت بەشدارن، دەبێ دوای گۆڕینی ئەوان ڕای کورد لەسەر حکومەتی ناوەندی چۆن بێ؟ زۆر کات هەست دەکرێ هەوڵ و خەباتی ئەوان بۆ وەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی کورد بێسوودە، بۆیە زۆرتر لەسەر بیری منداڵی بەردەوام دەبین، بەوەی چۆن بە باشترین شێوە دژایەتی حکومەت بکەین.

لە کوردستان، حکومەتی کوردی هەیە، ئەگەرچی تەواوی کورد لەکاتی تەنگانە، پشتگیری لەو حکومەتە دەکات، بەڵام دیسان شتێک لەناخەوە هەیە، کە دژایەتی ئەم حکومەتە بکات. ئەو کابرایەی بە قسە و نووسین، حکومەت بە حکومەتی خۆی دادەنێ، بەڵام بچووکترین دەرفەتی بۆ بڕەخسێ، هەمان کابرا، ئامادەیە زیانی زۆری لێبدات هەرنەبێ، خەڵک لە گەرمو گوڕی و خۆشەویستی سارد بکاتەوە. ئەم ساردکردنەوەیەش هۆی زۆری هەیە، بەڵام گەورەترینی، لەوانەیە ئەوەبێت حکومەتی کوردی نەیتوانیوە خۆی لە جەماوەر نزیک بکاتەوە، بەوەی کۆمەڵێک کۆسپی گەورەی لەبەردەم داناون. کەس نازانێ دەسەڵات خەریکی چییە و هاووڵاتیش زۆر بە سەختی دەتوانێ بەرپرسان ببینێ.

ئەم لێکدابڕان و تێکنەگەیشتنە گەورەترین گرفتی بۆ حکومەت دروست کردووە. لەشکری ئەوانەی لە حکومەت تووڕەن، لەجیاتی لەکەمی بدات، زۆر دەبێ، هەندێک جار هەست دەکەیت، ئەمڕۆ نا بەیانی دژ بە حکومەت ڕاپەڕین ڕوودەدات. ئەو تێکنەگەیشتنە، زۆربەی جار خەتای حکومەتە، چونکە نەیتوانیوە بەرنامە و پلان و کاروبارەکانی بۆ جەماوەر ڕوونبکاتەوە، هەندێک جاریش، خەتای ئەو تێکنەگەیشتنە دەخرێتە ئەستۆی خەڵک و گوایە "کوردەبۆرە" هەرچی بۆی بکەیت بەلاش و بێسوودە.

هەرچەندە حکومەتی کوردی، زوو درکی بەم دیوارە ئەستوورەی خۆیکرد، بۆیە بیری لە دامەزراندنی کۆمەڵێک ڕاوێژکار کردەوە، تاوەکو باشتر لە جەماوەر بگەن و پێویستییەکانیان دابین بکەن. بەڵام لەوەش نەیتوانیوە سەرکەوتوو بێ، چونکە ئەوانەی وەک ڕاوێژکار کاردەکەن، هەندێک لەوان لە کاری خۆیان باش شارەزا نین. هەندێک لەو کارەی پێیان سپێردراوە ئەگەر پسپۆڕیش بن، لەبەر کورسی گەرمی کاری ڕاوێژکاری و ئۆتۆمبیلی جوان و شۆفێر و پارەی زۆر، کابرا لایەنی ماستاوچیاتی هەڵدەبژێرێت و ڕاستییەکان قەت بۆ جێگای پێویست نانێرێت. زۆر لەو خەتایانەش دەگەڕێتەوە بۆتێگەیشتنی ئەوان لە ڕاگەیاندن.

ئەوان ئەگەرچی بایەخی زۆر بە ڕاگەیاندن دەدەن، بەڵام نازانن، تا ڕاگەیاندن لەوقاڵبە وشکەی حیزبایەتی بمێنێت، ناتوانێ لە ڕیفۆرمکردندا یارمەتی حکومەت بدات. هەندێک لەو ڕاوێژکارانە، بوونەتە دمبکچی و هەندێکیش بە فاولی ڕۆژانە، ئابرووی سەرۆک و بەرپرسی خۆیان بردووە و لەجیاتی ئەوەی بەرپرسی ئەوان خەریکی کارکردن بێ، زیاتر بە پینەکردنی فاوڵەکان لەگەڵ هەڤاڵانی خۆی کات بەسەر دەبات.

ئەو دیوارە ئەستوورەی لە نێوان حکومەت و جەماوەر هەیە وایکردووە، خەڵک حکومەت بە هی خۆی دانەنێت و تا بۆی بکرێ لەجیاتی بەردێک بۆ دروستکردنی دابنێ، بەردێکی لێ دەبات. ئەم دیوارە ئەستوورە، هەستێکی لای جەماوەر دروستکردووە، ئەوەی لە حکومەت بیدزی و بیبەیت، نە عەیبە و نە دزییە، بەڵکو بەرهەمی خەباتی خۆتە و دەیدووریتەوە.

بەدرێژایی مێژوو لەناو کورد بەچاوی سووک سەیری دزی کراوە، بەڵام لەبەر دووری حکومەت لە جەماوەر، خەریکە ئەم ڕایە دەگۆڕێ. زۆربەی ئەو کەسانەی دزی لە حکومەت دەکەن، ئەم کارەیان، وەک دزی سەیر ناکەن، بەڵکو ئەو بە پارەی خۆی لەقەڵەم دەدات. ئەم دزییە مەرج نییە، لە شێوەی پارە بێت، بەڵکو لە کڕینی کەلوپەل بۆ دامودەزگاکانی حکومەتەوە دەست پێدەکات تا فێڵ و بەرتیل خواردن. کتێب بۆ زانکۆ دەکڕدرێ، بێئەوەی سەیری نرخ بکرێ، ئەگەر بڵێیت گرانە، لە وەڵامدا چ مامۆستای زانکۆو چ فرۆشیار، دەڵێن: خۆ پارەکەی بەخۆت نادەیت؟ ئەگەر لەو شوێنەی شتێک دەکڕیت، کابرای خاوەن دوکان بزانێ بۆ دەزگایەکی حکومییە، یەکسەر چەند دۆلارێک دەخاتە بانی، لەهەمان کات، سەری ببڕیت، ئامادە نییە یەک فلسی برادەرێکی بدزێ یان بخوات! ئەو دیاردەیە خەریکە دەبێتە کولتور و پێمانەوە دەنووسێ.

ئەوەی ئێمە پێشتر لە خەو لێی دەترساین، خەریکە بە نوێژی نیوەڕۆ یەخەمان دەگرێ. دیاردەی دزی و گەندەڵی، زۆر لەوە گەورەترە، لەوەی زۆر کەس بیری لێدەکەنەوە، چونکە خەڵک خۆی لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکات و زۆربەی کاتیش خۆیان لەگەڵ بەرپرسی گەورە بەراورد دەکەن. هەر ئەمەش وایکردووە، تەواوی دانیشتووان زۆر بەئاسانی باوەڕ بە گەورەترین درۆ بکەن، بەڵام ئامادەنین باوەڕ بە ڕاستییەکی بچووک بکەن. خەڵک ئارەزووی لە باوەڕکردنی درۆیە، چونکە حکومەتی کوردستان، نەیتوانیوە وەک پێویست خزمەت بەوان بکات.

ئەو بارە نا هەموارەی لە کوردستان هەیە، کەسانێکی زۆری ڕەنجاندووە وناچاری کردوون، بە هەموو شێوەیەک دژایەتی حکومەتی کوردستان بکەن و لە هەندێک نووسینیش بڵێن، گوایە دیموکراتی لە کوردستان نییە یان ڕژێمێکی تەواو تۆتالیتارییە، ئەمەش لەڕاستییەوە دوورە، چونکە ئەگەر ئازادی زۆریش لە کوردستان نەبێ، بەڵام دیسان ڕێگا لە ڕاگەیاندن نەگیراوە، قەڵەمی ڕۆژنامەنووسان نەشکێندراوە، بۆ ئەوەی هیچی دیکە نەنووسن. ئێستا مەترسییەکە لەوە دەرچووە، کە چەند کەسێک دژ بە حکومەت و بەرپرسان دەینووسن، بەڵکو مەترسییەکە لەوەیە، نووسینەکان ئێستۆک بوونە. چونکە هیچ کار لە دەستەڵات ناکەن و ناتوانن ڕا لەناو جەماوەر لەسەر پرسیاری پێویست دروست بکەن.

ڕاگەیاندنی کوردی لەبەر ئەوەی حیزبییە، لێرە ئەنتی "دژە" نووسین زۆر کاریگەرترە و ناوەڕۆکی تەواوی نووسینەکان پووچ دەکاتەوە. لەوەش خراپتر، سیاسییەکان زۆربەی جار بایەخ بەڕای خەڵک یان نووسینەکان نادەن، چونکە پشتیوانی سەرکردایەتی لە سەدا سەدیان هەیە و ئەو نووسینەش بە "نووسینۆکە" ناو دەبردرێن و هیچ کارێ تێ ناکات. چونکە تا ئێستا، لەسەر دزی، بەرتیل یان پێشێلکاری یاسا، کادرێکی بەرزی حیزب، ئەندام پەرلەمانێک وەزیرێک یان هەر بەرپرسێکی دیکە بۆ دادگا ڕانەکێشراوە. لێنەپرسینەوە لە گەندەڵکاران متمانە بە حکومەت کەم دەکاتەوە و لەشکرێک لە تووڕەبووان دروست دەکات، ئەو لەشکرەش زۆربەی جار لەبەر ئەوەی بە پیشە ڕۆژنامەنووس نین، ڕێگا بەخۆیان دەدەن، بە ئارەزووی خۆیان نووسینی درۆ لە دژی حکومەت بنووسن. ئەوان لێرە لەنێوان ئازادی و بەرەڵڵایی لێیان تێکەڵاو بووە و هیچ جیاوازی نابینن و هیچ یاسایەکیش نییە ئەوان ڕابکێشێتە بەردەم دادگا. بۆیە تا بۆی بکرێ زمانی نووسینی ڕەقتر دەکات، چونکە ئەو نووسینەی بۆ چارەسەر کردن نییە، بەڵکو نارەزایی ئەوە لە حکومەت و بەرنامەکانی. ئەو نووسەرە هیچی دیکە حکومەتی کوردستان بە حکومەتی خۆی دانانێ، چونکە خۆی نازانێ ئەرکی حکومەت چییە.. ئەو لەوبڕوایەدایە، حکومەت دەبێ نانی بدا، خانووی بۆ دابین بکات، ڕەوانەی دەرەوەشی بکات. ئەو زۆر زیاتر مەرج و داوای لەسەر حکومەت هەیە، لەوەی ئەو خۆی چەند خزمەت بە حکومەت دەکات.

ئەو حکومەت لە چاوی مانگا دەبینێ و چەندی بۆ بکرێ زۆرتر دەیدۆشێ، چونکە ئەو دەزانێ کەسانێک هەن ڕێگایان پێدراوە بە ئارەزووی خۆیان هەموو مانگاکان بدۆشن، بۆیە هەرچی حکومەت بیکات، بە ڕای ئەوکەسانە خراپە و هەموو درۆیەکیش دژ بە حکومەت ڕاستن، ڕەگی ئەم بیر وبۆچوونەش لە دێرزەمانەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە و بە ئاسانی ناتوانین لێی ڕزگار بین، حکومەتیش لەجیاتی یارمەتی بدات، دیارە کارەکە و لێک نزیکبوونەوە ئاڵۆزتر دەکات. دەبێ ئەو دیوارە بڕوخێندرێ و ئەو زمانەی نووسین بگۆڕدرێ و ڕاگەیاندن بەرەو پسپۆڕی ببەین، تا هەموو لایەک لە نێوان ڕەش و سپی ڕەنگی بۆریش ببینن.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# ترحێو

ئەم لە دوکان و ئەو لە هەولێر، ڤێلا بۆ ئەو نموونانە قیت دەکەنەوە کە گوایە هاوپەیمان و هاوخەم و هاوسۆزمانن و لە کاتی تەنگانەدا دەنگ و ڕەنگ و کاریگەرییان دەبێت. مام لەولا و کاک لەملا پارە و کۆشک و لانەی ئارام بۆ ئەو زرپرایانە ئاوەدان دەکەنەوە کە بە حیسابی خۆیان هەڤاڵی دێرین و پشتیوانی نوێن. لەکن بەرپرسانی کورد، قەینا هەزاران گەنج لە بەر بێلانەیی و بێچارەیی تف لە وڵات بکەن، خوا دەکا هاشمی و ڕوبەیعی و وائیلی و مەشهەدانی و کێ کێ لێمان ڕازی دەبن، گەنجی بێ هونەری کورد چییە. هیچ جێی بایەخ نییە هەزاران گەنج وڵات بە دۆزەخ بزانن و پشتی تێبکەن، ئاخر کاری فەر، ئەوەیە دوارۆژ مسۆگەر بکەین.

دەرکەوت، ئەو زلی بێ هونەرانەی، کە سەرکردایەتی کورد لێرە و لەوێ پارەی ڕەش و ڕووتی ئەم میللەتەیان بەسەردا دابەش دەکەن، لە باشترین دۆخدا، تەنیا ساختەچین و هیچی تر. ئاشکرا بوو ئەو قسەیە ڕاستە کە دەڵێ عەرەبێکی باش و یەکێکی خراپ نییە، عەرەبێکی خراپ و یەکێکی خراپتر هەیە. ڕوون بووەوە، سەری کورد، بۆ هەموو جۆرە کڵاوێک، فریسایزە. ئەوە نییە لە دەستوور، نەوت، مووچەی پێشمەرگە و ئێستاش یاسای پارێزگاکان، هەمیشە کڵاوی عەرەبی لە سەری کورد نراوە.

ڕاستییەکە تاڵ. لە حەفتاوە تا ئێستا، کورد لە هیچ گفتوگۆیەکدا تووڕێکی قوڕاوی چنگ نەکەوتووە. هەمیشە بە بەڵێنی پووچ، قسەی زل و لووس هاتووەتە دەرەوە و دواجاریش، نزیکەی هەمیشە، هەوا بە پێچەوانەی بەلەمی کوردییەوە بووە. دەرپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە بن لووتی کوردەوە، باشترین بەڵگەیە، کە کورد لە عێراقی نوێدا یەک هاوپەیمانی نییە کاری بۆ بکات، هەر ئەم کاری بۆ هاوپەیمانەکانی کردووە. ئەوە هاوپەیمانەکانی کوردن، گوڵمان لێدەکەن و کڵاومان لە سەر دەنێن. کورد نە بە شەڕ کەرکوکی دەستکەوت، نە، بە قەولی خۆیان، تەوافوق و نە بە 140 و نە بە یاسای پارێزگان. بە ڕاست هیچ هیوایەک ماوە کورد لە کەرکوودا بڵێ لەل؟

کورد کە دەنگی دلێر بوو، کە تەنیا بەرەی سەرزەوی شەڕ بوو لە دژی ڕژێمی پێشوو، نەیتوانی قسەیەک بۆ کەرکووک بکات و هەڵوێستێک بنوێنێ، ئایا ئێستا بە پاڕانەوە و لاڵانەوە دەستی دەکەوێتەوە؟ کورد بە شان و بازووی پێشمەرگە و وەعد و وعوودی سەرکردەکان نەگەڕایەوە، بە پانکردنەوە بۆ دیمستۆرا و دڵنەرمکردنی عەرەبە چاوڕشەکان دەگەڕێتەوە؟

ئەزحەیران، کەرکووک فت، ئەوەی ئێستا هەیە تەنیا نمایشێکی هەرزانە بۆ ئەوەی فتبوونی کەرکووک ببێتە کارێکی ئاسایی، دەستتان خۆش و نۆشی گیانتان بێت، ئێستا شەقامی کوردستان بایی هێندە کێشەی هەیە کەس لە کەرکووک نەپرسێتەوە، ئێوەش کەرکووک لە پاڵتانا بوو لچتان لێ نەدا، بەتەما مەبن لە بەغدا دەستتان بکەوێتەوە.

# غەدرو بوختان

مەسعود پەریشان

باوەڕ ناکەم، لەدونیادا، هیچ شتێک لە غەدر لێکردن ناخۆشتر بێت، بەتایبەتیش ئەگەر سەرچاوەی غەدرلێکردنەکە بوختانێکی گەورە و بێ بنەمای زۆر نەشیاو ناماقوڵ و نەگونجاو بێت، کە ئەمەیان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ تیرۆرکردنی کەسە غەدر لێکراوەکە نییە و ئازارەکەشی زۆر سوێترە، بەوەی تیرۆر گیان و جەستەی لەناو دەبات، بەڵام غەدرو بوختان تارۆژی مردن، ویژدان ئازار دەدات.

جاران مەودای درۆو بوختان زۆر کورت بوو، چونکە بەزارەکی، لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا دەکرا دەماو دەم دەگوازرایەوەو لەگەڵ دروستبوونی هەر گومان و تانەیەکیش زۆر بەئاسانی دەگەڕانەوە سەر سەرچاوە سەرەکییەکەی ئەو هەواڵە و بەئاسانیش ناوەکەیان ئاشکرا دەکرد و لەنێو کۆمەڵگەشدا نەک هەر ڕیسوا دەکرا، بەڵکو وای لێدەکرا، حەیای ئەوەی نەمێنێ، جارێکی دیکە لەنێو کۆمەڵگەو ماڵەکەی خۆیشیدا بەئازادی بسوورێتەوەو قسەی ئاساییش بکات، چونکە ئەوسا درۆزن ڕووی ڕەش دەکرا!

ئەمڕۆ لەسەردەمی جیهانگەرایی و گلۆبالیزم و ئینتەرنێت و ئەنتی پاراسایکلۆژیادا سایتی ئینتەرنێت، بۆتە دیواری ئاودەستخانەو بۆ ئێمەی کورد هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێوان ئەو دیوارە سادەیە و ئەو ئامێرە هەرە پێشکەوتووەدا نییە، بەوەی جاران بەبێ ناو، جوێن و ڕیسوایی دەبەخشرایە ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ ئەمڕۆکەش بەناوی خواستراوی شاراوە نەک هەر تەنها درۆو بوختان بۆ کەسە بەتواناو ڕۆشنبیرە هۆشمەندەکانمان هەڵدەبەسترێن، بەڵکو بەهەمان جۆر درۆو بوختان و قسەی هەڵبەستراوی ناشایستە هێرش دەکرێتەسەر سەرکردە زیندووەکانمان وهەولێکیش هەیە بۆ ڕەشکردنەوەی سیمبولایەتی کەسێکی وەکو مەلا مستەفای بارزانی کە بەقسەو نووسین و بۆچوونی شاراوەو ئاشکرای سایتەکان لەئارادایە، بۆ ڕەشکردنەوەی مێژووی زیندووی ئەو سیمبولەو کەسە هۆشمەندەکانیشمان، کە هەر هەموویان دەکەونە چوارچێوەی ئەو هێرشە ڕاشکاوانەی کە دوژمنانی گەلەکەمان بەئاشکرا ڕێکلامی بۆ دەکەن و کەناڵە بەناو ئازادەکانی خۆشمان بەبێ بەرامبەر (غەدر) لەخۆمان و خۆیانیش دەکەن و بەبێ پارەش خۆیان دەخەنە چوارچێوەی کەناڵە ڕیسواکان. وای لەو شەرمەزاریی بێ بەرامبەرە، کە تەنها خۆمان و گەلەکەمان و ئەزموونەکەمان دەشکێنێ و لەراهی خودا نۆکەری بۆ بێگانان دەکەین! کێ دەڵێ بێ بەرامبەرە؟.

# لۆجیکێکی گوندییانە



فواد سیپان- ئەڵمانیا
fuadsipan@yahoo.de

بڕیاری ئازادکردنی سێ شاخەوانە ئەڵمانەکە لەلایەنPKKوە لەرۆژی2008/7/20 دا لەجێی خۆیدا بوو. ئێمە لەوە دەترساین کە دەوڵەتی میلیتاریستی تورک بەشێوەیەک شتێکی خراپ بەسەر ئەڵمانیەکاندا بێنێت و دواییش کورد باجەکەی بدەن. باش بووPKK بەسەلامەتی ئەو ئەڵمانانەی ئازاد کرد، تا کورد لەرەوشی ئێستادا زیاتر زیانیان پێنەگات.

ئێستا پرسیار ئەوەیە، گەلۆ ڕفاندنی ئەوسێ ئەڵمانە لەلایەنPKKوە چی قازانجێکی بۆئەو پارتەو گەلی کورد بەدواوە بوو؟ ئێمە لەوبڕوایەداین کە ڕفاندنی بەزۆری ئەڵمانەکان هیچ قازانجێکی بۆ PKK و گەلی کورد نەبوو. PKKناوبانگی خۆی خراپکرد و کوردیشی وەک هێرشکەری سەر مافەکانی مرۆڤ لەجیهاندا دایە ناساندن.

دەبێ مرۆڤ تۆزێک دەوڵەت و حکوومەتی ئەڵمانیا بناسێت، ئەوان بەشتی لەوجۆرە ئەستۆی خۆیان بۆ هیچ کەس نەوی ناکەن. لەلایەکی دیکەوە ئێستا هیوای ئێمە ئەوەیە کە دەوڵەت و حکوومەتی ئەڵمانیا هەندێک بیر لەسیاسەتەکانی بکاتەوە، بەتایبەت لەبەرامبەر ئەو کوردانەی لە ئەڵمانیا دەژین سیاسەتێکی ڕەوا بەڕێوە ببات. چونکە مخابن ئەڵمانیا هەموو شتێک لەچوارچێوەی بەرژەوەندی تەسکی خۆیدا هەڵدەسەنگێنێت. بازاڕێکی زۆر گەورە لەنێوان ئەڵمانیاو تورکیادا هەیە. قەبارەی ئەو بازاڕە ساڵانە22 ملیار یۆرۆیە. ئەگەرPKK و کوردانی ئەڵمانیا پێکەوە سیاسەتێک بەڕێوە ببەن کە خەڵکی ئەڵمانیاش تووڕە نەکەن،لەداهاتوویەکی دوور یان نزیکدا سەردەکەون.

دەبێ کورد بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتێکی دیپلۆماتیک کەسانی زاناو لێهاتوو بێننە گۆڕەپان. سیاسەتی دیپلۆماسی و چێکردنی لۆبی بە لۆجیکی گوندییانە بەرەوپێش ناچێت. بێگومان کوردانی وڵاتپەروەر کارێکی بێڕاوەستان لەناوخۆیاندا دەکەن. بەڵام ئەگەر ئامانج ئەوە بێت کورد بۆ خۆیان لەئاستی ئەوروپادا دۆست پەیدا بکەن، دەبێ خۆیان لەدروشمی پڕو پووچ دوور بخەنەوەو کار بۆ ئەوە بکەن کە یەک بە یەکی ئەوروپاییەکان بەعەقڵ ولۆجیک ڕازی بکەن، نەک بەو میتۆدانەی کە ئەوروپاییەکان دژایەتی دەکەن ولێی دەڕەونەوە.

# چۆن تورکیا بدەینە دادگە



پێشڕەو شوانی- بەریتانیا
P.Shwani@gmail.com

ساڵانێکە کوردەکانی باکوری کوردستان، لەڕێی دادگای ئەوروپاوە شکات لەتورکیا دەکەن. زۆرجاریش داواکەیان بەرەوا دەبینرێ و تورکیا ناچار دەکرێت کە قەرەبووی ئەو هاوڵاتیە زیان لێکەوتوانە بکاتەوە. ئەم شکاتانەش هەندێکجار لەلایەن تاکەکەسەوە دەکرێن و هەندێکجاریش لەلایەن گرووپەوە دەکرێن، ئەوجا ڕێکخراوی سڤیل بێت یا لەلایەن کۆمەڵە پارێزەرێکەوە بێت. شکاتەکانێش لە کوشتنەوە تێیدایە تا غەدرکردن، ئازارو ئەشکەنجەو زیان گەیاندن بەماڵو موڵک. هەندێ لەم هاووڵاتیانە دانیشتووی گوندە دوورەدەستەکانن و بەئیمکانیاتێکی زۆر کەمەوە بەو کارە ڕادەبن و هەندێکجار سەرکەوتن لەبەرامبەر دەوڵەتێکی وەک تورکیا بەدەست دەهێنن.

لەم ڕۆژانەدا ئەو ڕاپۆرتە بڵاوکرایەوە کە باس لەغەدری تورکیا بەرامبەر گوندنشینەکانی دەڤەری قەندیل دەکات، کە لەلایەن سەفیە سوهەیل (بووکی کوردان) و میسال ئالوسیەوە کە هەردووکیان ئەندام پەرلەمانی ئێراقن ئامادەکرابوو. بووکی کوردان بەئەرکەکەی خۆی ڕابوو، هەموو بەڵگەکانی سەبارەت بەدەستدرێژیەکانی تورکیا بەرەش و سپی خستۆتە بەردەست هەمووان. لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوەکراوە کە تورکیا زیانی زۆری بە ناوچەکە گەیاندووەو چەکی قەدەغە کراویشی بەکارهێناوەو دانیشتووانی دەڤەرەکە لەبارێکی مرۆیی نالەباردان. هەروەها کاریگەری خراپی ئۆپەراسیۆنەکان لەسەرژێرخانی ئابووری ناوچەکە، ژینگەو سروشت و سامانی ئاژەڵی بەتەواوی دیارە.

حکومەتی کوردستان یا ئەو هەموو ڕێکخراوانەی کوردستان کە بەهەزارانن، دەبێت داکۆکی لەو غەدرلێکراوانە بکەن و ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەو هاووڵاتیە زیانلێکەتووانە بۆئەوەی دەستیان بەدادگای ئەوروپا بگات و شکات لەتورکیا بکەن و داوای قەرەبووی زیانەکانیان بکەن. ئەگەرناشکرێ ئاسانکاری بۆگشت ئەو هاووڵاتیانە بکرێت، با لەڕێگەی چەند پارێزەرێکەوە داواکانیان بگەیەندرێتە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەوروپاو دادگای ئەوروپا. ئەگەر ئەمەش بەو حکومەتە دەوڵەمەندو پڕ ئیمکانیاتەی باشوور و ڕێکخراوە زۆروزەوەندەکانی باشوور ناکرێت، دەبا سوود لەو کوردانەی باکوور ببینن و ڕێنیشاندەرمان بن، یا با سوود لە پارێزەرە چاونەترس و شۆرشگێرەکانی باکووری کوردستان وەرگرین و ببنە پێشەنگی ئەو هاووڵاتییە زیان لێکەوتوانە.




پەیامی رووداو

# گەمەی مشک و پشیلە

لە دوای رووخانی رژێمی بەعس، لەلایەن بەرپرسانی پارتی و یەکێتی و بەشێکی زۆری پارتە کوردییەکان گەشبینییەکی سەیر بە دوارۆژی عێراقەوە دەبینراو پێیانوابوو لەگەڵ رووخانی رژێمی سەددام، عێراق دەبێتە مێرگی دیمۆکراسی و ئیدی کێشەی کوردیش لەم پارچەیەی کوردستان بە تەواوی چارەسەر بوو. ئەم گەشبینییە بێسنوورەی پارتە کوردییەکان وایکرد کە تەنانەت سازش لەسەر خاکی کوردستانیش بکەن و بیخەنە نێوخانەی (ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان) و رازیشبن بەوەی رێفراندۆم و گشتپرسی لەسەر خاکی بەعەرەبکراوی کوردستان بکەن.

لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، بەرپرسانی حکومەتی عێراق و لایەنە عەرەبییەکان نەک هەر هیچ ئاماژەیەکی ئەوتۆیان نیشانی کورد نەداوە کە ئیدی کورد و عەرەب دەتوانن بەیەکەوە لەو وڵاتە بەزۆر بەیەکەوە لکێنراوەی عێراق بژین، بەڵکو بەردەوام نایشارنەوە کە عێراق وڵاتێکی عەرەبییە و پێویستە ناسنامە عوروبییەکەشی بپارێزرێ، ئەم عروبییەتە هەفتەی رابردوو تەنانەت لەلایەن سیستانی فارسیش جەختی لەسەرکرایەوە.

هەژدە ساڵە سەرکردایەتی باشووری کوردستان یەکلایەنە داوای فیدرالیزم لە عێراق دەکاو تائێستاش هەر مەرەکەبی سەرکاخەزە و هاتنە ئارای سیستەمێکی فیدراڵیش لە عێراق لە مەحاڵ نزیکە، چونکە یەکێک لە پێشمەرجە سەرەکییەکانی فیدرالیزم لە هەر وڵاتێک دیمۆکراسیە و بەبێ بوونی سیستەمێکی دیمۆکراتیک گاڵتەجاڕییە باس لە فیدرالیزم بکرێ، ئەمە جیا لەوەی فیدرالیزمیش پتر لەو شوێنانە سەردەگرێ کە یەک پێکهاتەی نەتەوەییان هەیە.

ئەگەرچی ناکرێ بە رەهایی بڵێین دیمۆکراسی لە فلان ناوچە و دەڤەری دنیا سەردەگرێ و لە فیسار شوێن ئەگەری سەرکەوتنی نییە، بەڵام پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و عێراقیش لەنێویاندا پێماندەڵێ کە دەیان ساڵی دیکەش کولتووری دیمۆکراسی لەم ناوچەیەدا جێگیر نابێت، بۆیە ئەگەر بڕیاربەدەستانی کورد هەر لەسەر ئەوە مکوڕن کە کێشەی کورد تەنها لە پایەتەختی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان چارەسەر دەبێ، ئەوە دەبێ زۆر پشوودرێژبن و چاوەڕێ بکەن هەتا عەرەب و تورک و فارس باوەڕ بە دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ و مافی ئازادی گەلان دێنن.

ئەگەر گریمان ئەو تەنگژەیەی هەنووکە لە نێوان کورد و بەغدا دروستبووە چارەسەریش ببێ ئەوە سەرکردەکانی کورد با دڵنیاو خاترجەم بن کە زۆر ناباو کێشە و تەنگژەیەکی تر سەرهەڵدەدا، چونکە هەتا بەرپرسانی کورد چاویان لەوە بێ بەغدا مافەکانی کورد بدا ئەوە گەمەی مشک و پشیلەکە هەر درێژەی دەبێ.

**نوورەدین وەیسی**

# حەیف ومخابن بۆ ئۆرۆکوردەکان



زەلال ئێکنجی- دانیمارک

کاتێک گوێبیستی ئەوروپا دەبین لەلایەک ئەو هەموو بەهایانەمان بیردەخاتەوە کە لە سایەیاندا مرۆڤایەتی گەیشتۆتە قۆناخێکی بڵند، لەلایەکی تریش مێژووی کۆڵۆنیالیزم و چەوسانەوەی وڵاتە ئەوروپاییەکانمان بیر دەخاتەوە کە لەبەرامبەر گەلان و میللەتانی تریان پەیڕەو کردووە .دیارە ئەمەش لە شەوو ڕۆژێکدا پەیڕەو نەکراوە،بەڵکو بەسەدان ساڵ درێژەی کێشاوەو لە ئەنجامدا گەلێک شۆڕشی ئایینی و مەزهەبی و دواتریش ئەدەبی و هونەری وزانستی هتد . .سەریانهەڵداوە .

لە سەدەی سێزدەمیندا، سەرەتا فەڕەنسا و دواتر وڵاتانی وەک ئیتاڵیا، پورتوگال، ئیسپانیا وئینگلتەڕا بە کەشتی و سوپای زەبەلاحەوە ملی ڕێگایان گرت و، لە باکوورو باشووری ئەمەریکاوە بگرە تاوەکو ئەفریقاو ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان وەک کۆڵۆنییەکی ئابووری داگیرکرد .کاڵاو بەرهەمەکانیان لە م شوێنانە بە نرخێکی گران دەفرۆشت و لە بەرامبەریشدا سەرچاوە کانزاییەکانی ئەم وڵاتانەشیان بە تاڵان دەبرد .

بۆ ئەوەی بەردەوامی بە پرۆسەی داگیرکاری بدەن هەموو ڕاپەڕینێکی گەلە کۆڵۆنیکراوەکانیان بە دڕندانەترین شێوە تەپەسەر دەکرد،وەک ئەوەی ئینگلیزەکان لە ئەمەریکای باکوورو ئوستراليا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان ئەنجامیاندا،یان وەک ئەوەی ئیسپانیاو ئیتاڵیاو فەڕەنسا لە ئەمەریکای باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا لە وڵاتانی لیبیا و مەغریب و تونس و جەزائیر ئەنجامیان دا .

سەرەڕای ئەو داگیرکاری و چەوسانەوەیەی ئەوروپاییەکان پەیڕەویان دەکرد،لە بەرامبەردا ئەو گۆڕانکاریانەی دەهاتنەکایەوە سیمای ئازادییان پێوەدیار بوو.ئەوروپاییەکان هەرچەندە ئەم میللەتانەیان دەچەوساندەوە و ئاسەوارە مێژووییەکانیان دەگواستەوە ئەوروپاو، پاشانیش بە ناچاری لەترسی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئەم گەلانە بەرەو دواوە هەڵدەهاتن وڵاتە کۆڵۆنیکراوەکانیان بەجێ دەهێشت، بەڵام دیسان زەمینەی پێشکەوتن و ڕابوونەوەیان لەم وڵاتانە تەفروتونا نەدەکرد .

ئەوروپاییەکان لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا لەناو گۆڕانکاریدابوون،هەموو جیهانیش بەم گۆڕانکاریانە کاریگەر دەبوو.بەڵام لە بەر ئەوەی ئەوروپا مەڵبەندی ئەم گۆڕانکاریانە بوو، گۆڕانکاریەکانیش لە هەر شوێنێکی تر زیاتر لە ئەوروپا بەکاریگەرتربوون،لە سەدەکانی 13 تاوەکو 20 ئەوروپا بووە مەڵبەندێکی شارستانی دەست لێبەرنەدراو، تیایدا لە بوارەکانی ئابووری و بەیەکەوە ژیان و مافی ژنان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنی زۆر گرنگ هاتنە ئارا .زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بەم پێشکەوتنانە کاریگەر بوون،بۆ ئەم مەبەستەش گەلێک وڵاتی وەک ئوستراليا و وڵاتانی ئەمەریکای باکوور سیستەمی بەڕێوەبردنی خۆیان هاوشێوەی وڵاتانی ئەوروپا بونیادنا بەڵام نەبووە مایەی گۆڕانکاری ڕیشەیی،چونکە لە ژێر کاریگەری تایبەتمەندیەکانی ئەوروپادا گۆڕانکاریان ئەنجامدا .دیسان ژاپۆنیش ویستی ئەزموونی ئەوروپا پەیڕەو بکات بەڵام نەیتوانی لەژێر کاریگەری پاشکەوتوویی ناوخۆدا ڕزگاری ببێت .بەڵام لەناو وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیزمی هەڵوەشاوەدا ژیان لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەتایبەتی پەیوەندی ژن و پیاو بە هاوکاری میتۆدی سۆسیالیزم زووتر پێشکەوت .

کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە نێوان نوێبوونەوەو کۆنەپەرستیدا مانەوە،تورکیاش وەک وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی هەشتا ساڵدا بەهۆی ئاستەنگە دەروونییەکانی سیستەمی کەمالیزم نەیدەتوانی،کۆمەڵگایەکی نۆژەن و ئازادو ئاشتیخواز بونیادبنێت،کوردستانی پارچەکراویش لەنێو چوار دەوڵەتی داگیرکەر بە پاشکەوتوویی لە نێو شەڕو پێکدادان خنکابوو،هەر لەبەر ئەم هۆکارە سیاسی و ئابووریانە کورد ڕووبەڕووی کۆچکردن بووەوە .

کوردە کۆچبەرەکان زیاتر بەدوای کارو ژیان دەگەڕان، لەبەر ئەوەی ئەم دەرفەتانە زیاتر لە ئەوروپا دەست دەکەوتن،کورد ڕوویان لەو کیشوەرە کردو،ئەمڕۆ بەتەنیا لە ئەڵمانیا زیاتر لە ملیۆنێک کورد هەن،هەروەها لە فەڕەنسا 40000 لە بەریتانیا 30000 وە لە وڵاتانی نەمساو سویسڕاو ئەسکەندەنافیاش نزیکەی 450000 کورد دەژین.

قۆناخی جێنشیبوونی کوردان لە ئەوروپا زیاترلەم پەنجا ساڵەی دواییدا دەستپێدەکات، هەر لەبەر ئەمەش زاراوەی کوردانی ئەوروپا بۆ ئەم کوردانە بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی ڕاستی ژیان و چەمکە کۆمەڵایەتیەکانی کوردانی ئەوروپا دەستنیشان بکەم بە پێویستم زانی چەند دێڕێک لەسەر گۆڕانکارییە مێژووییەکان بنووسم، بەڕای من بەبێ نووسینی ئەم چەند دێرەش ئەم بابەتە ناتەواو دەبوو.

کوردەکان کە لە ڕۆژهەڵات کۆچبەری ئەوڕوپا بوونە، ئێستاشی لەگەڵدابێت، خاوەن هزرێکی کۆنەپەرستانەن،هەتا ئێستا 90%ی کوردەکانی ئەوڕوپا بە گوێرەی پێوانەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێرە خۆیان ڕێکنەخستووە، چونکە پێوانەی ژیانی مۆدرێنیزمی ئەوروپا بە ڕاستی کوردە دێهاتیەکانی کوردستان یەکانگیر نابێت، و کوردەکانیش زۆربەزەحمەت دەتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم ژیانە بگونجێنن.

منداڵانی کورد لە ئەوروپا کە ئێمە وەک نەوەی کوردانی ئەوروپا ناوەندیان دەکەین،لەبەر چەند هۆیەک لە ژێر کاریگەری خێزانەکانیان ماونەتەوەو، بەگوێرەی تێگەیشتنی خێزان چارەنووسی ژیانی خۆیان هەڵدەبژێرن،ئەگەر هاتوو خێزانێک ئایین پەروەر بوو، زۆر زوو ژیانی کچ و کوڕەکانیان یەکلا دەکەنەوەو هاوسەرگیریان بۆ ئەنجام دەدەن .ئەم کچ و کوڕانەش لە چوارچێوەی ئاستێکی پەروەردەیی بڵند دەکەونە ناو چوارچێوەی ژیانی خێزانی.

بە هۆی پێوانە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکان، پیاو دەتوانێت بە ئاسانتر پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەکانی ئەوروپادا دروست بکات، لەبەر ئەو تێگەیشتنە جیاوازیەک لە پەیوەندی پیاوو ژنان بەرامبەر کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان دێتە ئاراوە،پیاو بۆی هەیە هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک یان کچێکی ئەوڕوپایی بکات،بەڵام ئەم جۆرە پەیوەندیانە بۆ کچان نەک هەرقەدەخەیە بەڵکو تاوانیشە .ئەمە تێگەیشتنی ئەو نەوەیەیە کە بە ( (ئورۆ کورد))دەناسرێت.

دەرهەق بەم مەسەلەیەوە تێگەیشتنێکی تر لە ناو نەوەی نوێی کوردانی ئەوروپادا بەدی دەکرێت کە بە تێگەیشتن یان چەمکی دووەم ناسراوە، بە گوێرەی ئەم چەمکە پیاوەکانیان زۆر بە سەربەستی پەیوەندی لەگەڵ ژنانی ئەوڕوپا دروست دەکەن و، زۆر بەئاسانیش دەستبەرداری ئەم پەیوەندیانە دەبن.بەم پەیوەندیانە پیاوەتیان بەسەر ژنەکانیان دەسەپێنن و وەک پێویستی و مافێکی ڕەوا پێناسەی دەکەن.هەندێک لەم پیاوانە کاتێکی دوورو درێژ لەگەڵ ژنە ئەوروپایەکاندا دەمێننەوەو هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن و منداڵیش دروست دەکەن،پاشانیش دەچن لەگەڵ کچێکی کورد کە بەچەندان ساڵ لەخۆیان بچووکترن هاوسەرگیری دەکەن.

هەر لەسەرەتای هاوسەرگیریشەوە هەموو شتێک بەگوێرەی خۆی دەخوێنێتەوەو ڕێکی دەخات.سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەم هەڵسوکەوتەی بۆ خۆی ڕەوا دەبینێت بۆ ژنەکەی هیچ بەڕەوا نابینێت .

لەبەر ئەوەش دەڵێم، مخابن بۆ کچانی کوردی ئەوروپا کە بە نەوەی نوێ ناودەبرێن،لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوڕوپا ڕووبەڕوی ڕەوشێکی وەها خراپ و نامرۆڤانە دەبنەوە.ژنان بەم شێوەیە ناتوانن خزمەت بە کۆمەڵگەکانیان بکەن،باشترین ژن بۆ کۆمەڵگای کورد، ئەو ژنەیە کە خاوەن ئیرادەیەو سەربڵندە،هۆکاری ئەم ڕەوشە خراپەی ژن تێیکەوتووە لە تێنەگەیشتن و کاریگەر بوون بە کۆنەپەرستی هاتۆتە ئاراوە .

کاتێکیش کچ دەچێتە بەر خوێندن بە تایبەتی لە زانکۆ و دەزگاکانی خوێندنی بڵند،لە ناو پرۆسەی خوێندندا دەربارەی چۆنیەتی ژیان و کۆمەڵناسی وپێکەوە ژیان دانوستاندن چڕ دەبێتەوەو دەبێتە خاوەن ئایدیاو تێگەیشتن، ئەوساش پێویست دەکات بۆ ئازادی و یەکسانی ڕەگەزەکەی تێبکۆشێت و،بەربەست و کۆسپەکان ڕەتبکاتەوە .

بەڵام کچانی کورد لە ئەوڕوپا کاتێک دەچنە زانکۆ،لە کۆمەڵگاکەیان دادەبڕێن ولە بەها نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دووردەکەونەوە، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئازادیان نەبینیوە،بۆیە پەیوەندی لەگەڵ پیاوی کورد ڕەتدەکاتەوە، پیاوانی کوردی کۆنەپەرستیش لە بەر ئەوەی لەوانەیە ئەم کچانە پەیوەندی سێکسیان هەبێت نزیکی ئەم کچانە نابن.

دواتر ئەم کچانە لەگەڵ پیاوێکی بیانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەدەن و دوای ماوەیەکی دوورودرێژ بەتەنیا دەمێننەوەو دواتریش دەکەونە ناو قەیرانێکی دەروونی پڕ لە ئازار و ناخۆش و لە ڕابردووی خۆیان پەشیمان دەبنەوە دەیانەوێت بۆ ناو کۆمەڵگاکەی خۆیان بگەڕێنەوە بەڵام کاتێکیش دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە خۆیان بە تاوانبار دەبینن و لە هەمانکاتدا لە ناو کۆمەڵگاشدا بە چاوێکی سووک سەیر دەکرێن.

# ئامۆزا ئێوەش دڵی ئێمەتان شکاند



مستەفا شەفیق- ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

لەژمارەیەکی پێشتری هەفتەنامەی رووداو دا هاتبوو کە لەسەردانەکەی جێگری سەرۆکی حکوومەت بۆ وڵاتی کرواتیا، کرواتییەکان خۆیان بەکورد داناوە . وەکو ناو کورد، کروات لێکنزیکن، بەڵام نازانم چۆن ئەم پەیوەندییە لێکدراوەتەوە؟ چۆن ئێمەی کورد و برا کرواتەکان دەبین بەیەک؟ بنەما مێژووییەکانی ئەم پەیوەندییە چییە نازانم.

دیاربووگوتەبێژی حکوومەتی کوردستان ئەم بابەتەی بە حەماسەتەوە بۆ راگەیاندن گواستەوە . لێرەدا زۆر ناکەوینە ناو ئەم بابەتە،ئەوکاتیش وتم ئێمە هیچ خێرمان لە برایەتی موسوڵمانە تورک و عەرەب و فارسەکان نەبینی هیوادارم برایەتی کرواتە کریستیانەکان خێری هەبێت . لەیارییەکەی تورکیا- کرواتیا ئەم نزیکبوونەی کوردو کرواتەکان منی خستە ژێر کاریگەری خۆی، دەمارەکانی نەتەوەپەرستیم زۆر گرژ ببوون، هەموو هەستەکانم لەگەڵ ئەوەبوون کە کرواتیەکان سەرکەون.

زۆرجار بەخۆدا دەچوومەوەو دەمگوت دەمارگرژی شتێکی باش نییە، بەڵام نەمدەتوانی ئەم هەستەم کۆنترۆڵ بکەم و هەرکە تۆپی تورکان لەگۆڵی کرواتەکان نزیک دەبووەوە لەجێی خۆم ئارامم نەدەما . وامدەزانی هەرمن ئەوەندە لایەنگیریم، بەڵام ئەو رۆژ کە سەیری رۆژنامەکانی تورکیام کرد، زۆربەی نووسەرەکانیان لەگەڵ یەکەم گۆڵی کرواتەکان کە لەخولەکی 119 دا تۆمار کرا تووشی وەستانی دڵ ببوون. تەنانەت نووسەرە دیموکراتخوازەکانیشیان نەیانتوانیبووهەستەنەتەوەپەرستییەکەیان بشارنەوە . ئەوکات زانیم ئەمە هەستێکی زۆر کاریگەرەو زۆرجاریش لەسەرەوەی بیروبۆچوونی ئایدیۆلۆژیاوە کار دەکات.

ئەوەی راستی بێت هەر تیمێکی فۆتبۆڵ لەبەرامبەر تورکیا یاری بکات من لایەنگری بەرامبەرەکەی دەکەم. چونکە بەدەر لەهەموو شتێک ئەگەر تورک سەرکەون ئێمە خەویشمان نامێنێت و دوو مانگیتر ئۆتۆمبیلەکەیان زیرەزیری هۆڕنیان دەبێت و ئارامی بۆ کەس ناهێڵن. بەڵام لەیاری کرواتیا- تورکیا من بەتایبەتی لەلایەک لەبەر ئەوەو، لەلایەکیتر لەبەر ئەوەی کرواتەکان خۆیان بەئامۆزای ئێمە دەزانن لایەنگرێکی تایبەتی کرواتەکان بووم و پێمخۆشبوو ئامۆزاکانم سەرکەون.

زۆر بە گەرمی سەیری یارییەکەم کرد، وەکو حەسرەتێکی قووڵ لەناخمدا چاوەڕوانی سەرکەوتنی کرواتەکان بووم. تەنانەت کە لە دواخولەکدا یەکەم گۆڵ لەلایەن کرواتەکانەوە تۆمارکرا بەراستی وامزانی سەرکەوتنیان مسۆگەرە چونکە تەنیا یەک خولەک مابوو بۆ کۆتایی یارییەکە .بەڵام ئەم خولەکە زۆر ناحەز بوو، رێڕەوی یارییەکەی گۆڕی، ئامۆزاکانیشمان هەروەکو ئێمە ناهۆشیارو بێتەدبیر بوون وایانزانی لەمشتێک ئاودا بوونەتە مەلەوان و هیچ حیسابیان بۆ تورکان نەکرد. دوای یەک خولەک گۆڵی کۆتایی لەلایەن تورکەکانەوە تۆمار کرا، لەپەناڵتیەکانیش هەر بەتەواوی ئامۆزاکانمان نیشانیاندا کە بەراستی هەرزەکارن و زۆرمان ماوە ببینە ئەهلی کار.

باشە من لەخۆم پرسی ئێمەی کورد ئەوەندە لەشەر و سیاسەتدا هەرزەکارین و سەدان ساڵە دەرەقەتی فرتوفێڵی پیلانەکانی تورکەکان نەهاتین، ئێمە دەڵێین ئێمە بووینەتە قوربانی کەلتووری بۆگەنی شەڕ و حەز لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەی ئامۆزاگیان ئێوە چی؟ خۆ ئێوە لەجەرگەی ئەوروپادان و کەلتوورێکی جیاوازتان وەرگرتووە، بۆچی تەنیا یەک خولەکیش ئاگادار نەبوون چارەنووسی خۆتان دۆڕاند. ئێمە گوتمان ئێمە نەمانتوانی لوتبەرزییەکەی تورکەکان بشکێنین، گوتمان بەڵکو ئێوە لە فۆتبۆڵ لوتیان بشکێنن، بەڵام بەداخەوە گۆچانە موعجیزە هێنەرەکەی موساتان دا بەدەست فاتیح تیریمی راهێنەری تورکیا کە هەرکەس بڕوا بکات فۆتبۆڵی تورکیا موعجیزەیان هەیە. ئامۆزاکان بەراستی دڵمان بەئێوە زۆرخۆش بوو، وەڵێ دڵی ئێمەتان شکاند.

من گومانم هەبوو کە ئێوە هەربۆ سیاسەت بوونەتە ئامۆزای ئێمە، بەڵام ئێستا بروامکرد کە ئێوەش ئامۆزای ئێمەن چونکە ئێمەی کورد چەند دڵساف و خۆشباوەڕین و بەئاسانی دەخەڵەتین ئێوەش سەلماندتان کە لە ئێمە نزیکن هەر وەکو ئێمەش لە شکست راهاتوون تا فێری سەرکەوتن ببن هێشتان زۆرتان ماوە.



## دایکی بیناو چیا

**رووداو- هەولێر**

وەزیری کاروباری شەهید وئەنفالکراوەکانی کوردستان ئەگەرچی هێشتا شووشی نەکردووە بەڵام ناوی بۆ منداڵەکانی داناوە.

لە بەرنامەی خۆش وبەتام کە بەرنامەیەکی تازەی تەلەڤزیۆنی زاگرۆسە، هونەرمەند خۆشناف پێشکەشی دەکات چنار سەعد وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان رایگەیاند ئەگەر شوویکرد حەز دەکات کورو کچێکی ببێت ولەئێستاشەوە ناوی لێناون، کچەکە (بینا) وکورەکەش (چیا).



## لە نالی مۆم بەیادی سۆران

**رووداو- سلێمانی**

کاژێر 7 ی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە 28 / 7 / 2008 لەپارکی نالی لە سلێمانی، یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق، بە مۆم داگیرساندن یادی رۆژنامەڤانی جوانەمەرگ سۆران مامە حەمە پەیامنێری گۆڤاری (لڤین) لە کەرکووک دەکاتەوە. سۆران شەوی 2008/7/21 لە شاری کەرکووک تێرۆرکرا.

ستافی (رووداو) وێڕای شەرمەزارکرنی ئەم کردەوە تێرۆریستییە، هاوخەمی گەرمی خۆشی لەگەڵ بنەماڵەی سۆران وهاوکارانی گۆڤاری (لڤین) دەردەبڕێت.

## کیژان پرۆفیسۆرێکی ئوسترییایی دەگرییێنێ

**رووداو-سلێمانی**

گۆرانیبێژ کیژان ئیبراهیم خەیات ئەندامی تیپی میوزیکی تەوار لەدیدارێکدا لەگەڵ (رووداو) باس لەوە دەکات لە فیستیڤاڵ میوزیکی ئوستریا مەقامێکی گوتووە و بووەتە هۆی ئەوەی پرۆفیسۆرێکی ئوسترییایی (نەمسایی) کە ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندن بووە ئاو لەچاوی بێتە خوارەوەو وتوویەتی هەستێکی سەیر دایگرتم.

**دەقی دیدارەکە لە ژمارەی داهاتوودا بخوێنەوە**




# Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@yahoo.com

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات


# تەلەڤزیۆنە کوردییەکان قۆپییە لەیەک دەکەن و بەس بۆ منداڵان باشن



**رووداو- هەولێر**

رۆژنامەڤانی کورد کوردۆ باکسی رەخنەی زۆری لە رەوشی رۆژنامەگەریی کوردستان هەیە و دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان بە ناپیشەیی ونا پرۆڤیشناڵ ناو دەبات بەتایبەتیش کەناڵە ئاسمانییەکان.

کوردۆ کە رۆژنامەڤانێکی ناسراوی کوردە لەسوێد ولە رۆژنامەکانی ئەو وڵاتە دەنووسێت دەڵێ یەکێک لە کەموکورتییەکانی ئەمڕۆی رۆژنامەگەریی کوردی لەباشووری کوردستان نەبوونی رۆژنامەگەرییەکی "لێکۆلینی" وبەدواداچوونە کە ئەمڕۆ لەدنیادا زۆر باوە. لە دیدارێکدا لەگەڵ (رووداو) کە دەقەکەی لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە باکسی ئاماژەی بەوەدا کە کەناڵە کوردییەکان هەموویان قوپییە لەیەک دەکەن و لاسایی یەکتر دەکەنەوەو کەسییان کارێکی جیاواز ناکات" 10-12 کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردی هەن و هەموویان قوپیە لەیەک دەکەن و کەسیان کارێکی جیاواز ناکات ئەوەش کەماسییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمە. هەموویان یەک جۆرە موزیک دەخەنە سەر بۆنموونە ناسر رەزازییە و چۆپیە و نازانم کێ و کێی ترە، بەڕاستی تەلەڤزیۆن تەنها بە مۆزیک وهەڵپەرکێ بەڕێوە ناچێت، راستیت دەوێ کەناڵە کوردییەکان بەس بۆ منداڵان باشن یانی کاژێر پێنج ونیو و شەشی ئێوارە باشن دەنا هیچ باش نین".

## ئیدی مەلام دەوێ باسی کورد بکا

**رووداو- موسڵ**

فەرماندەی فەوجی سێ لە سوپای عێراق رایگەیاند کە لەمەودوا هەر مەلایەکی عەرەب لە موسڵ هێرش بکاتە سەر کورد دەستگیردەکرێ.

ئەحمەد کۆیی فەرماندەی فەوجی سێ لە سوپای عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند کە بڕیاریان بۆ هاتووە ئەو مەلایانە دەستگیربکەن کە لە موسڵ لە خوتبەکانیان قسە بەکورد دەڵێن "من بۆ خۆم چەندین جار لەبڵندگۆی مزگەوتەکانی شاری موسڵ گوێم لێبووە خوێنی پێشمەرگەیان حەڵاڵ کردووەو دەڵێن کورد کافرن، بەڵام ئێستا بڕیار هاتووە هەر مەلایەک خوتبە لەدژی کورد یان هێزی پێشمەرگە بدات دەستگیر بکرێت".

لە ماوەی رابردوودا چەندینجار لەوتارەکانی نوێژی هەینی مەلاعەرەبەکانی موسڵ هێرشیان کردووەتە سەر کوردو هێزی پێشمەرگەیان بە کافرو بێدین ناوبردووەو تەنانەت هەندێک لە مەلاکان خوێنی کوردیشیان حەڵاڵ کردووە.

**لەو بارەوە راپۆرتێک لە لاپەڕە (3) بخوێنەوە**

## پاشەڕۆ بۆ تانجەرۆ

**نەوزاد مەحموود**

**رووداو – سلێمانی**

لەماوەی بیست وچوارکاژێردا، هەزار تەن پاشەڕۆ وزبڵ لەسلێمانی دەچێتەدەرەوەولەتانجەرۆ وەژێر خاکەوە دەکرێت. بەرپرسی بەشی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی سلێمانی ئەوەی بەرووداو راگەیاند، کە لەهەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریەکدان بۆ لەناو بردنی زبڵی سلێمانی، بەشێوەیەک کەزیانی بۆ ژینگەکە نەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ چەند کۆمپانییایەک قسەیان کردووە.

ڕزگارفەرمان، لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی سلێمانی ووتی "ئەو شێوازەی ئێستا زبڵی پێ لەناو دەبرێت، شێوازێکی سەرەتاییە، بەڵام لەئایندە و لەڕێگەی ئامێری پێشکەوتووی ترەوە چارەسەرێک بۆزبڵیش دەدۆزینەوەو ئێستا پرۆژەمان بۆ ئەومەبەستەناردووەتە ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانی".

## شارە حەیاتەکە دارەمەیتی گەرەکە

**رووداو–سلێمانی**

هاووڵاتیانی دەرەوەی سلێمانی بۆ گەیاندنەوەو بردنەوەی مردووەکانیان لەنەخۆشخانەکانی ناوشار بۆ قەزاو ناحیەکان، چەندین مزگەوت بەدوای دارەمەیتدا دەگەڕێن و بەئاستەم دارەمەیتیان دەست دەکەوێت. لێپرسراوی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئاینیش دابین کردنی تابوت و دارەمەیت بەکاری وەزارەتی ئەوقاف نازانێت "خۆی لەهەموو مزگەوتێکی ناوشاردا دارەمەیتێک هەیە، دەستکەوتنی مەگەر بۆ ئەوانە زەحمەت بێت، کەمردوو بۆدەرەوەی شار دەبەنەوە". ووتیشی "خەڵکی خێرخواز خۆیان دارەمەیت و تابووت بۆ مزگەوتی گەڕەکەکانیان دابین دەکەن، نەک وەزارەتی ئەوقاف ئەوشتانە بکات، چونکە ئەوە کاری وەزارەت نییە".

## ل زاخۆ دەغەل قەدەخەیە

**بەرەڤان ئەحمەد**

**رووداو- زاخۆ**

کورتە فیلمێ دەغەل ل دەڤەرا بەهدینان هاتیە وێنەکرن، بریار ئەو بوو بەشداریێ د فیستەڤالا سلێمانی ژ بو فلمین کوردی دا بکەت، بەلی بەری بهێتە رەوانەکرن ب رۆژەکی هاتە راوەستاندن ژلایی هندەک بەرپرسین زاخوڤە.

لدور ناڤەروکا فیلمێ راڤو شریف دەرهێنەری فلمی د داخویانیەکا تایبەت دا ژبۆ (رووداو) گوت " ئەڤ فلمە باسی ئێش و ژانێن ملەتەکی دکەتن دچەرخی 21 دا نەشێت خوە دگەل تەکنولوژیایی ب گونجینت و ئەڤ فلمە رەخنەیەکی بی وێنەیە ل دەڤەرا بەهدینان ".



راڤو شریفێ دیار کر وان دەستویری ژ جهین بەر پرس وەرگرتیە و دبێژت "مە فەرمانگەها رەوشەنبیری و هونەری ئاگەهدارکریە و هاریکاریا مە ژی کریە هەروەسا هەریمدارێ یا زاخو و رێڤەبەریا پولیسان.""

لدور ئەگەرێ راوەستاندانا ڤی فلمی راڤوی گوت "چونکی رەخنەیە ژ بو دەستهەلاتێ و دشێت دەستی خوە دانیت سەر بریێن خەلکێ"."

راڤو ئامادە نەبو ناڤێ وان بەرپرسان ئاشکرابکەتن یێن بوینە رێگەر ل هەمبەری رەوانەکرنا فلمێ دەغەل ژ بو فیستەڤالا فلمان ل سلێمانی.

ل داوی یا داخویانیا خوەداژ بو (رووداو) گوت "نزیکی 3 مەهان مە د ڤێ فلمێ داکارکریە و مە پارە ژ بەریکا خوە مەزاختینە بەلی کەسێ بەحسێ قەرەبووکرنی نەکریە".

## لە سلێمانی بۆت دەرناچێ

**رووداو- سلێمانی**

گوروون ماوەی سێ ساڵە بەکاری یانسیب فرۆشتنەوە سەرقاڵە و ئێستا نیگەرانە لەوەی کەبازاڕی یانسیب لەو شارەدا بەتەواوی کز بووە. کرێکارێکیش کەئامادەنییە ناوی خۆی بدات، ئیفلاس بوونی خۆی رادەگەیەنێت و پێی وایە یانسیب و تلیاک هیچ جیاوازییەکیان نیە.

گورون ووتی "رۆژانە پەنجا یانسیب نافرۆشم، لەکاتێکدا دووساڵ لەمەوبەر رۆژانە دووسەد یانسیبیشم دەفرۆشت". ئەو ووتیشی "ئەو یانسیبانە ئەگەر بۆت دەربچێت، هەتا سێ ملیۆن دیناریشی تێدایەو تائێستا لای من چەندین کەس یانسیبی باشیان بۆ دەرچووە، بەڵام خەڵک بەردەوام لەکڕینی دوور دەکەوێتەوەو کاسبی نییە".

یەکێک لەو گەنجانەی شار کەقووتی رۆژانەی بەکرێکارییەوە بەندە، ئاماژە بەوەدەکات کە وەک تلیاک خووی بە یانسیب گرتووە، بەڵام تا ئێستا بۆی دەرنەچووە " خۆزگە جارێکیش بۆم دەربچووایە، بەڵام تائێستا دەرچوونم نەدیوە". هەندێک لەیانسیب فرۆشان و هاووڵاتیانی کۆڵانی سینەما سیروان باس لەکزداهاتنی فرۆشی یانسیب دەکەن و هۆکارەکەشی بۆ کەمبوونەوەی کارو کاسبی دەگێڕنەوە.



## دوومانگ جارێکەو وەعەرزیش ناکەوێ

**رووداو–سلێمانی**

رۆژانە دەیان هاووڵاتی شاری سلێمانی داوای ژمارە تەلەفۆنی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینان دەکەن ولێپرسراوی بەشی 102ش لەبەدالەی سلێمانی داوالەوبەڕێوەبەرایەتییە دەکات کەژمارە تەلەفۆنی هەمو بنکەکانی خۆیان بدەنە بەدالە بۆئەوەی داخوازی هاوڵاتیان بەجێبگەیەنن.

عەلی ئەحمەد محەممەد لێپرسراوی بەشی 102لەبەدالەی سلێمانی وتی، زیاتر لەهەموو دەزگاو بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت، داوای ژمارەی خانەنشینانمان لێدەکرێت و هاووڵاتیان زۆریان پێویستە. ووتیشی " دوای ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش، کارەباو ئاو زۆرترین داواکارییان لەسەرە خانەنشینان لەکاتێکدا ناکەونە عەرز، کەچی موچەخۆرانی ئەو ". بەڕێوەبەرایەتیە کەمترین مووچەیان هەیەو دوومانگ جارێکیش مووچەیان پێدەدرێت.


# ئاگاداری...

## لەکۆمپانیای (بەڕێز) ەوە بۆ هاووڵاتیانی شاری هەڵەبجەی خۆشەویست



داواکارین لەسەرجەم ئەو هاووڵاتیانەی کە فۆرمی بەشداریکردنی پرۆژەی شاری (گۆران) یان وەرگرتووە لەبەرواری (2-8-2008) تا بەرواری (5-8-2008) سەردانی کەمپی پرۆژەکە بکەن لە شەقامی سەرەکی عەبابەیلێ بەمەبەستی وەرگرتنی فۆرمی دووەم کە تایبەتە بە نەخشەو وردەکارییەکانی خانووەکان بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە :

07704770399
07504560223
07480230923



ئیمەیل :

bareaz2005@yahoo.com